

# سەرینەکەم

## جانتای بیرەوەرییەکانمە

ڕۆمان

چاپی یەکەم

دیاری عەبدولحەمید

سەرینەکەم جانتای بیرەوەرییەکانمە

نوسینی |دیاری عەبدولحەمید

بابەت |ڕۆمان

مافی بڵاوکردنەوەو چاپکردنی بەشێوەی کاغەز پارێزراوە
بۆ نووسەر لەهەر شوێنێک بێت .

Diyari2010@gmail.com

1

## لەبیرچونەوەی یادەوەرییەکانم

ئەمڕۆ بۆ یەکەمجار هەستم کرد ، دڵم وەک و جاران لێنادات . بۆ یەکەمجار بڕوام کرد ، خەیاڵدانم نەخۆشەو ، توشی پەتای ، بەناو "زەهایمەر" بووە . ئەمڕۆ بە خۆم زانی ، هیچ شتێکم ، دەربارەی خۆم و ڕابردووم ، خۆم و خوشکە چاو پشیلەکانم ، خۆم و یادەوەرییەکانم ، خۆم و ئازارەکانم ، خۆم و خێرو شەڕەکانم ، لەیادنەماوە . دوای ئەوەی زیاد لە پزیشکێک پێیوتین ، ئەمە دەردی (زەهایمەر) ە و ، یادەوەری تووشی "تاعون" ئەکات . بەڵام سەرجەمی ئەو

دکتۆرانە ، لە تەمەنەکەم گومانیان هەیە . ئەوان هەرگیز بڕوا بەوەناکەن ، کەسێک بیست و پێنج "بەهار" تەمەنی بێت و تووشی ئەوحاڵەتە بێت . ئەوان هەرگیز بڕوا بەو جۆرە لەنەخۆشی ناکەن ، بۆ کەسێک کە تەمەنی بیست و پێنج ساڵەو هەموو دەزگاو ئەندامەکانی جەستەی ، چوست و چالاک و هاروهاجن ، بۆ بەربەرەکانی ئەوجۆرە لە نەخۆشی . سەرجەمی ئەوپزیشکانە ، ئەوە دوپات ئەکەنەوە ، ئەمە حاڵەتێکی تاقانەیەو هەتا ئێستا لەزانستی (مێشک و دەمار) هیچ حاڵەتێک لەو جۆرەو لەو تەمەنەدا تۆمار نەکراوە . پزیشکەکان ئەوانەی تەمەن و خیبرەیان هەیە ، زۆرجار بەڕووخساری هەزەلی و گاڵتە ئامێزیانەوە ، بۆ جۆنڕاڵ و بڵاوکراوەکان ، وێنەم لەگەڵ ئەگرن و هەندێجار نوکتەم لە سەر ڕیزئەکەن و ، منیش ، لەوپەڕی دڵشکاویدا تەماشای کامێراکە ئەکەم "پزیشکەکان" هەمووکاتێ ئەو پرسیارانەم لێئەکەن ، کەپەیوەندی بە ژیانی ڕابردوومەوە هەیەو تەنانەت باسی زەبریش ئەکەن . گوایە زەبرێک بەرسەرم کەوتبێت و تووشی ئەوحاڵەتە بووبم . ئەوان بەردەوام

پرسیار له خۆم و (خوشکه چاوپشیله) کانم ئەکەن . دەربارەی کەوتن و ئازار گەیاندن ، بە ناوچەی سەر . من (زەمەن) هیچ شتێکم لەیادنیە ، هەتا بۆیان شی بکەمەوە ، بەڵام خوشکە چاو پشیلەکانم ، هەرسێکیان  ئەوە دوپات ئەکەنەوە ، لەناکاو وام لێهاتووە، دوای ئەوەی ، دوا نیوەڕۆیەک ، کەمێک  بێ تاقەت ئەبم . تەنانەت کاژێنی چاوپشیلە ، کەخوشکە  بچوکەکەمەو  تەمەنی بیست و پێنج ساڵەو دوانەین و پێنج خولەک لەمن گەورەترە . هەرچەندە ئێمە دوانە بووین ، بەڵام  لەدوو هێلکەی جیاوازو  لەیەک سکدا  دروست بوبوین . ئەگەر لەیەک هێلکەی دابەش بوو دروست بوبوینایە، یان هەردووکمان کوڕ ئەبووین ، یان هەردووکمان کچ !. ئەوکاتەش هێلکە دابەش بووەکە ، خاڵی هاوبەشی  زیاتری لەئێمەدا  ئەخوڵقاند. بەهەرحاڵ کاژین بەوەدا بۆی دەرکەوتووە ، دوانیوەڕۆیەک  دڵم بەخراپی تەنگ بووە ،   پاشان بۆ بەیانییەکەی "سێ جار" مۆڕەم لێکردووەو ، دواتر  پێموتووە : تۆ  کێیت ؟. پزیشکەکان بەردەوام ، پشکنینم بۆ ئەکەن ،  بەڵام هیچ ئاسەوارێک بەدی

ناکەن سەبارەت بەزەبر . ئەمە لەکاتێکدایە ، لەتیشکی ڕەنینی موگناتیزییەکەشدا ، ئەوە دەرکەوتووە ، هیچ عەیبێک لەمێشکی مندا نیەو تەنانەت مێشکم چەند نمرەیەک ، لەمێشکی ئاسایی هەورازترە . نازانم بۆچی واملێهاتووە ، بەردەوام خوشکە چاوپشیلەکانم لە دەورمن و تەنانەت، کاژینی چاوپشیلە بۆ ساتێک چیە جێمناهێڵێ . کاژین بەردەوام قسەم بۆئەکات و گەرمی لەشم ئەپێوێت و دەربارەی "مێشک و دەمار" کتێبی گەورەو بیانی ئەخوێنێتەوە . هەرچەندە کاژینی خوشکم پزیشکی مێشک و دەمارە لە خەستەخانەو ، یەکێکیشە لەتازە دەرچووەکانی کۆلیژ . بەڵام ئەو هەرگیز بڕوای بەوە نەبووەو نیە ، ئەوەی خوێندویەتی کیفایەتە ، بۆیە ئەیبینم ، دەربارەی گرفتەکانی من ، دەربارەی مێشک و دەمار ، دەربارەی "شوێنکات و گۆڕانی ڕەها" بەردەوام سێرچ ئەکات و سەرچاوەی جیاواز ئەخوێنێتەوە . ئەو بڕوای وایە ، هەمووشتێک ڕەوتێکی ڕێژەیی هەیە ، بەڵام گۆڕانی لەناکاو ڕەهایە . کاژینی چاوپشیلە ، بۆچرکەیەکیش چیە ، لێم دوورناکەوێتەوە ،

تەنانەت چەرپاکەی خۆی هێناوە  بۆ ژوورەکەی من و ، ژوورەکەی خۆی بەخراپی  ئیهمال کردووە . ئەو دەوام و کارەکەی خۆی کردووە  بەمۆڵەت و حەزئەکات بەردەوام لەگەڵ منبێ . هەرچەندە بەگوێرەی بەسەرهات و گێڕانەوەکانی "خوشکەکانمەوە" چەند خەیاڵێکی کەم دەربارەی ، خۆم و خوشکە چاوپشیلەکانم ئەزانم، بەڵام گومانم هەیە ، بیست و پێنج ساڵ تەمەنم هەبێ و ، ژیانی ڕابردووم لەگەڵ خوشکە چاوپشیلەکانم گوزەراندبێ . من گومانم هەیە لەو ڕابردووەی ، خوشکەکانم بۆمئەگێڕنەوە ، ئەوان باسی ڕابردووی من ئەکەن ، گوایە "لەڕابردودا" ئەندازیاری کۆمپیوتەر بووم و لەبواری دەرونیشدا دەیان لێکۆڵینەو بابەتی ڕۆژانەم لەگەڵ "عەباسی میتافیزک"شرۆڤە و خوێندۆتەوە . تەنانەت کاژینی چاوپشیلە ئەڵێت ، تۆ بەجۆرێک بیرتئەکردەوە ، هەرگیز ڕێگایەکت نەبوو ، بگاتە بێ شوێنی !. هەندێجار کەبیرتئەکردەوە ، ڕازو نیازی ، دڵ و مێشکەکانت ئەزانی ، بەکورتی تۆئەوەت ئەزانی ، هیچ کەس نەبوو بیزانێ ، لەبەرئەوەی ، ئەتزانی کەچی لەدڵ

و عەقڵی مرۆڤدایە . کاژینی خوشکم هەندێجار مەبەستی ترم بۆ دروست ئەکات ، ئەمە لە کاتێکدایە ، پێشتر نەمبووە . بەردەوام لە ژوورەکەمەو هەمیشە ، باسی ڕابردووم ئەکات و بێجگە لەوەی قسە ئەکات ، هەندێجار بەهەردوو دەستی ئەیەوێت زیاتر سەرنجم بۆلای خۆی ڕابکێشێ . ئەو بەردەوام ڕابردووی من ئەخوێنێتەوەو تەنانەت ، باسی قۆناغی سەرەتایی ژیانم و ، پاشان ناوەندی و ، دواتر ئامادەیی و ، لەدواجاردا هەڵبژاردنی کۆلیجەکان ئەکات . ئەوانەی ئەوباسی دەکات ، لەڕاستی دا تووشی سەرئێشەیەکی زۆرو تایەکی بەهێزم دەکات . لەبەرئەوەی، ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی ، کاژینی خوشکم بۆمئەگێڕێتەوە ، هیچی لە خەیاڵی مندا نین و خەیاڵدانم بەهیچ شێوەیەک ، بڕوا بەو باسانە ناکات ، کەخوشکە بچوکە هاوتەمەنەکەم، بە تامەزرۆیەکی زۆرەوە ، بەبڕوایەکی پتەوەوە ، بۆمئەگێڕێتەوە . هەندێجار فرمێسک بەچاوەکانمدا دێنەخوارێ . کاژین ، بێجگە لەوەی فرمێسکەکانم ئەسڕێ ، بەگەرمی پێو ، تاوناتاوێک ، پلەی گەرمی لەشم ئەپێوێ و

پاشان ، بۆچرکەیەک چیە، ماندوونابێت ، لەدوبارە گێڕانەوەی یادەوەرییەکان . ئەو ئەلبومی وێنەکان ئەهێنێت و ، یەکە یەکە ، وێنەکانم نیشان ئەدات و ، هەندێجار نووسراوی پشتی وێنەکانم بۆ ئەخوێنێتەوە ، لەوێنەیەکدا "گوایە" پێنج ساڵ لەمەوپێش چرکێنراوە "من و خۆی" بەدی ئەکەم ، کاژینی خوشکم ئەو وێنەیەی زۆر لامەبەستەو ، هەمیشە نوسینی پشتەکەیم بۆ ئەخوێنێتەوە . لەو وێنەیەدا "من و ئەو" دەرئەکەوین و ، چاوپشیلەکەی خوشکم کاتێ باسی ئەو ڕۆژو ساتەی بۆکردم ، کەوێنەکەی تیا گیراوە ، بەمجۆرە نووسینی پشتی وێنەکەی بۆ خوێندمەوە ((دونیا پڕبووە لەکوڕ ، بەڵام ئەمڕۆ لەگەڵ براکەم کەکوڕ نیەو پیاوە ، وێنەیەکم گرتووە)) . لەڕاستی دا ، ئەو ئەیویست، بیست و پێنج ساڵ تەمەنی ڕابردوم ، لەڕێگای ئەلبووم و یادەوەرییەکان ، بۆمنی بێ خەیاڵدان بگێڕێتەوە . ئەو ئەیویست هەرچۆنێک بووە ، لەوەئاگادارم بکاتەوە ، کەبیست و پێنج ساڵ ، "ڕێک بیست و پێنج ساڵ" تەمەنمەو ، ئەو تەمەنەشم ، لێوانلێوە لە یاد و ساتی یەک لە دوای یەکی

دروست بوونی ئەم زەمەنە !. کاژینی خوشکم ، هەندێجار بەناوی خۆم و ، زۆرجار بەبراکەم بانگی ئەکردم و ، بەردەوام لەژوورەکەی من بوو ، هەرچی "کۆیار و کۆچەرە" ی خوشکیشم بوون ، وەک کاژین ، گرنگیان پێئەدام ، بەڵام ئەوان لەژوورەکەمدا نەئەمانەوە ، کۆچەرە چاوپشیلەی خوشکم ، خوشکە گەورەم بوو ، بە گوێرەی گێڕانەوەکان بێت ، ئەو تەمەنی چلو یەک ساڵە ، کۆیاری چاو پشیلەش ، خوشکە ناوەنجییەکەم ، تەمەنی سی و سێ ساڵە . من هەرچەندە فرم بەدونیاوە نەماوە . بەڵام هەمیشە ئەو قسانە ئەبیستم کە تایبەتن بە ژیانی ڕابردوو و تەمەنی من. بەگوێرەی قسەکانی کاژین بێت ، دایک و باوکمان دەمێکە مردوون و ، کۆچەرە ، خوشکە گەورەکەمان ، هەرسێکمانی بەخێوو پەرروەردە کردووە . بەگوێرەی قسەکانی کاژین بێت ، "کۆچەرە" کەسێک نیە لەئێمە ، بەومانایەی ژیانی پڕە لەو کارەساتانەی کە وتەنی نین و هیچ کەسێک بڕواناکات بەو ڕووداوانەی کاتێ بەدەقیقی ئەیبیستێت و بۆی ئەگێڕنەوە . ژیانی کۆچەرە ، لێڵ و هەندێجار تاریکە. ئەو

ئێستا ، بەیانیان وانەی "یۆگا" بەو کورو کچانە ئەڵێتەوە لەمەڵبەندی "کوڕو کچە ، پەشیمانەکان" عەسران و هەتا شەوێکی درەنگیش ، بەدیار منەوە دائەنیشیَ و ژیانی بیست و پێنج ساڵەی ڕابردووم ، بۆ ئەگێڕێتەوەو هەندێجار دادوەری ئەکات بەسەر کات و ساتە ڕۆشتووەکانی دا . کۆچەرە زۆر بەڕەحمەو ، بڕواشم بەوە هەیە ، هیچ کەسێک توانای ئەوەی نیە ، لە مانای ڕەحم بە باشی تێباگات ، ئەگەربێت و خوشکی گەورە نەبێت !. لەڕاستی دا "کاژین" بەردەوام باسی کۆچەرەم بۆ ئەکات . ئەمە لەکاتێکدایە "کۆچەرە" هەرگیز باسی خۆیم بۆناکات ، دەربارەی "عەقڵ و دڵی" هەرچەندە ، وەک کاژین باسی دەکات ، گوایە من "زەمەن" لەڕابردودا زانیومە عەقڵ و دڵی مرۆڤ چی تیایە ، ئەمە نەک دەربارەی خوشکەکانم ، بەڵکو سەبارەت بەکۆی مرۆڤ ، بۆیە کاژین ، ئەم باسە ، کە تایبەتمەندە بەمن ، دەربارەی پەیبردنم بە "ڕازو نیازی" دڵ و عەقڵەکان و ، لە هەمان کاتدا "ڕەحمە زۆرو بێ شومارەکەم" بە مەسەلەیەکی گرنگ ئەزانێ و ، بڕوای

وایە ، تەنها هۆکار بۆنەخۆشی  لەبیرچوونەوەکەی من ، ئەم باسەیە . ئەو زۆرجار پرسیارم  لەوبارەیەوە لێدەکات . ئەمە لەکاتێکدایە ، هیچ شتێک حاڵی نابم دەربارەی  مەبەستەکەی . هەرچی "کۆیار"ە ، خوشکە ناوەنجییەکەم ، هاوشێوەی کۆچەرە ، بەیانیان وەک مامۆستایەک ، لەفێرگەی "کوڕو کچە نابیستەکان" وانە دەڵێتەوەو ، عەسرانیش هەتا شەوێکی درەنگ ، لە ژوورەکەی من و ، لە گەڵ  هەردوو خوشکەکەی ترم بەسەر ئەبات . سێ خوشکەکەم ، کاژین و کۆچەرەو کۆیار ، خوشکی نمونەین و بڕوام وایە ، بێجگە لەمن ، هیچ کەسێک خوشکی  لەوشێوەیەی نیە ، هەرچەندە ئاگاداری ڕابردوو نیم ، بەڵام بەگوێرەی گێڕانەوە بەردەوامەکانی "کاژین" بێت. ئەو خوشکانەی من ، هەریێکێکیان ، بەتەنها نیعمەتێکن ، یان بەرەکەتێکی خواین و هیچ  کەسێک لەمشێوە بەرەکەتەی ، لەتەواوی سەر زەمیندا بەرنەکەوتووە . بەگوێرەی گێڕانەوەکانی کاژین بێت ، کۆچەرە ، گیراوەیەکە ، لەوەفاو هەست و بەرپرسیاری ، هەرچی "کۆیار" یشە ، کۆپییەکی  کۆچەرەیەو ، کاژینیش لەنێوانی هەردووکیاندا ،

کێویکی گەورەیە بۆ من . لەڕاستی دا   کاتێ گوێبیستی ڕابردووم ئەبم ، خەریکە "ورچێکم" ئەبێت . هەندێجار هەست ئەکەم ، دڵم ئاوساوەو  لە حەسرەتدا  بۆ سوچێک ئەگەڕێم "بۆ بیرکردنەوە" . هەموو خوشکەکانم بۆیادەوەری لەدەستچوی من ، هەوڵێکی بێ پایان ئەدەن ، هەتا هەرچۆنێک بووە ، یادەوەریم باش بێت و خەیاڵدانم بگەڕێتەوە دۆخەکەی جاران و ڕابردووی . هەموو خوشکەکانم  بەردەوام  لەهەوڵدان ، دەربارەی زانین و جۆری نەخۆشییەکەم ، کاژین هەمیشە  سێرچ ئەکات و  ئەو کتێبە گەورانە ئەخوێنێتەوە کەتایبەتە بە "مێشک و دەمار" هەرچی کۆچەرەو  کۆیاریشە ، لەهەوڵداندان سەبارەت بەمن و هەندێجار "کۆچەرە"  حیکمەتە  تایبەتەکانی خۆی بەکاردێنێ ، سەبارەت بەیادەوەری و  مێشک و دەمارەکانم . لەژوورەکەمدا بەهیچ شێوەیەک هەست بەتەنهایی ناکەم و ، تەنانەت کاژین چەرپاکەی خۆی هێناوەتە ژوورەکەی من و  جوتی کردووە  بە چەرپاکەی منەوە . زۆرجار لەگەڵ مندا ، لەسەر چەرپاکەم  ڕائەکشێ و بەدەنگە تایبەتە

نازکەکەی ئەڵێ : سەرینەکەی تۆ لەسەرینەکەی من نەرمترو بۆنخۆشترە . ئەمە لە کاتێکدایە ئەو سەرینەی "ئەو" پێشتر سەرینی من بووە !؟. منیش کەهیچ شتێک دەربارەی ، ژیانی دوورو درێژی خۆم نازانم. لەوەڵامدا دەڵێم (سەرینەکەم جانتای بیرەوەرییەکانمە). لەڕاستی دا شەوان ، زۆربەی ئەو ڕووداو بەسەرهاتانەی کە کاژین دەربارەی ڕابردووی من دەیگێڕێتەوە ، سەری لەسەر سەرینەکەی منەو هەست ئەکەم هەموو ئەو یادەوەرییانە ، تەواوی ئەو ڕابردوانە، کۆی ئەو گێڕانەوانە ، لەسەرینەکەمدا وەک جانتایەک هەڵئەگیرێن و بۆ داهاتوویەکی دوور ئەمێننەوە !. لەڕاستی دا سەرینەکەی من ، سەرینێکی جیاواز نیە . نازانم چۆنیش بوو ئەو ڕستەیە بەمێشکمدا هات کاتێ بە کاژینم وت " سەرینەکەم جانتای بیرەوەرییەکانمە" . نازانم چ شتێک وای لێکردم ئەو ڕستەیە دەرببڕم ، هەرچەند هەستم ئەکرد "کاژین" بە دەربڕینی ئەو ڕستەیە "دڵ" خۆشەو زیاتر هانی ئەدات ، یادەوەری زۆرتر بگێڕێتەوە . بۆیە لەگەڵ گێڕانەوەی هەر یادەوەرییەکەدا

سەرینەکەم  بە جانتا ئەشوبهێنێ و هەندێجاریش  بە زەردەخەنەیەکەوە  کە دڵنیام  لە ناخی دا گریانێکیش هەیە . سەرینەکەم "بۆن" ئەکات و  بەجانتای خۆی و منی ئەزانێ . ئێستا  ئەوەندەی لەبیرم بێت ، یەک هەفتەیە وام  لێهاتووە . تەواوی ئەو هەفتەیە  بخەیتە سەریەک . کاژین یەک کاتژمێر "لەمن" دوور نەبووە . ئاگادارم  کاتێ  ناچێ بۆدەوام و ئەو ڕۆژەش  هەرلەڕێی تەلەفۆنەوە ، تەواوی  دەوامەکەی  بۆ کاتێکی نادیار کرد  بە"پشوی بێ موچە" . کاژین  هەرچەندە لە تەمەنی مندایە ، بەڵام من هیچ شتێک  دەربارەی نەک "خۆم" بەڵکو  ژیانی ڕابردووی و تەمەنی ئەویش نازانم و کاتێ گوێبیستی یادەوەرییەکانیش ئەبم ، پێیئەڵێم، من چی بڵێم سەبارەت ، بەیادەوەرییەکانی  تۆ . ئەو تێئەگات و ئەڵێ، من تۆم و تۆش منی . هەر بەم ڕستەیە ، دەیانجار سەبارەت بە"من و خۆی" ئەم   وەڵامەی داومەتەوە . دوور نەکەوتنەوەی  کاژین لەژوورەکەی من ، زورجار  هانمئەدات باشتر بیربکەمەوە . بەڵام  هیچ  شتێک  هاوکاریم ناکات بۆئەو جۆرە   لە بیرکردنەوە . هەرچەندە زۆربەی

یادەوەرییەکانم  لەدەمی کاژینەوە ئەبیستم کەچی هیچ خویەک لەمندا ناگۆڕێت ، هێندە  نەبێت ، هەستبکەم "سێ خوشکی" نمونەیم هەیەو ، ئەم بەرەکەتە  ئیلاهییە ، بەهیچ کەسێک نەدراوە  بێجگە لەمن . کاتێ بیرلەوە ئەکەمەوە ، ئەم خوشکە "قەدر گران" و چاوپشیلانەم هەیە. بەخراپی دڵم تەنگ ئەبێت  بۆ ئەو خەیاڵدانەم، کەهیچ شتێک دەربارەی ساڵ و ساتەکانی  ڕابردووی نازانم . هەندێجار  بیر لەدڵ و عەقڵی  خۆم  ئەکەمەوە ، لەبەرئەوەی کاتێ هەست بەدڵخۆشی ئەکەم ، عەقڵم ئەم خۆشییە  بە گاڵتەجاڕی لێکئەداتەوە. هەرکاتێکیش بە عەقڵ  بیرئەکەمەوە ، دڵم بەخراپی  ئەئاوسێ و هەستئەکەم دوو ئاراستەی جیاواز ، لەئەندێشەو خەیاڵدانی  خاپورمدا  دروست ئەبێت . کاژین دوای هەموو گێڕانەوەیەک لە ژیانی ڕابردووی من ، بەشێوەک  سەیرم ئەکات "گوایە لەبیرتە" بەڵام  کاتێ  بێ گومان  ئەبێت  کە لەبیرم نیە . ئەڵێ قەیناکە "من هەموویم لەبیرە" نازانم ئەم خوشکە باش و دڵتەنگانەی من ، بەچ شێوەیەک  قەربوو بکەمەوە . نازانم  لەڕابردوودا ، چۆن

ژیاوم لەگەڵیان ، هیچ شتێک دەربارەی دووهەفتە لەمەوپێش نازانم و بە هیچ شێوەیەک تێناگەم کەسێکی چۆن بووم، لەگەڵ خوشکە باش و دەگمەنەکانم . زۆرجار لەکاتی گێرانەوەی یادەوەرییەکاندا ، هەست ئەکەم گوێگرێکی باشم و ، هەرسێ خوشکەکەم بەتایبەت "کاژین" یادەوەری خۆیان بەش ئەکەن لەگەڵ من و ئەیانەوێت "زەمەن"ە کەی جاران بم و بەیانیان و ئێواران ، لەسەر یەک سفرە نانیان لەگەڵ بخۆم . ئەوان هەرگیز بێ هیوانابن ، هەرچەندە هەفتەیەک تێپەڕیووە بەسەر بیرکۆڵییەکەم دا ، هەرچەندە دەیان دکتۆریان بردم و هیچ نەتیجەیەکیان دەست نەکەوتووە . بەڵام بێ هیوانابن و هەرسێکیان خوا لێیان ڕازی بێت . سات دوای سات ، زیاتر هەوڵئەدەن بۆئەوەی ڕێگەیەک بۆ گێڕانەوەی یادەوەریم بدۆزنەوە . هەرسێ خوشکەکەم، عەقڵ و ئەندێشەی تایبەتیان هەیە دەربارەی خۆم ، بەڵام هەرسێکیان ، یەک دڵیان هەیە دەربارەی "من" . ئەو خوشکە باشانەی من ، هەریەکێکیان ، بەشێوەیەک لەشێوەکان ، یادەوەری خۆی لە

گەڵ من ئەگێڕێتەوە ، هەندێجار حەسوودی ئەبەم بەو زەمەنەی پێشووتر ، لەبەرئەوەی خۆشترین و ناوازەترین ژیانی هەبووە ، هەندێجار حەسوودی بەو زەمەنەی ڕابردوو ئەبەم ، کە هیچ شتێکی لەم زەمەنەی ئێستا ناچێت و ، زۆرجار هەوڵئەدەم ، ئەگەر بۆیەک خولەکیش بووە زەمەنەکەی جاران بم . بەڵام خەیاڵدانم هاوکاریم ناکات و بیرو هۆشم ، تووشی تایەکی دەگمەن و عارەقەیەکی سەرسوڕهێنەرم ئەکات . خوشکەکانم هەریەکێکیان ، بەڕێگای تایبەتی خۆی لەگەڵم ئەدوێ و هەندێجار "کۆچەرە" خوشکە گەورەکەم . حیکەمەتە تایبەت و ناوازەکانی خۆی بەکاردێنێ و پاشان دوای ئەوەی هیچ نەتیجەیەکی دەستگیر نابێ، بەهیواو گڕوتینێکی ترەوە ، حیکمەتێکی تر لە حیکمەتە نایابەکانی بەکاردەهێنێ و بەڕوویەکی خۆشەوە ماچم ئەکات و پاشان بە دونیایەک خەمەوە کە هەستی پێناکەم ، بۆ ژوورەکەی خۆی دەگەڕێتەوە . دونیابینی کۆچەرە ، لە دونیابینی ئێمە ناچێت . ئەو هەموو ڕۆژێک ، لەمەڵبەندەکەی خۆی ، ئەو مەڵبەندەی

بەگوێرەی گێڕانەوەکانی "کاژین" بۆتە جێگای "کوڕو کچە پەشیمانەکان" وانەی تایبەتی یۆگا ، بارگاوی کراو ، بەحیکمەتەکانی خۆی . بەو کوڕو کچانە ئەڵێتەوە ، کە پەشیمانی دایاندەگرێ لە ئاستی پێنەزانین بە "هەستە بێ سەنگ و بێ سنورەکان" هەربۆیە وەک هەست کردنێکی لەپێشینە بە پەشیمانی ، ئەو مەڵبەندەی ناوناوە ، مەڵبەندی کوڕو کچە پەشیمانەکان . کۆچەرە زانیویەتی "دڵ و عەقڵ" ی مرۆڤ چی تیایە . بۆیە وەک پێشبینیەک ، هەستی بەپەشیمانی پێشینە کردووە ، بۆ ئەو کەسانەی کەپێشتر بێ ئاگابوون لەم هونەرە . بۆیە هەرکەسێک دوای مانگێک لە خەڵوەت و مەشق ، بەئاشکرا ئەم هەستەی پێکراوە . هەرچی دەربارەی عەقڵ و دڵی مرۆڤە ، بەگوێرەی گێڕانەوەکانی "کاژین" بێت . من ئەو زانیاریانەم کە وەک سەرەتایەک سەبارەت ، بەعەقڵ و دڵ هەمبووە، هەموویم لەکۆچەرەوە بۆماوەتەوە . بەڵام ئێستا هیچ شتێک ، نەک دەربارەی عەقڵ و دڵ نازانم ، بگرە گیریشم خواردووە بەدەست ئەندێشەو خەیاڵدانی لەدەستچوی خۆمەوە . من

به خراپی گیرمخواردووه ، هەست ئەکەم ئەم نەخۆشییەی من ، سەخیفترین ئافات و دەردە ، هەست ئەکەم ئەم نەخۆشییەی من ، قۆڕترین شوێنی جەستەمی گرتۆتەوە . لەبەرئەوەی بێجگە لەوەی خوشک و دۆست و ئەحباب ناناسمەوە ، هیچ زانیارییەکیشم نیە دەربارەی دووهەفتە لەمەوپێش . هەندێجار شتی خراپ و فکری بێ ساحێب دێتە مێشکە بچوکەکەمەوەو خۆم بە بارو ئەرک ئەزانم بەسەر خوشکەکانمەوە . دوێنێ شتێکی لەم شێوەیەم بۆ "کاژین" درکاند ، بەڵام لەبەرمبەردا ئەو سەد ماچی کردم و لە دوێنێوە هەتا ئێستا، نزیکەی هەزار ماچی تری کردووم . من نازانم ڕەحم و خۆشەویستی ئەم خوشکانەم لەم ماڵەو بەتایبەت لەدڵیاندا، بەچ شێوەیەک جێگای بۆتەوە . خوشکەکانم ، یەک لە یەک بەڕەحمترن و کۆچەرە لەم نێوانەدا گەشتۆتە "لوتکە" . ئازیزان خوشکی گەورە "نیعمەتە" ئەگەر تۆش ویستت ، وەک من لەڕەحم تێبگەیت ، خوشکە گەورەکەت بدوێنە . کۆچەرە ڕەحمەکەی تێکەڵی حیکمەت و هونەرەکەی کردووە ، نەک بۆمن بەڵکو بۆتەواوی

بوونەوەر ئاوایە . ئەو کۆمەڵێک پشیلەی هەیەو منیش هیچ زانیارییەکم دەربارەی ئەو پشیلانەی ئەو نیە !. هیندە نەبێ دوێنێ پشیلەیەک لەپشیلەکانی ئەو ، بەدەستی کاژینەوە بوو . کاژین هێنابووی بۆ ژوورەکەی من و گوایە پێشتر من ئەو پشیلەیەم خۆش ویستووەو دەیانجار ماچم کردووە . کاژین ئەیوت : تۆ کاتێ پشیلەکەت ماچ ئەکرد ئەتووت : لەبەرئەوەی یەک ڕووت هەیە ، گرنگ نیە بەلامەوە ئەگەر حەوت ڕۆحیشت هەبێت . کاژین لە گێڕانەوەی ئەم هەموو یادەوەرییانەی "من" بەئاگایەو ، ڕۆژانە دەیان بابەت و یادەوەری من لەگەڵ خۆی دا ئەگێڕێتەوەو بەجۆرێک هاتۆتە ناوخوێنمەوە هەندێجار هەست ئەکەم دەمێکە ئەیناسم . خوشکەکانم هەریەکێکیان تێکەڵەیەکن لەهەست و سۆز و بەرپرسیاری . هەرکاتێ بزانن خەیاڵێک ئەمباتەوە، بەوردی سەیرم ئەکەن و ، چاوەڕێی ئەوە ئەکەن ، شتێکیان بۆ باسبکەم دەربارەی ڕابردوو . بەڵام تەنها خەیاڵ ئەمباتەوەو هیچ شتێک دەربارەی ڕابردووی خۆم و خوشکەکانم نازانم . کاژین لە هەموویان زیاتر ، یادەوەری

و ژیانی ڕابردووم  بۆ ئەگێڕێتەوە . کاژین ئەو ڕۆژەی ، کاتێ بە تەواوی  تێئەگات و ئەزانێ  حاڵم باش نیە  "لەیەک کاتدا"  بەتایبەت لەوبەیانییەدا . گوایە  بە بێدەنگی و سێ جار لەسەر یەک  مۆرەم لێکردوە . پاشان دوای ئەوەی  ویستومە بڕۆمە دەرێ ، هەستی  بەشتێ کردووەو دواتر ڕێگای لێگرتووم . گوایە  ئەوکاتەی  ڕێگای لێگرتووم ، من پێموتووە : تۆ کێیت ؟. لەڕاستیدا  ئەمە ڕووی داوەو ، خودی خۆم بەکاژینم وت ، تۆکێیت . ئەوکاتە لە کەسێکی  تازە  لەدایک بوو ئەچوم ، هیچ  شتێکم  دەربارەی  ڕابردوو نەئەزانی و مێشکێکی  ساف ، وەک هاردێکی فۆرماتکراوم هەبوو . ئێستا کاتێ  یادی ئەوساتە ئەکەمەوە ، هەفتەیەک زیاتر تێپەڕیووە بەسەر ئەو ڕۆژەداو  کۆی  تەمەنیشم  لەو هەفتەیەدا بۆ یاد ئەکرێتەوە . ئەوکاتە دوای ئەوەی کاژین ، هەندێ پرسیاری لێکردم ، من هیچ شتێکم جواب  نەدایەوە ، تەنها ئەوە نەبێت ، کاتێ پێمووت: تۆ کێیت ؟.  بۆیە  کاژینیش  لەوکاتەدا ، تەلەفۆنی  بۆ دوو خوشکەکەی ترم  کردو ، دوای چەند کاتژمێرێک ، دەستبەجێ  منیان  گەیاندە خەستەخانە .

ئەوکاتەی کەبردیانمە خەستەخانە ، ئاگام لەهەندێک کەس بوو ، کاژینیان بە دکتۆرە بانگ ئەکرد . هەرچەندە ئەو تازە دەرچووش بوو . بەڵام ڕێزێکی زۆرو ، تایبەتیان بۆ ئەنواند. ئەمە لەکاتێکدا بوو ، چەند کەسێکیش لەهەمان خەستەخانە ، دیاربوو من ئەناسن و بەو ناوەوە بانگیان ئەکردم ، کەخوشکەکانم بانگم ئەکەن . ناخۆشترین ڕۆژی من ئەو چرکەیە بوو ، کاتێ باسی نەتیجەیان ئەکرد ، گوایە "یادەوەریم" هاوکاریم ناکات و خەیاڵدانم خاڵی و پەتییە لەڕابردوو . ئەمە لەکاتێکدایە ، پێش ئەوەی بمهێنن بۆ خەستەخانەکە لەماوەی یەک کاتژمێردا ، بە حساب !. لە ماڵەوە و لە ماوەیەکی کەمدا "سێ جار" نانم خوارد . هەستم ئەکرد خەمرەوێنترین بوونەوەری سەر ئەم زەمینە "منم" لەبەرئەوەی خاوەنی مێشکێکی ساف و عەقڵێک بووم ، کەپێم وابوو ، ئەو عەقڵەی من خاوەنیم "لەلوتکەی کەرێتی"دایە . من ئەوکاتەم لەبیرە کاتێ لەسەرچەرپاکەم لە خەوێک بەئاگا هاتم و پاشان هەستام و دواتر، لەئاوێنەکەی بەرامبەرم خۆمم بینی . چ هەستێکم هەبوو ئەوکاتە !.

لەڕاستی دا هەستێک کەوتەنی نیەو بە پێویستی نازانم بەتەواوی بیگێڕمەوە . لەبەرئەوەی پەیوەندی بەنا هۆشیارییەوە هەیە ، وەک ئەو ئاژەڵەی دوای لەدایک بوونی و بەچەند چرکەیەک پێ ئەگرێت و دوای چەند خولەکێکیش ، بەخراپی برسی ئەبێت .!

بەهەرحاڵ ، نازانم بەچ شێوەیەک کۆی ئەو ساتە بگێڕمەوە گوایە "سروشتێکی نامۆیی" تەواوی بوونمی داگیرکردوەو هیچ کەس و تەنانەت خۆشم تیا نەناسیوەتەوە . من ئەترسم لەگێڕانەوەی ئەو"چرکە"یەدا . توشی شکستی گێرانەوەببم ، بۆیە بۆم پێناسە ناکرێت و توانای ئەوەم نیە ، ساتی پێش ئاگادار بوونەوەم لەسەر چەرپاکە، چی ڕووی داوە ، یان شەوەکەی چ خەونێکم دیووە ، یان ئەو هۆکارە "چی" یە وایلێکردم بەمشێوەیەبم . لەڕاستی دا نزیکەی هەفتەیەکەو بگرە زیاتریشە ، خوشکەکانم نایەڵن بچمە دەرەوە ، ئەوان بەردەوام لە ژوورەکەمن و ، تەنانەت کاژین بەشەویش ژوورەکەم جێناهێڵێ و چەرپاکەی خۆی جووت کردوە لەچەرپاکەم و لەسەر سەرینەکەی من ، سەردائەنێت

و بەدرێژای شەو ، ڕابردووی من ، لەگەڵ خۆی و خوشکەکانم و هەندێجار ئەوکەسانە ئەگێڕێتەوە کەهاوڕێ و دۆست و پەسەندکراوی من بوون . کاژین بەردەوام قسەم بۆ ئەکات و کەمێک پێش ئێستا لەگەڵ کچێکدا گوایە ناوی "ڕۆژان"ە ، باسی بابەتێکیان ئەکرد ، کەپەیوەندی ڕاستەوخۆی بەعیشقێکی مەزن و دراوسێیەتێکی دێرینەوە هەیە . کاژین ئەیوت : ئەوە ڕۆژانە "ڕۆژانی خۆشەویستت" منیش هەستم ئەکرد ، دڵم خراپتر ئەئاوسێ و هیچ شتێکیش تێنەئەگەشتم ، لەو باسانەی کەکاژین ئەیکردن . ڕۆژان چاوەکانی "تەڕ" بوبون ، لەوەئەچوو هەریەکەم ڕۆژ ، کاژین هەموو شتێکی بۆ گێڕابێتەوە . بۆیە ئەو ڕۆژەی ، لەگەڵ هەرسێ خوشکەکەمدا کە کوڕێکیشیان لەگەڵ بوو بەناوی "عەباسی میتافیزک" کاتێ لە عیادەی دکتۆرەکە گەڕاینەوە ، لەماڵی خۆمان چاوم بەوڕۆژانە کەوت ، بێ ئەوەی هیچ زانیارییەکم دەربارەی هەبێت . بەڵام ئەمڕۆو کەمێک پێش ئێستا . کاژین هەموو شتێکی دەربارەی "ڕۆژان" پێوتم ، بێجگە لەوەی هەستم بەئاوسانی زیاتری دڵم ئەکرد ،

هەندێجار   پێکەنینیشم   ئەهات ، ئازیزان چ کارەساتێکە "مرۆڤ" بەئێشی خۆی پێبکەنێت.!

# 2

## ساڵێک پێش لەبیرچونەوەی یادەوەرییەکانم

بەیانی دوای ئەوەی لەگەڵ "خوشکەکانم" نانی بەیانیم خوارد . لەگەڵ کاژین کەئەوکاتە "من" بەچاو "پشیلە" بانگم ئەکرد، ڕۆشتین بۆ خەستەخانەو بەتایبەت چوینە بەشی "مێشک و دەمار". کاژین لەوێ تازە دامەزرا بوو ، ئەو ڕۆژە ئەیویست ، شوێن و پێگەی خۆیم نیشان بدات ، لەوێ بەچ جۆرێک ، وەک سەرەتایەک ئەرک و تێڕوانییەنەکانی جێ بەجێ ئەکات . لەڕاستی دا کاژین ، بێجگە لەوەی دوانەی یەک سک بووین . لەدەرەوەی سکیش ، بەبێ یەک ، کاتمان بە باشی تێپەڕ نەئەکرد . ئەو زۆر سوعبەت چی بوو . هەمیشە ئەیوت "من" پێنج خولەک لە تۆ گەورەترم و ئەبێت لەم کارەدا بەقسەم بکەیت . هەمیشە ئەم قسەیەی ئەکرد ، ئەمە لە کاتێکدابوو هەندێجار بە قسەیم نەئەکردوو

، ئەویش بە"دڵ" پێئەکەنی . ئەو بەیانییە دوای ئەوەی نانی بەیانیمان خوارد . سەردانی نەخۆشخانەو بەتایبەت بەشی "مێشک و دەمارمان کرد" کاژین زۆربەی کارمەندەکانی پێئاشناکردم و پاشان "باجی" قاوشەکەی پێناساندم . وادیاربوو ئەو باجی یە ، کاژینی خوشکمی زۆر خۆش ئەوێت . لەبەرئەوەی کاژینی خوشکم بە خاتوون ، ناوی ئەو باجییەی ئەبردو وەک سەرجەم کارمەندەکانی تر ، بە"باجی" ناوی ئەو خاتوونەی نە ئەهێنا . لەو ساتەدا کۆمەڵی شتی نوێم بۆ دەرکەوت و ڕوونبۆوە . وەک چۆن "عەباسی میتافیزک" هەموو جارێک پێی ئەوتم . لە ڕاستی دا عەباسی میتافیزک ، هەندێجار بەناوی "عەباس عەبوس" بانگی ئەکەن . لەبەرئەوەی زورجار باسی حەقیقەت ئەکات و وەک و ئاشکراشە هەرکەسێکیش لە وتنی "حەقیقەت" نزیک بێتەوە ، ڕەزایەکی گران و هەندێجار قورسی هەیە . عەباس ، هاوڕێی لەمێژینەی منەو لەقۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی ، ئامادەیی پێکەوەبووین و دوای ئامادەیی ئەو "فەلسفە"ی هەڵبژاردو منیش "ئایتی" . ئەو هەمیشەو ئێستاش

پێم ئەڵێ و پێی ئەوتم "ئەشێ تەنها وشەیەک گۆڕانێکی ڕەها ، لە تەواوی خویەکی ڕێژەیی دا دروست بکات" . ئەو مەبەستی ئەم قسەیەی کاژینی خوشکم بوو . کەچۆن بەووتنی "خاتون" لەجیاتی "باجی" خۆی لەدڵی ئەو پاککەرەوە بەڕێزەدا خۆشەویست کردووە . لەمبارەیەوە سودێکی زۆرم لەبۆچون و شیکردنەوەو لێکۆلینەوەکانی، عەباسی میتافیزک بینیووە . زورجار دەچمە کۆڕەکانی و گوێبیستی بیروڕا ڕاستەوخۆکانی ئەبم دەربارەی "ڕۆح، یان بوون و نەبوون" . لە ڕاستی دا عەباسی میتافیزک ، عەباسی هاوڕێم ، عاشقێکی سەرسەختی چوارینەکانی خیام و "دەمەتەقێکانی" ئەفلاتونە .

ئەو بەیانییە کاتێ کاژین زوربەی کارمەندەکانی بەشی "مێشک و دەمار"ی پێناساندم ، وتم : ئەڕۆم ، بەڵام کاژین نەیهێشت و دواتر تەلەفۆنی بۆ "ڕۆژان" کردو پێیوت کەبێت بۆئێرە . لەڕاستی دا "ڕۆژان" خۆشەویستی یەکەمین و دواهەمینی منە !. ئەو دراوسێمانەو نزیکەی حەوت ساڵە یەکترمان خۆش ئەوێت . دڵی ئەوەندە نازکە نەیتوانی

"پزیشکی گشتی" بخوێنێت و تەواوی بکات. لەبەرئەوەی کاتێ لەو کۆلیجە ناوی هاتەوە ، دوای ئەوەی چەند مانگێکیش خوێندی ، پاشان لە کاتی پرۆڤەو "توێکاری" بۆمردووەکان و وانە خوێندن بەشێوەیەکی عەمەلی هۆشیاری لەدەست ئەداو ، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی ، لەوبەشە گرنگەی ژیان دوور بکەوێتەوە . ئەو دڵێکی نازک و ناخێکی ناسکۆڵەتری هەبوو . هەمیشە ئەوەشی ئەزانی . بەڵام بەگوێرەی بلیمەتییەکەی ناوی لەوبەشە هاتبوەوە ، بۆیە ئەیویست بە قسەی دڵی نەکات و خۆی لەو تاقیکردنەوە قورسەدا تاقی بکاتەوە . دەیانجار بوراوەتەوەو پاشان بەمنی وتووە کە کۆڵ نادات و ئەمجارەش بەقسەی دڵی ناکاتەوەو بەردەوام ئەبێت . ڕۆژان بەدەست خۆی نەبوو کەوای لێدەهات . بەڵکو دڵی بەوشێوەیەی لێئەکرد کەئەبوو لەمبارەیەوە هەموو جارێ پێم ئەوت : تۆ ترسنۆکی . ئەو دوای ئەوەی پێئەکەنی ، پێی ئەوتم : وانیە بەڵکو لە ناکاو واملێدێ . لە ڕاستی دا من ئەمزانی ، دڵ و عەقڵی چی تیایە . دەیانجار پێموتووە، تۆ بەرگەی

ئازارەکانی مرۆڤ  ناگریت ، ئێستا چۆن ئەتوانی ببیتە دکتۆرە . دەیانجار پێموتووە ، دکتۆری هەندێجار "پێویستی بە دڵێکی  وەک  بەرد" هەیە . دەیانجار  باسی دڵ و خورپەکانی ، باسی دڵ و  لاسارییەکانی ، باسی دڵ و نەگبەتییەکانیم   بۆ  کردووە . بەڵام ئەو ، کۆڵی نەئەداو پاشان بەناچاری ، لە پزیشکی  گشتییەوە  بۆ پزیشکی دەرمانساز خوێندنەکەی بەئاکام گەیاند . ئێستا  ڕۆژان پزیشکی دەرمانسازەو   هەندێجار   ئەم باسەم  لەلا ئەکاتەوەو  بەسوعبەتەوە ئەڵێ : بەس نەبوو بەقسەم کردی ، ئەگینا هەموو ڕۆژێک  ئەبورامەوەو  پاشان خۆم بۆ چارەسەر ئەگەڕام . ڕۆژان ئەوەندە  تێگەشتووە  هیچ جیاوازییەک نابینم کە پێچەوانەی بیرو باوەڕی ، بیست و چوارساڵەی تەمەنی من  بێت . هەرچەندە  ڕۆژان، هاو تەمەنی  منە ، بەڵام هەردووکمان بڕیارمانداوە لەتەمەنی "بیست و هەشت" ساڵی دا  زەواج  بکەین . ئەم  فکرەیە فکرەی هەردووکمانەو   لەڕاستی دا   یەکەمجاریش من پێشنیارم کرد . بەڵام  لە دواجاردا هەردووکمان کۆک بووین

لەسەری . هەرچەندە سەرەتا دایکی ڕۆژان ئەیوت با لەتەمەنی بیست و پێنج ساڵی دابێت ، واتە ساڵێکی تر . بەڵام دواتر ئەویش ڕازی بوو کە لە بیست و هەشت ساڵیدا ئەو کارە بەئەنجام بگەیەنین . دایکی ڕۆژان "مامۆستا سیما" کەسێکی تێگەشتووە ، کەسێکە مامۆستای من و کاژین و ڕۆژانیشە . ئەو ئێستاش مامۆستای ئەو قوتابخانە سەرەتاییە کە چەند مەترێک لەماڵی ئێمەو خۆیانەوە دوورە . بەوپێیەی دەمێکە مامۆستایە دەیانجار پۆستی بەڕێوبەرییان بۆ پێشنیار کردوە ، بەڵام نەیویستووەو حەزی کردوە لەبوارەکەی خۆی دا کەمامۆستاییە ، پەرە بەتواناو ئەندێشەی قوتابییەکانی بدات .

ئەو ڕۆژە کاژین نەیهێشت بڕۆم ، هەتا دەوامەکەی تەواو بوو ، هەرچەندە مانگێک ئەبوو لەویَ وەک تازە دامەزراوێک دەوامی ئەکرد . بەڵام هەستم ئەکرد هەموویان خۆشیان ئەوێت و ئەو بەقسەو کردەوەکانی کە هەردوکیان هاوشێوەی یەک بوون ، سەرنجی هەموانی بۆخۆی پەیوەست کردبوو . ئەو نەیهێشت بڕۆم هەتا

دەوامی تەواو بوو ، کاتێ دەوامەکەشی  تەواو بوو "ڕۆژان" هاتوو، هەرسێکمان  پێکەوە  چوینە دەرەوە . کاژین ئەیوت ئەچین  بۆ  بازاڕو ، ڕۆژانیش  هەمان  قسەی  ئەکرد . لەڕاستی دا من ، حەز لەوەناکەم  لەگەڵ  کچاندا بچمە  بازاڕ . بەڵام بڕواشم بەوە هەیە ، "هیچ کەسێک  لە سەبر تێناگات ، ئەگەر  لەگەڵ  کچێکدا نەچێت بۆ بازاڕ !.  هەرچۆنێک بوو ڕازییان کردم  بچین  بۆ  بازاڕ . بەڵام  سەرەتا من  ویستم بچینە دوکانەکەم . لەبەرئەوەی ،  من  دوکانێکم هەبوو  کە کاری  فرۆشتن  و  چاککردنەوەی  کۆمپیوتەر  و  ،  بواری نێتۆرکین  و   ،  کامێرای  چاودێرم  تیا  ئەکرد .  دوکانەکەم لەسەر شەقامێکی گشتی بوو ، نزیک  مەڵبەندی  کوڕو کچە پەشیمانەکان ،  ئەو  مەڵبەندەی  "کۆچەرەی  خوشکم"  وانەی یۆگای  تێکەڵ  بە حیکمەتەکانی خۆی ، بەو کچ و کوڕانە ئەوتەوە  کە هۆگریان بۆ ئەو  هونەرو  مەشقە  هەبوو . کۆچەرەی  خوشکم ، هەتا بڵێی لێبوردەو لەسەر خۆبوو . گوێی  بەقسەو  قسەلۆکی خەڵک نەئەدا ، کاتێ باسی قەیرەیی ئەویان  ئەکرد .  لەڕاستی  دا   کۆچەرە ،  بەهیچ  شێوەیەک

بڕوای بەوشتە  نەبوو ، گوایە "تەمەنی نائومێدی" مەرحەلەیەو  هەندێک لەو کچانە ئەگرێتەوە کەهەندێکیان بیروڕای خۆیان هەیە دەربارەی و ، هەندێکیشیان پەیوەندی بەڕەوتەکەوە هەیەو چارەنوس سازە!. ئەو  بە قسەی خەڵکی بێت  قەیرەیەو چیتر کەس داواکاری ئەو ناکات ، مەگەر ڕێکەوتێک دروست بێت . ئەمە لە کاتێکدایە و  من ئاگام لێیە کە کۆچەرەی خوشکم ، هەرگیز گوێی بەم  "قسە خۆش و بۆشانە" نەئەدا . من هیچ کاتێک ئەو باسەم  لانەئەکردەوە، لەبەرئەوەی ، ئەو خوشکە گەورەیەم  ئەوەندە  کەسێکی تێگەشتوبوو  کاتێ خۆم بەراورد ئەکرد بەو ، لەبەرامبەردا ئەبوومە کەسێکی منالًی "پۆلەکانی سەرەتایی" . کۆچەرە هەمیشە لەدڵمایە ، چاکەی  ئەو بەسەر من و دوو خوشکەکەی ترمەوە ، زیاد  لە پێویستەو ، ئەوەی ئەو بۆئێمەی کردووە ، دایکیشمان  بمایە بۆی نەئەکردین. لەڕاستیدا "کۆچەرە" دایکی  دووەمی من و  خوشکەکانمەو ، پاشان مامۆستاو ڕێبەری زۆرێک لەو کەسانەشە کە لە مەڵبەندەکەی "سود  لە حیکەمەتەکانی وەرئەگرن. "

نازانم بەچ شێوەیەک باسی کۆچەرە بکەم ، ئەو بەتاقی تەنها ، دوای ئەوەی دایک و باوکمان لە ڕێگەی کارەساتی هاتوچۆوە گیان ئەسپێرن . من و هەردوو خوشکەکەی ترم ، بەمشێوەیە پەروەردە ئەکات کەهەین . بەبیرمدا نایەت دایک و باوکم بینیبێت ، لەبەرئەوەی ئەو کاتەی ئەوان گیانیان سپارد ، من و کاژین کە دوانەبووین ، تەمەنمان لە نێوانی سێ ساڵ بۆ چوار ساڵ ئەبوو ، هەرچی کۆیاری خوشکیشمە ئەو شەش ساڵ لەمن و کاژین گەورەترەو باوکم و دایکمی بەباشی لەبیرە . بەڵام کۆچەرە لەوکاتەدا کە باوکم و دایکمی تیا کۆچ دەکات ، تەمەنی نزیکەی نۆزدە ساڵ ئەبێت و لەودەمەشدا ، خوێندکاری قۆناغی یەکەمی کۆلیژی پزیشکی دەبێت . بۆیە دوای کارەساتەکەی ماڵی ئێمە ، ئەو خوشکە جوان و چاوپشیلەیەم ، دەرس و دەورەکەی ئیهمال ئەکات و ، هەموو ژیانی خۆی تەرخان ئەکات بۆپەروەردەو بەخێوکردنی ئێمە . بەبڕوای من "کۆچەرە" بێجگە لەوەی "حەکیمەیە" کچێکی مێژویشەو

هەتا دڵ و دەرون و خەیاڵدان و مێشکی من مابێت ، بۆ یەک ساتیش "ڕێک بۆ یەک سات" لەیادی ناکەم.

ئەو خوشکە دەگمەن و بێ وێنەیەم ئێستاشی لەگەڵدابێ ، شەوانە دێتە ژوورەکەم و ئەگەر سەرمام بێت دامئەپۆشێ و ، ئەگەر گەرماشبێ فێنکم ئەکاتەوە . ئەو هەمیشە بۆ خۆشبەختی من و "خوشکەکانم" هەوڵی جدی ئەیات و تەنانەت ئاگام لێبووە ، چەندین جار بەقسەی دڵی خۆی نەکردوەو بەمێشکی جوڵاوەتەوە. کۆچەرەی حەکیمە ، ئەگەر بەراورد بکرێ بە کەسانی ، ئێستاو جاران و داهاتووش ، ئەو یەکێک نابێت لەوان و هەمیشە ئەو کەسە ئەبێت کە"کۆچەرە" خۆیەتی . ئەو کاتێ قسە ئەکات ، هەست ئەکەم خڕۆکەکانی خوێنیشم بەقسەی ئەکەن . هیچ کاتێ نەبووە ، دوای قسەکردنی ئەو ، دواتر بۆ سوچێک نەگەڕێم "بۆ بیرکردنەوە" . هەندێجار عەباسی میتافیزکم بەبیرمەندو هەڵکەوتەی زەمەنێک زانیووە ، بەڵام کۆچەرەم زیاتر لەو مانایە بینیوەو نەمتوانی وە و بەشایەنیشم نەزانی وە ، بەراوردی لە گەڵ کەسی تردا پێبکەم . عەباسی هاوڕێم ،

خودی خۆی ئەم ڕاستیە ئەزانێ . ئەو لە منالْییەوە هاوڕێی منەو کاتێکیش فەلسەفەی خوێند . دوای ئەو هەموو خوێندن و لێکۆلینەوەو تێڕامانە . هێشتا خۆی بە خوێندکارێکی کۆچەرە ئەزانێ . عەباسی هاوڕێم ، زۆرکات لەمەڵبەندی کوڕو کچە پەشیمانەکان ، لای کۆچەرە بەسەرئەبات . ئەو دانئەنێت بەوەدا "ئەوەی کۆچەرە فێری کردووە ، لەهیچ خانەو زانکۆ و مەڵبەندەکانی تری توێژینەوە نیە" . عەباس دانبەوەدا ئەنێت ، "کۆچەرە" کەسێک نیە لە ئێمە ، ئەو خەیاڵدانێکی قوڵ و سەبرێکی عەجیبی هەیە دەربارەی "کۆی بوون" عەباس ئەوڕۆژە ئەیوت : کۆچەرە سوکراتە ، لەبەرئەوەی سوکراتیش هیچ ڕستەیەکی نەئەنووسی بەڵام کتێبی ژیانی ئەو " هێندەی ساڵەکانی ، تەمەنی کۆچەرە قەبارەکەی بوو" . عەباسی میتافیزک ، کەسێکی لێو بەخەندەو ڕووخۆشە . بەڵام کاتێ باسی بوون و نەبوون ئەکات ، خەڵک پێی ئەڵێن " عەباس عەبووس" لەبەرئەوەی شێوازی فەیسی ئەگۆڕێ و وەک ئەو کەسانەی لێدێ ، کاتێ توڕە دەرئەکەون و هەوڵئەدەن شتێک بشکێنن . من لەمبارەیەو

دەیانجار ئەو پرسیارەم لەعەباس کردوە، کە بۆچی لەکاتێ شەرحکردنی بابەتێک دەربارەی "بوون" ڕووخساری بەوشێوەیەی لێدێ . عەباس لەوەڵامدا ئەیووت : یەکێکم پێبڵێ ، ڕووخساری نەگۆڕێ ، کاتێ حەقیقەتێک ئەبینێ و ئەیەوێت ڕوونی بکاتەوە . پاشان یەکێکی ترم پێبڵێ ، باسی "حەقیقەت" بکات و ڕەزای قورس نەبێت .

ئەوانەی من ئەیان ناسم و لێیان تێگەشتووم "کۆچەرە" بەمشێوەیە ئەبینن . هەرچەندە من لەڕوانگەی کەسەوە کۆچەرەی خوشکم هەڵناسەنگێنم . بەڵام پێویستە ئەوە بڵێم ، ئەو کەسەی قوربانی ئەوەی دا ، واز لەدەرس و دەورەکەی بهێنێت و ، ئێمە بەمشێوەیە لێبکات کەهەین . کەسێک دوای ئەوەی ئێمەی لەخەمی منالّی ڕەخساند ، ئێستا لەخەمی گەنجیماندایەو لەداهاتووشدا نازانم لە خەمی چیتردا ئەبێت !. ئەوەندەی من تێبگەم و بیرملێکردۆتەوە "کۆچەرە دەگمەنە" کۆچەرە کەسێک بەباشی و بەقەبارەی خۆی لێیتێئەگات ، لانی کەم پەنجا ساڵ "ڕێک پەنجاساڵ" لە سوچێکدا بیری کردبێتەوە . هەریەک لەمن و خوشکەکانم ،

هەمووومان "کۆچەرە" ناوی بۆهەڵبژاردوین . من ئێستاش نازانم ، بۆچی ناوی "زەمەن"ی بۆمن هەڵبژاردووە . هەروەک چۆن نازانم "خوشکەکانم ، کاژین و کۆیار" ئەو ناوانەی تری بەچ مەبەستێک هەڵبژاردووە . جارێکیان ئەو پرسیارەم لێکرد . ئەو شتێکی وت ، بەڵام ئەم عەقڵە بچوکەی من توانای ئەوەی نەبوو لێیتێبگات . بەهیچ شێوەیەک نازانم ، ناونانی من بە"زەمەن" لەلایەن "کۆچەرە"ی خوشکەمەوە ، چ مەبەست و فکرێکی لە پشتەوەیە . یاخود ناونانی "کاژین" و "کۆیار" لەوسەردەمەدا ، ڕەنگە بۆمەبەستێکی دوور بیری لەواتاو دەرهاویشتەکانی ئەو ناوانە کردبێتەوە . هەرچەندە کۆچەرە خۆی ، دایکی دایکم ناوی ناوە ، واتە نەنکم ، لەوەئەچێت باوکم "ڕزگار" دایکم "نەرمینە" هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لەناونانی منداڵەکانیاندا نەبووبێت . وەکو کۆچەرە و هەندێجار کۆیار ئەیگێڕێتەوە . باوکم و دایکم "ڕزگار و نەرمینە" دوای ئەوەی منالّی یەکەمیان لەدایک ئەبێت . واتە کۆچەرە ، تانزیکەی دەساڵ و نیوو ، هیچ منالێکی تریان نابێت . کاتێکیش دایکم سکی بە"کۆیار" ەوە ئەبێت ، بێئەوەی

بزانن کوڕە یان کچ ، کۆچەرە قایلیان ئەکات ، ناوی بنێن "کۆیار" . دوای نزیکەی شەش ساڵی تریش ، کاتێ دایکم سکی ئەبێت ، بەمن و کاژینەوە "کۆچەرە" بەشێوازی ڕووخسارو ڕۆشتنەکەی دایکمدا دەزانێ "دوانە" یەک لەسکی دایکمدایەو بڕواشی کردوە ، کوڕو کچبن ، بۆیە لەو کاتەدا ، ناوی من "زەمەن" و ناوی خوشکە هاوتەمەنەکەم "کاژین" پێشنیارئەکات . وەکو کۆچەرە بۆمان ئەگێڕێتەوە . باوکم "ڕزگار" و دایکم "نەرمینە" پێش لەدایک بوونی کۆچەرە ، گوایە ناکۆکییەکی زۆر لەنێوانیاندا تەشەنەی کردبوو ، بەڵام دوای لە دایک بوونی "کۆچەرەی حەکیمە" ئەو ناکۆکیانە هەروەک تۆز "با"ی کۆچەرە بڵاوی کردنەوەو ، هیچ هێزێکیش نەیتوانی ناکۆکییەکانیان کۆبکاتەوە . ئەم باسە "نەک بەتەنها کۆچەرە" بەڵکو مامەم و ئامۆژنم و هەندێک لەخاڵەکانم دەیانجار بۆمنیان شی کردۆتەوە .

کۆچەرەیەک دایکی دایکم ، واتە نەنکم ناوی نابێت و پاشان کۆچەر ناوی ئێمەی هەڵبژاردبێت ، ئەبێ چ شتێکی تر

لەنەنکمەوە بۆ ئێمە درێژ بوبێتەوە . لەڕاستی دا "چاوە پشیلەییەکانمان" وەک و ئەگێڕنەوە ، لە نەنکمەوە بۆ دایکم ، لەدایکیشمەوە بۆ من و خوشکەکانم . وەک ئیرس ئەم جۆرە تایبەتمەندیەمان لە ڕەنگ و قەبارەی چاو بۆ بەجێماوە . من بیرمدێ جاران کەمناڵ بووم ، منڵانی گەڕەک ناوی ماڵی ئێمەیان ناونابوو "ماڵی چاوپشیلەکان" هەرچەندە کۆچەرە بەبەردەوامی پشیلەی بەخێو ئەکرد ، بەڵام بەخێوکردنی ئەم پشیلانە هیچ پەیوەندییەکی بە نازناوی "چاوەکانمان"ەوە نەبوو ، بەڵکو ئێمە بەوە ئەناسریانەوە ، چوار کەسین و هەرچوارمان "چاوەکانمان" وەک پشیلە خومارو تەڕو تارە. من هیچ کاتێ بەبیرمدا نایە ، بێجگە لە"کاژین" هیچکام لەخوشکەکانم "بەچاوپشیلە" بانگ کردبێ . ڕەنگە لەتەمەنی منالێمدا ئەو نازناوەم وتبێ ، بەڵام بیرم نایە ، بەس بە کۆچەرە ناوێکی خۆش ئەلکێنم بەناوەکەیەو هەندێجار پێی ئەڵێم "کۆچەرەی حەوت برا" لەڕاستی دا " کۆچەرە" زۆری پێخۆشە کە بەو شێوەیە بانگی ئەکەم . هەرچی کۆیاری خوشکیشمە بەتەنها

قوتابخانەیەکی تایبەتەو ، من زمانی "ئاماژە" لەوەوە فێربووم . ئەو لەمەڵبەندی"نابیستەکان" دەوام ئەکات و بە جارێک پشتی کردۆتە"کەسە چەنەبازەکان" . کۆیار لەهەموو شتێکی من تێئەگات، هەرکاتێ ئەگەر شتێکم بوێت، پێش ئەوەی قسە بکەم ، بەچاوە جوانەکانی سەیرم ئەکات و پاشان ئەڵێ : هیچ مەڵێ "ئەزانم ئەڵێی چی" . ئەو بێجگە لەوەی زمانی ئاماژە ئەزانێت ، لەشێوازی جوڵەی "بیلبیلەی چاو"و تروکانی "پێڵوەکان"دا زانیارییەکی ئەوتۆی هەیە "کە وتەنی" نیەو ناتوانم بەتەواوی ڕوونی بکەمەوە. لەڕاستی دا خوشکەکانی من ، بێ وینەو دانسقەو ناوازەو قشتن !. بڕوام بەوەهەیە هیچ کەسێک بێجەگە "لە من" خوشکی وای نیە. زۆرجار "بوونی خوشکەکانم" بە بەرەکەتێکی ئیلاهیانە دێتە بەرچاوم و پاشان باشتر ، بیر لەخوو ڕەوشت و تایبەتمەندیی خوشکە باشەکانم ئەکەمەوە . "کۆیار" بێجگە لەوەی نزیکەی شەش ساڵ لەمن و کاژین گەورەترە کەچی هەست ئەکەم ، هەندێجار شەرممان لێئەکات و پاشان ئەو ووتە بەناوبانگەی خۆیم بەیادا

دێتەوە کاتێ ئەیوت: "خۆشەویستی ڕاستەقینە چەپکە گوڵێکە ، بەقردێلەی شەرم و ڕێز بەستراوە" ئەم ووتە بەناوبانگەی کۆیاری خوشکم ، نزیکەی دەساڵە بیری لێئەکەمەوە ، لەبەرئەوەی ئەوەندە "بەشەرمنی و بەڕێزی" خۆی وەک قردیلەیەک ، بەچەپکی دڵی من و خوشکەکانمەوە گرێداوە . هەتا ئێستاش ناتوانم لە دەرئەنجامەکانی ئەو بیرکردنەوەیە تێبگەم لەبەرئەوەی بەردەوام شەرمە زیاد لە پێویستەکەی ئەبینم . ئەو وەک کاژین سوعبەت چی نیە . دڵی زۆر ناسکەو لەگەڵ دڵی مندا یەک تۆزی فەرق نیە . نازانم چۆن بووە ، من و ئەو دوانە نەبووین . هەرچەندە گلەیم نیە کە لەگەڵ "کاژین" دوانەین . بەڵام خاڵی هاوبەشم لەگەڵ "کۆیار" زیاترە وەک لەگەڵ "کاژین" . من و کۆیار ، دڵمان وەک دڵی یەکتر لێ ئەدات . هەردووکمان بەدەستی "چەپ" ئەنوسین و خەتیشمان لەخەتی یەکتر ئەچێت . هەرچەندە باڵامان کەمێک جیاوازی هەیە بەڵام تێڕوانینمان بۆ گریان ، ئازار، خۆشی و ناخۆشی ، یەک تێڕوانینەو ، هەرشوێنێک بە

هەست منی لێبم ، ئەوی لێیە ، هەرشوێنێک ئەوی لێبێت منی لێم . خاڵە هاوبەشاکانی من و کۆیار "زۆرن"و تەنها یەک شت لەیەکمان جیابکاتەوە "ئارامگرتنە" کۆیاری خوشکم خاوەنی زۆرترین سەبرو ئارامگرتنە، بەپێچەوانەوە من زۆرجار پەلەئەکەم و لەم ڕوانگەیەوە ئەم جیاوازییە بچوکەمان هەیە . ناومنا "جیاوازی بچوک" بەڵام لەڕاستی دا "ئارامگرتن" بەجیاوازی بچوک لە قەڵەم نادرێ . لەبەرئەوەی ئارامگرتن خەونی گەورەی لەسەر بنیاد ئەنرێ و ئەوکەسانەی لەئارامگرانن ، هەمیشە کەسانێکی ویژدان زیندوون ، هەرچەند دڵیان لەکاتی ئارامگرتندا بەباشی لێنادات . بەڵام لە ویژداندا هیچ کەسێک هێندەی ئەوان مورتاح نابێت ، کاتێ بەری ڕەنجی ئارام گرتنەکەیان ئەچننەوە . کۆیار چەند تایبەتمەندییەکی تری هەیە " ئەو کوڕێکی خۆش ئەوێت ، لەو کوڕانەی توانای بیستن و قسەکردنیان نیە" جارێکیان ئەمەی پێوتم . هەرچەندە "کۆیار" نزیکەی شەش ساڵ لەمن گەورەترە ، بەڵام بەشەرمێکی زۆرەوە وەک هەمووجار ، ئەم باسەی

لادرکاندم . یەکەمجار "منی حۆل" بەنابەدڵییەوە وەڵامم دایەوە ، لەبەرئەوەی بەشایەنی ئەوم نەئەزانی ، بەڵام دواتر قایلی کردم . کۆیار ئەوکاتە وتی : لەبەرئەوە هەڵمنەبژاردوە کەنابیست و لاڵە . بەڵکو لەبەرئەوە خۆشم ئەوێت "کە پیاوە " !.

کۆیار واتێیگەیاندم کە "دونیا" پڕبووە لە کوڕ ، بەدەگمەن پیاوێک ئەبینی . هەرچەندە پێشتر ئەم وتەیەو بەشێوازێکی تر ، لەسەر وێنەیەکی من و کاژین دارشتنێکی تری بۆ کراوە . بەڵام دڵنیام لەوەی کە"کاژین" بەسود وەرگرتن لەبیرو ڕای کۆیار ئەم نوسینەی لەسەر وێنەکەی خۆم و خۆی نوسی وەتەوە .

بەهەرحاڵ "خوشکەکانم" هەموویان بۆمن وەک یەکن ، هەریەکێکیان بۆمن پشتن و بێ یەکێکیان هەست بە کەلێن و ناڕەحەتی ئەکەم . ئەو خوشکانەی من "کۆچەرە و کۆیار و کاژین" بیلبیلەی چاو و خورپەکانی دڵ و هەناسەو دەرونمن . هەریەکێکیان بۆ من هەموو شتێکن و ئەتوانم بڵێم خۆشبەخترین پیاو "خۆم ناونا پیاو" ڕاست ئەکەم ، لە

بەرئەوەی خوشکەکانم وام پێئەڵێن و درۆ لە دەمی ئەوانەوە قەت داناکەوێت . کەواتە خۆشبەخترین پیاوی ئەم سەر زەمینە منم .

کاتێ لەگەڵ ڕۆژانی خۆشەویستم و کاژینی خوشکم لە خەستەخانەکە هاتینە دەرەوە ، ئاگادارم کردبوونەوە ، دەبێت لەپێشدا سەرێک لەدوکانەکەم بدەم لەنزیک "مەڵبەندی کوڕو کچە پەشیمانەکان" بۆیە کاتێ گەشتینە دوکانەکە "عەباسی میتافیزک" لای دوکانەکەم وەستابوو . هەرچەندە پێشتر بەنامە ئاگاداری کردبووم کەلەوێ یە ، بۆیە منیش پێشنیارم بۆ کاژین و ڕۆژان کردبوو ، پێش ئەوەی بچینە بازاڕ دەبێت سەرێک لە دوکانەکەم بدەم . لەڕاستی دا "کاژینی خوشکم" مەیلی بەعەباسی هاوڕێم نەدەهات ، هەرچەندە لەمناڵیەوە ئەیناسی . نازانم بۆچی عەباسی وەک هاوڕێی من خۆشنەئەویست . هەمیشە کە عەباس ئەهات بۆ ماڵمان و دواتر لە ژوورەکەی من گفتوگۆمان ئەکرد ، کاژین لەوێ ئامادەئەبوو . کاژینی خوشکم بە قسەکانی پێئەکەنی و دواتر کە عەباس

ئەڕۆشتەوە ، بە شێوەیەک باسی عەباسی بۆ ئەکردم ، گوایە نەفام و گێلە ، لە مەسەلەیەک خۆی هەڵئەقورتێنێ ، کە ئاسۆکانی ، نادیارو تاریکن بۆ تێگەشتن . هەموو جارێک ، دوای ئەوەی عەباس ئەڕۆشتەوە ، کاژین دونیایەک نوکتەی لە سەر ڕێزئەکردو دواتر بەڕووخسارە ئەنتیکەکەی پێئەکەنی . زۆرجار گلەیم لە کاژین ئەکرد سەبارەت بە عەباس ، کە نابێت بەو شێوەیە گاڵتەی پێبکات. بەڵام کاژین سوور ئەبوو لە سەر قسەکانی و دواتر ئەیوت : کێ هەیە ئەو ڕووخسارە عەبووسە نەبینێت و دواتر پێنەکەنێت . کاژین بە مناڵیش لەگەڵ عەباسی هاوڕێم نێوانی باش نەبوو . لە یادمە هەمیشە بەردی ئەگرتە عەباس ، گوایە عەباس ئازاری منی داوە . ئەمە لە کاتێکدایە ، عەباس بە هیچ شێوەیەک ، لەو ماوەیەداو لە ئێستاشدا ، بۆ چرکەیەک ئازاری منی نەداوە . بەڵام خۆشەویستی خوشکەکەم بۆمن ، دەیانجار ئاستی پێویستی تێپەڕاندووە.!

کاتێ گەشتینە دوکانەکەم ، عەباسی میتافیزک ڕووبەڕوومان هات و دواتر سڵاوی لێکردین ، سەرەتا نەمزانی عەباس ئیشی چی پێمە. بەڵام دیاربوو دوای شەش مانگی تر کۆڕێکی هەیە دەربارەی "ئەفلاتون و خیام و شتی تر " بۆیە لەئێستاوە دەعوەتم ئەکات و بابەتی کۆڕەکەشی لەزەرفێکدا کە مەلزەمەیەکی بچوک بوو پێشکەش کردم .

عەباسی میتافیزک کاتێ مەلزەمەکەی پێشکەش کردم ، دەستێکم لەدەستی کاژیندا بوو ، بۆیە ئاگام لەکاژین بوو بەچ شێوەیەک دەستی ئەگوشیم و هەندێجار خەندەکانیم ئەخوێندەوە کە بەچ جۆرێ گاڵتە بەمێشکی ئەو هاوڕێ میتافیزکییەم ئەکات . نازانم "کاژین" بۆچی بیروڕای دەربارەی عەباسی هاوڕێم بەوشێوەیە بوو . هەرچەندە ئەمزانی چی لەدڵ و عەقڵی کاژیندایە ، بەڵام بڕواشم بەوە هەبوو ، کەمرۆڤ بەلەحزە ئەگۆڕێ و ئەشێ منی ئەمڕۆ "زەمەن"ی سبەینێ نەبم . کاژین هەر دەستی ئەگوشیم ، بەڵام ڕۆژان ڕێزێکی زۆری لەعەباس ئەگرت و هەمیشە

به کاک عەباسی میتافیزک ناوی ئەبرد . ڕۆژان هەرچەندە شەرمن و هەندێجار ترسنۆک بوو ، بەڵام دەربارەی وتویژکردن ، بەتایبەت لە گەڵ بیروڕاکانی عەباس ، کەسێکی هوشیارو بەدەم و پل بوو . ئەو هەمیشە حەزی بەو باسانەی عەباسی هاوڕێم ئەکرد ، هەرچەندە ڕۆژانیش بەبۆنەی منەوە عەباسی بەمناڵی دیوەو قەت بڕوای نەکردوە عەباس خۆی بۆئەم باسانە پەروەردە کردبێ . بۆیە عەباس دوای ئەوەی مەلزەمەکەی دامێ ، دواتر بەفەرمی دەعوەتی کردم بۆ کۆڕەکەو ، پاشان بەجێیهێشتین . بەڵام پێش ئەوەی جێمانبهێڵی ، داوام لێکرد لە گەڵمان بێت بۆ بازاڕ . بەڵام ڕازی نەبوو ، گوایە کاری هەیەو کەچی دواتر بەگوێی مندا چپاندی و وتی : چون بۆ بازاڕ لەگەڵ ئافرەتدا ، پێویستی بە سەبرێکی زۆر هەیەو بیستوشمە ئەوپیاوانەی لەگەڵ ئافرەتاندا دەچن بۆ بازاڕ ، هەست بەو ژانە ئەکەن ، کە ئافرەتێک لەکاتی منداڵ بووندا هەستی پێئەکات.

هههههه عەباس ئەم قسانەی زۆر بەجدی کرد ، بۆیە دوای ئەوەی ئەم قسانەی بە گوێمدا چرپاند ، جێیهێشتین و پاشان "کاژین" تکای لێکردم کەقسەکانی عەباسی بۆ بگێڕمەوە . کاتێ قسەکانی عەباسم بۆگێڕایەوە "ڕۆژان" زۆر پێکەنی بەڵام کاژین بەخەیاڵیدا نەهاو دواتر پێیوتم : ئەو زۆر گوناهە ، لەبەرئەوەی خەیاڵ و بیروڕاکانی ، کۆشکێکن ، خشتەکانی لەسەهۆڵ و سەقفەکەشی لەخۆرەتاو دروست کراون . ئێمە بە پیاسە بەرەو بازاڕ ئەڕۆشیتن ، بازاڕو دوکانەکەی من نزیکەی یەک چارەک دووربوو ، بەڵام هەستم ئەکرد چەند سەعاتێک دوورەو ئەو ڕێگایە نابڕێتەوە . لەڕاستی دا قسەکانی عەباسی هاوڕێم ڕاست بوون . دەربارەی چوون بۆ بازاڕ لەگەڵ ئافرەتان . هەرچەندە پێشتر ئەمزانی ، ئەوانەی لەگەڵ ئافرەتان ئەچن بۆ بازاڕ لە دواجاردا لە سەبر تێئەگەن و ڕادێن لەوەی کەجارێکی تر پێشبینی ئەوەبکەن کەچەندێک لە بازاڕ دەمێننەوە . ئەو ڕێگا کورتەی لەنێوان ، بازاڕو دوکانەکەی مندا هەیە، بوو بە دە ئەوەندە ، لەبەرئەوەی کاتێ گەشتینە ناوەڕاستی

بازاڕ ، هەستم بەماندوو بوونێکی زۆر دەکرد ، ئەوکاتەشی تەواوی بازاڕیان گێڕام ، بێ ئەوەی شتێک بکڕن ، بۆ بەیانییەکەی توشی تەشەنوجی ئەژنۆکانم بووم و ئەو ڕۆژە نەمتوانی دوکان بکەمەوە و هەتا دوانیوەڕۆیەکی درەنگ لەسەر چەرپاکەم بووم . ئەو ڕۆژە خوشکەکانم هەموویان لەدەوام بوون و "کاژین" زووتر دەوامەکەی تەواو ئەبوو ، بۆیە لەسەرچارپاکەم ڕاکشابووم کاتێ هاتەوەو ، دواتر دەرگای ژوورەکەی کردمەوەو پاشان لام دانیشت و ، لە کۆتایشدا حەپێکی تەشەنوجاتی بەزۆر دەرخوارد یام . کاژین زۆر سەیربوو، هەرچەندە ئێمە دوانە بووین ، بەڵام لە دوو هێلکەی جیاوازو لەیەک سکدا دروست بوبوین . ئەگەر لەیەک هێلکەی دابەش بوو دروست بوبوینایە ، یان هەردووکمان کوڕ ئەبووین ، یان هەردووکمان کچ !. ئەوکاتەش هێلکە دابەش بووەکە ، خاڵی هاوبەشی زیاتری لەئێمەدا ئەخوڵقاند . خاڵە هاوبەشەکانمان زۆر کەم بوون . دوای ئەوەی حەپەکەی دەرخوارد یام ، کۆچەرە هاتەوەو پاشان دەست بەجێ خۆی کرد

بەژوورەکەی مندا . کۆچەرە کاتێ گڵاسە ئاوەکەی بەدەستی کاژینەوە بینی بە ڕوویەکی گەشەوە وتی : ناشێ حەپت دابێتێ . لەڕاستی دا "کۆچەرە" ڕقێکی زۆری لەوکەسانە بوو ، بۆ ئازارێکی کاتیی پەنا ئەبەنە بەر حەپ و مادده کیمیاوییەکانی تر . هەرچەندە کاژین ئەو کاریگەرییە خراپەی دەرمانەکانی ئەزانی ، بەڵام دڵنیاش بوو لەوەی تەنها حەپێک هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر جەستە جێناهێڵێت . بەڵام مەبەستی کۆچەرە ئەوە نەبوو ، بەڵکو بڕوای بەئامرازەکانی تری "هێورکردنەوە" پتەوتر بوو . کۆچەرە بەشێوەیەک قسەی ئەکرد ، من بێجگە لەتێڕامان لەقسەکانی ، توانای وەڵامدانەوەی ئەو "حەکیمە"یەم نەبوو . هەرچەندە بڕوانامەی من و کاژین لەبڕوانامەکەی کۆچەرە باڵاتر بوو . بەڵام کاتێ خۆم بەراورد ئەکرد لەبەرامبەر کۆچەرەدا ، ئەگەشتمە ئەو ڕاستییەی "بڕوانامە" هیچ شتێک نیە ، بێجگە لە توانای دەقێکی چوارچێوە بۆ دانراو . کاتێ خۆم بەراوردی کۆچەرە ئەکرد ، لەچاو ئەودا بێجگە لەوەی خۆم وەک منداڵێکی سەرەتایی ئەبینی هیچی

ترنەبووم . کۆچەرە ئەیزانی هۆی تەشەنوجاتەکەم  چونمە بۆ بازاڕ لەگەڵ  کاژین و ڕۆژان دا . بۆیە کاتێ لەسەر چەرپاکەم دانیشت وتی : جارێکی تر لەگەڵ کچان مەچۆ بۆ بازاڕ . منیش هەمان ئەو قسەیەی "عەباسی میتافیزک"م  بۆ گێڕایەوە کەپێشتر  بەچپە درکاندبووی  بۆم . کاتێ قسەکانی عەباسم گێڕایەوە . کۆچەرە پێکەنی و دواتر  عەباسی میتافیزکی بەڕاستگۆ شوبهاند . کۆچەرەی خوشکم  عەباسی زۆر خۆشدەویست  هەرچەندە  تاقەتی گفتوگۆی میتافیزکی نەبوو ، بەڵام جار جار لەسەر بۆ چونەکانی عەباس تێبینی ئەوت و  دواتر عەباس  تێبینییەکانی  کۆچەرەی بەگرنگ و بەپێز  وەرئەگرت . بیرمدێ جارێکیان  لەژوورەکەی خۆم و لەسەر  هەمان  چەرپا  ،  لەگەڵ   عەباس  و   کۆچەرە دانیشتبووین . عەباس ئەو ڕۆژە باسی منالّی ساوای ئەکردو پاشان قۆناغەکانی دوای  لەدایک بوون . بەڵام کۆچەرە تێبینییەکی گرنگی دەربارەی قسەکانی عەباس وت . عەباس ئەوکاتە ئەیوت : منالّ  پێش ئەوەی لەدایک بێت  قسە ئەزانێ ، بەڵام ئەو مەرحەلەیەی کەدێتە دەرەوە ، سروشتەکەی تێک

ئەچێ و پاشان توشی شۆکێکی کاتی ئەبێت ، دواتر ئەم شۆکە وای لێدەکات ، ئەو زمانە تایبەتەی بیربچێتەوە کە پێشتر لەناو سکدا زانیوویەتی ، بۆئەوەی نهێنی ساتی بە بەرداچونی ڕۆح بپارێزێت . دواترو دوای ماوەیەک ، کاتێ فێری دوبارە گفتوگۆ دەبێتەوە ، ئەو بیروباوەڕەی پێشتری ، کەلەسکی دایکی دا هەیبووە ، بۆی یاد ناکرێتەوە .

عەباسی میتافیزک ئەوکاتە ، ئەم قسانەی بەبڕوایەکی پتەوەوە ئەکردو کاتێکیش سور ئەبوو لەسەر قسەکانی ، شێوەو تایپی ڕووخساری وەک کەسێکی "عەبوس" خۆی نمایش ئەکرد . بەڵام ئەوکاتە کۆچەرەی خوشکم ، بەشێوەیەک تێبینی دا ، گوایە ، سروشتی مناڵ بەوشێوەیە نیە کە عەباس باسی ئەکات ، ڕەنگە بەجۆرێک لەهۆشیارییەوە لەدایک بێت ، بەڵام بڕوای تەواوم بەوە هەیە ، کەمناڵ لەسکی دایکیدا هیچ نازانێ و یەکەمین ئاستی هۆشیاری ئەو ، لەساتی لەدایک بوونیەوە دەست پێئەکات ، بەومانایەی "وەک ئاژەڵ" نیە دوای لەدایک بوون بەماوەیەکی کورت پێ بگرێ ، بەڵکو هوشیارییەکەی ڕێگەی

لێدەگرێ "پەلەبکات" هەرچی ئاژەڵیشە پێچەوانەکەی ڕاستە ، لەبەرئەوەی بە"نا" هۆشیاری لەدایک ئەبێت و پاشان هیچ هوشیارییەکیش نیە ڕێگەی لێبگرێ درەنگ پێبگرێ . ڕەنگە ئەم ڕوونکردنەوەیەی من باسەکەی عەباس باشتر بکات ، لەبەرئەوەی باسەکەی لەگەڵ ڕوونکردنەوەکەی من تەنها "پێش یان پاش" ە کەی جیاوازە .

ئەو دەمەتەقێیەم باش لەیادە ، عەباس لەوڕۆژەدا بەتامەزرۆیەکی زۆرەوە حەزو شەیدایی ، لە بیروڕاکانی کۆچەرە بوو ، ئاگام لێبوو عەباس بەچجۆرێ دیقەتی کۆچەرە ئەیات و پاشان سەری ڕەزامەندی بۆ کۆچەرە ئەجوڵێنێ . ئەمە لەکاتێکدایە کۆچەرە هیچ وانەیەکی دەربارەی فەلسەفە نەخوێندبوو ، بەڵام هەمیشە هەستم ئەکرد ، کۆچەرە خەڵوەتێکی جیاوازی هەیە ، جیاوازتر لەخەڵوەتی هەموو کەس . هەمیشە ئەو هەستەم هەبووە "کۆچەرە"ی خوشکم کەسێکی داناو خۆڕاگرو دونیا دیدەیە . وتم دونیا دیدە ، بەڵام لەڕاستی دا کۆچەرە دونیای لە تیڤی و تەماشاکردنەوە نەبینیبوو ، بەڵکو دونیا بینی ئەو ،

پەیوەندی بەخەڵوەتو بیرکردنەوەو هونەرە جیاوازەکانی مەشقی یۆگاوە هەبوو . هیچ کاتێک کۆچەرەم نەدیووە ، پەشیمانی بۆ قسەیەکی خۆی دەرببڕێ . هەندێجار بۆ تاقیکردنەوە عەباس خۆی ئەدا لەگێلی ، بەڵام کۆچەرە بەخێرایی ڕاستی ئەکردەوەو پاشان عەباس بۆی ئەگێڕامەوە ، گوایە بەئەنقەست ئەوەم وتووە هەتا بیروڕای کۆچەرە بزانم ، بەڵام دوایی هیچ گومانێکم نەماوە کەمن بەرامبەر کۆچەرە ، دەربارەی میتافیزک و هەموو شتێک هیچ نیم بێجگە لەقوتابییەکی سێی سەرەتایی .

ئەو ڕۆژە کۆچەرە لەسەر "حەپ" قسەیەکی ئەوتۆی تری نەکرد . بەڵام سروشتی خوشکەکانی من وابوون ، هەرکاتێک لەدەوام ئەهاتنەوە ، یەکەم شوێن کەسەردانیان ئەکرد ژوورەکەی من بوو ، خوشکەکانم هەریەکێکیان کێوێکە بۆ من.!

3

## دوای یەک مانگ  لەبیرچونەوەی یادەوەرییەکانم

لەبەشی یەکەمی ئەم حیکایەتەدا  بەم ڕستەیە "چ کارەساتێکە "مرۆڤ" بەئێشی خۆی پێبکەنێت" !. کۆتایمان بەو بەشە هێنا ، ئێستا یەک مانگ  بەسەر حاڵەتەکەی مندا  تێپەڕیوەو  هیچ ئاسۆیەک  بۆ  گێڕانەوەی  "یادەوەریم"  بەدی  ناکرێت  .  خوشکەکانم    بەردەوام  لە  گەڵمن  و  تەنانەت  "کاژین" چەرپاکەی جوت کردوە  لە  چارپاکەی  من  و  شەوان  لە ژوورەکەی  من  ئەنوێت  .  کاژین    هەموو  کاتەکانی تەرخانکردووە  بۆگێڕانەوەی ڕابردووی من . ئەو  سەری  لە تەنیشت  سەری  من ، لەسەر"سەرینەکەی"   من  دائەنێت  و

"سەرینەکەم وەک جانتایەک ، بەدەم گێڕانەوەکانی کاژینەوە ، پڕبووە لەیادەوەریەکانمان". کاژین بۆ چرکەیەک چی یە ، ماندوو نابێت و کاتێ پرسیارێکیشم دەربارەی گێڕانەوەیەکی لێدەکات . من پێیئەڵێم "هیچم لەیادنیە" ئەویش بێ ئەوەی توڕەو خەمبار بێت ، بە بزەیەکەوە "ئەڵێ قەیناکە ، من هەموویم لەیادە" . من هەست ئەکەم خوشکەکەم کاژین بەدەست حاڵەتەکەی منەوە بەتەواوی گیرۆدەبووە ، هەرچەندە پێیئەڵێم ، کەدڵنیام برای تۆم و یادەوەرییەکانت هەمووی ڕاستن . بەڵام ئەوەندە خۆت خەریک مەکە بە منەوە . لەبەرامبەر ئەم قسانە ، کە پێیدەڵێم ، باوەشم پیائەکات و بەبێ ئەژمار ماچم ئەکات . هەست ئەکەم ئەو زۆر لاواز بووەو ، ژەمە خواردنەکەی بە باشی بۆ ناخورێت . دڵی هەر لای منەو ، منیش هەمیشە پێیئەڵم " تۆ خوشکە چاو پشیلەکەی منیت" لە ڕاستی دا من نەمئەزانی ، پێش ئەوەی تووشی ئەم حاڵەتەبم " هەر بەکچی جوانی چاو پشیلە" لەڕابردودا بانگم کردووە . بەڵام کاتێ بەنەفەسی ڕابردوو "کچی جوانی چاو پشیلە" بانگی دەکەم .

ڕووخساری ئەگەشێتەوەو وائەزانێ یادەوەریم گەڕاوەتەوە . ئەمە لە کاتێکدایە ئەوکاتەی تازە تووشی ئەم حاڵەتە بوبوم ، ئەو دەمەی وەک تازە ناسیاوێک ئاشنای بوبوم . بەناوی خۆی "کاژین" بانگم کرد . ئەویش لەو کاتەدا ئەیوت "کاژین ؟! ... تۆ کەی بەو شێوەیە بانگت کردووم" دواتر زانیم ، پێش ئەوەی وام لێبێت ، کاژینم " بەکچی جوانی چاوپشیلە بانگ کردووە" ئێستاش کاتێ بە نەفەسی جاران و بەبێ یادەوەری ئەوسا ، کاتێ "بەکچی جوانی چاوپشیلە" بانگی ئەکەم ، دڵی ئەوەندە پاک و "خێرا وەرگرە" وائەزانێ یادەوەریم گەڕاوەتەوە .

ئێستا یەک مانگ بەسەر حاڵەتە دەگمەن و خەمهێنەرەکەی مندا تێپەڕیووە . کاژین وازی لە دەوامەکەی هێناوەو بۆ کاتێکی نادیار مۆڵەتێکی بێ مووچەی کردوە . زۆرجار لەسەر دەوامەکەی قسەی لەگەڵ ئەکەم و ئەمەوێت هانیبدەم بچێتەوە بۆ کارەکەی . بەڵام بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابێت و کاتێکیش ئەوباسەی لەگەڵدا ئەکەمەوە ئەڵێ : ئێستاو ، ڕابردوو و ، داهاتووی من "تۆیت" من بێجگە لە

تۆ هیچ کەسێکی تر  توانای ئەوەی نیە  تەواوم بکات . بەکورتی "من و تۆ ، ئەو سێوەیەین  کەناهێڵم  چەقۆکانی ڕۆژگار  لەتمان بکات" . ئێستا  لە ژوورەکەی منەو  بۆ هەمیشەش  بەتەمایە  هەر لێرە  بمێنێتەوە . ئەو زۆر لاواز بووەو  هەندێجار  ژەمە خواردنەکەی خۆی  تەواو  ناکات و  کاتێکیش  لێی دوبارە ئەکەمەوە  کە بۆچی ناخوات ، لەبەرامبەردا  ئەڵێ "بۆم ناخورێ" یان ئەڵێ زورم خوارد . ئەو  زۆر  سەیرە  ،  لەوانەیە  لەڕابردوشدا    وابووبێ  ، لەبەرئەوەی وەک کۆچەرە  ئەو  ڕۆژە  بۆی گێڕامەوە ، من و کاژین  هەتا تەمەنی هەژدە ساڵیش لەیەک ژوورو  تەنانەت لەسەر یەک چەرپای گەورە نووستووین . کۆچەرە  ئەو ڕۆژە  ئەیوت : بێجگە  لەوەی بەیەک سک لەدایک بوون ، نزیکەی  هەژدە ساڵیش لەسەر یەک چەرپا  بە تەنیشت یەکەوەو  لە یەک  ژوور خەوتون . لەڕاستی دا من هیچ شتێکی وام لەیاد نیە . یادەوەریشم بەهیچ  شێوەیەک هاوکارم نیەو ، لەمبارەیەوە  هەست  بە ئازارێکی  ناوتەنی ئەکەم . ئازارێک لەهەموو سوچێکی ماڵەکامانەوە  دەست

پێئەکات و  پاشان دێتە دەمارەکانمەوەو  دواتر وەک بومەلەرزەیەک عەرشی خەیاڵدانم ، جارێکیتر و بە شێوەیەکی تر خاپوور ئەکات.!

ئازارێک  وتەنی نیەو ، لەهەموو سوچ و  قوژبنێکی ئەم ماڵەدا بەچاو ئەیبینم ، من تەنها چاوم ئیش ئەکات ، هیچ کاتێ ناتوانم بڕوا  بەوەبکەم کە بیست و پێنج ساڵ  لەم خانوە جوان و قەشەنگەدا  لەگەڵ "خوشکەکانم" ژیابم . هیچ کاتێک توانای ئەوەم نیە ، ئەو هەموو ساڵەی تەمەنم ، لەماوەی تەنها  مانگێکداو   لە ڕێگای  گێرانەوەی خوشکەکانم و ڕۆژان و عەباسەوە تێبگەم . هەست  ئەکەم  دڵم وەک جاران لێنادات و بوومەتە کۆسپێکی گەورەش لەبەردەم ، ئیشکردنی دڵی ئەوانیشدا .  دەیانجار بەخوشکەکانم  وتوە ، خۆتان گیرۆدە مەکەن بەمنەوە ، بەڵام هەموویان "خوا لێیان ڕازی بێت" قسەکانی منیان  بەبێ نرخ  زانیوەو لەبەرمبەردا باوەشی  تەنگانەو ماچە بارانەیان کردووم . هەندێجار بەدەم ژیانە تازەکەی خۆمەوە پێئەکەنم و  پاشان ئەو گاڵتەجاڕیانەی کە عەقڵم دروستی ئەکەن ، ئێشێکی دەرونی

سەخت ، بەدەمارەکانمدا ئەگەیەنێتە دڵم . هەرسێ خوشکەکەم ، یەک لەدوای یەک ، گرنگیم پێئەدەن و بەم حاڵەشەوە ناتوانم فەزلی ئەمیان بخەمە سەر ئەویتریان . ئەوان هەموویان چاکن. بەڵام دڵم بۆکاژین لەهەموویان زیاتر "بەخراپی ئەسوتێ" لەبەرئەوەی کاژین هەموو حەزوو ئارەزووەکانی خۆی هێناوەتە ژوورەکەی من و ، ئەو حەزو ئارەزووەکانی لەبینینی من و ژوورەکەمدا ئەبینێ . هەندێجار بەدەم گێڕانەوەی یادەوەرییەکانەوە، یاری بەپرچم ئەکات و وائەزانێ پرچی خۆیەتی. ئاگام لێیە ، زۆرجار قژم ڕائەکێشێ ، ئەمە لەکاتێکدایە ، وائەزانێ قژی خۆیەتی لە پەنجەکانی ئاڵاندووە . ئەو بە جۆرێک تێکەڵی من بووە ، هەموو شتێکی من ، بە موڵکی خۆی ئەزانێ و کاتێکیش بێ ئومێد ئەبێت لەگێڕانەوەی یادەوەرییەک ، کەمن ئاگام لێینیە "ئەڵێ قەیناکە ، من هەموویم لەیادە . "

خوشکە جوان و چاوپشیلەکەم ، کە پێشتر گوایە من بەو ناوە بانگم کردوە ، کاتێ بەو ناوە بانگی ئەکەمەوە ، هێندە دڵپاک و خۆشباوەڕە وائەزانێ یادەوەریم گەڕاوەتەوە !.

ئەو زیاتر لەمانگێکە ، هیچ ژەمێکی لەخواردن بەباشی نەخواردووە ، کەمێک لاواز بووەو ، ئێستا کەپێدەکەنێت ، چاڵەکانی سەر ڕوومەتی بەباشی خۆیان نانوێنن . کەمێک پێش ئێستا پێموت : ئەگەر بەباشی نانەکەت نەخۆیت "ئیتر برایەتی تۆ ناکەم" بەڵام ئەو لەوەڵامدا وتی : "براکەم تۆ برای منی بۆ ئەبەدی" هەر ئەوەندەی نەوت بەڵکو دوای ئەوەی "سەدان ماچی کردم" دواتر بە دەنگە تایبەت و پڕ حەسرەتەکەیەوە وتی : ئەوەی کە دەیخۆم بەبۆنەی تۆ وەیە ، من بێجگە لەتۆ "دڵ" بەهیچ کەسێکی تر خۆشناکەم . لەڕاستی دا "من" ئەمڕۆ ئەمەوێ فێڵێکی کاتیی ، یان درۆیەک بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە بۆ کاژین بکەم . تەنها لەبەرئەوەی ژەمە خواردنەکەی بەباشی بخوات . ئێستا هەرچەندە "بە پەنجەکانی" یاری بەقژم ئەکات ، ئەمەوێت یادەوەرییەکی بۆبگێڕمەوە ، بەڵام ئەو یادەوەرییەم چەند ڕۆژێک پێش ئێستا لەدەمی "کۆیار"ی خوشکەمەوە بیستووەو خۆم لەیادم نەبووە . ئەمەوێ وای لێبکەم "باشتر نان بخوات" بۆیە سەرم لەسەر جانتای بیرەوەرییەکانم

هەڵبڕی و پێموت : کچی جوان و چاو پشیلە ، ئەوەت لەیادە کاتێ تەمەنی هەردووکمان بوو بەهەژدە ساڵ . ئەو شەوەت لەیادە ، کاتێ کۆچەرە کێکێکی گەورەی بۆ دروست کردبووین و ناوی من و تۆو ساڵی تەمەنەکەمانی لەسەر نووسرابوو . پاشان تۆ بەدەستێک جلی سپیەوە تەنانەت قردیلەکانیشت سپی بوون و گوڵی تەوقەکەشت هەرسپی بوون . لە بیریشمە کێکەکەش بە کرێمێکی سپی ڕوو پۆش کرابوو . پاشان من بەدەستێ جلی ڕەشەوە بۆینباخە سپییەکەم دابەتۆ هەتا بۆم چاکبکەیت.

کاتێ ئەم قسانەم کرد ، کاژین لەناکاو هەستاو دواتر هەردوو دەستی گرتم و پاشان وتی : بەڕاست لەیادتە.

من هیچم لەیاد نەبوو ، ئەو قسانەم لە کۆیاری خوشکەمەوە بیست بوو . بەڵام لەبەرخاتری ئەوەی " خوشکەکەم کاژین" بەباشی ژەمە خواردنەکەی بخوات . لەبەرخاتری ئەو ، ئامادە بووم "درۆبکەم بەڵام بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە" لەبەرخاتری خوشکەکەم ، ئامادەبووم باجێکی گران بدەم کەنەمدەزانی نرخەکەی چەندە . خوشکە جوان و چاوپشیلەکەم کاژین ،

ئەوەندە جوان بوو نەمدەویست "گێلێتییەکەی من" ئەو جوانییەی ئەو بشێوێنێت . لەڕاستی دا باجی جوانی زۆر گرانە ، هەرکەسێک ئەو توانایەی هەبێت و بتوانێت لەجوانی تێبگات ، لەبەرامبەردا هەرگیز ناتوانێ خۆی بەرامبەر کەلێنەکانی هۆش و چاڵە ترسناکەکانی خەیاڵدان گێل بکات . بۆیە ئەمویست چش لە خەیاڵدانی خاپورو وێرانم بکەم و ، ئەم حەپۆلی و گێلێتییەی من ، نەبێتە بەربەست لە ناشرین تەماشاکردن ، بۆ جوانییە سروشتییەکەی ئەو . ئەو هەرئەوەندەی وت "کەبەڕاست لەیادمە" من سەری ڕازی بوونم بۆ لەقاندوو دواتر "کاژین" وتی : دوای ئەوەی من بۆینباخە سپییەکەم بۆبەستی ، چیتر ڕووی دا.

لەڕاستی دا "کۆیار" هەر ئەوەندەی بۆ گێڕابوومەوە ، بۆیە نەمدەزانی دواتر چی ڕووی داوە ، بەڵام لەخۆمەوە وتم : تۆ ، دوای ئەوەی بۆینباخەکەت بۆ بەستم ماچت کردم.

کاتێ وام پێوت وتی : چەند ماچم کردی ؟.

لەڕاستی دا من نەمئەزانی ، ئەو قسەیەشم لەخۆمەوە کرد ، بەڵام پێموت : نازانم بەڵام ئەوەم لەیادە کەزیاتر لەماچێکت کردم.

کاژین زۆر جوان گوێی بۆ گرتبووم ، لەسەر چەرپاکەی من بوو ، ئەو سەری ئەخستە سەر سەرینەکەی من و ، سەرینەکەی منی ، بە بۆنخۆشترین بۆن ئەشوبهاندو هەتا نیوەشەوێکی درەنگ باسی "منالّی و ژیانی ڕابردووی" بۆ ئەکردم . کاتێ ئەو یادەوەرییەم بۆ گێرایەوە ، نەیهێشت قسەکانم تەواو بکەم و پاشان وتی : من لەیادمە کەزیاتر لەسەد ماچم کردی . ئەو شەوە دواهەمین شەوی من بوو لەم ژوورەی تۆ!. لەبەرئەوەی "کۆچەرە" ژوورەکەی ئەودیوی بۆ من چاک کردبوو ، هەرچەندە بەنا بەدڵیەوە ڕازی بووم ، بەڵام کەمێکیش ناچار بووم . لەبەرئەوەی کۆلیژەکەی من سەختتر بوو لەوەی تۆ ، تۆ خۆشت ئەتزانی کەمن بەدەنگی بەرز نەبوایە "سەعیم" بۆ نەئەکرا ، بۆیە حەزیشم نەئەکرد تۆی لەمن چوو ئیزعاج و بێ خەو بکەم.

کاژین ئەم قسانەی دەربارەی ئەو شەوە کرد ، کاتێ هەردووکمان "لەیەک ساتدا" تەمەنمان دەبێتە هەژدە ساڵ . لەڕاستی دا من هیچ شتێکم لەیاد نیە . بەڵام کاژین دوای ئەوەی ئەم قسانەی کرد وتی : تۆ ئەوەت ئەزانی ، کاتێ کۆچەرە ژوورەکەی منی چاک کرد ، هەندێک شەویش هەتا درەنگ ، هەر لەگەڵ تۆدا ، لەم ژوورەو لەم شوێنەدا کاتم بەسەر ئەبرد.

لەڕاستی دا من نەمئەزانی و هیچ شتێکیشم لەیاد نەبوو ، بەڵام وا خۆم نیشاندا کە تەنها ئەو تۆزەم لەیاد نیە ، بەڵکو شتی تریشم لەیادە ، تەنها لەبەرئەوەی "خوشکە جوان و چاوپشیلەکەم" ژەمە خواردنەکەی بەباشی بخوات .!

دوای ئەوەی ئەم درۆیانەم بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە بۆکرد ، هەستم کرد ڕەنگی پێستی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە . هەستم ئەکرد لەوماوە کەمەدا دڵی باشتر لێدەدات و خوێن بەدەمارەکانی دا باشتر هاتوچۆ ئەکات . من هیچ شتێکم دەربارەی ئەو یادەوەرییە نەئەزانی کاتێ بۆمگێڕایەوە . بەڵکو ئەو یادەوەرییەم لە کۆیارەوە بیستبوو. کاژین دڵێکی

ساف و پاکی هەبوو بۆیە قسەکانی منی بەزوویی وەرگرت و ، هەستم کرد لەوماوە کەمەدا ، قسەکانی من ، گۆرانکارییەکی گەورەیان لەشێوەو ڕووناکی ڕووخساری دا دروست کردوە . هەستم کرد دڵیم خۆشکردووە ، وەک چۆن هەستیشم ئەکرد لەخۆشەویستی خوای گەورە نزیک ئەبمەوە . لەبەرئەوەی ئەو ڕۆژە "ووتەیەکم" لەدەمی کۆچەرە وە بیست کاتێ ئەیوت : هەرکەسێک دڵی کەسێکی تر خۆشکات ، بەخێراییەکی زۆر لە خۆشەویستی خوای گەورە نزیک ئەبێتەوە .. ئەم ووتەیەم لەکۆچەرەوە بیستبوو ، کۆچەرە دوێنێ لەهەمان شوێنی ئێستای کاژین دانیشتبوو ، کاتێ لە باسکردنی بابەتێکدا ئەم قسەیەی بۆ کردم . لەڕاستی دا نەمئەزانی مەبەستی چیە لەبەرئەوەی بابەتەکە پەیوەندی بەڕابردووی دوورو تولانی منەوە هەبوو . ئەوەندە نەبێت کە لە ڕستەیەکیدا تێگەشتم "باسی خۆشەویستی و دڵخۆشی ئەکرد" ئەو ڕستەیەی بەیەک هۆکارەوە ئەبەستەوە کەپێویستە مرۆڤ بیگرێتە بەر ، بەهەر

شێوەیەک بووە . منیش بۆیە ویستم ئەو درۆ سپیی و ئاویە بکەم گوایە ئەو یادەوەرییەم لەیادە ، هەتا ئەو هۆکارە بدۆزمەوە بۆ دڵخۆشکردنی خوشکەکەم و پاشان ئەگەر حەدم هەبێت نزیک بوونەوەیەک لەخۆشەویستی خوا بەدەست بێنم .

ڕێگاکانی نزیک بوونەوە لەخوا زۆرن ، هەروەک چۆن کۆیاری خوشکم دوو ڕۆژ لەمەو پێش کاتێ یادەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ مندا ئەگێڕایەوە ، ئەو باسەی تێکەڵ ئەکرد لەگەڵ یادەوەرییەکان . کۆیار دوو ڕۆژ لەمەوپێش ، دوای ئەوەی باسی ئەوڕۆژەی بۆکردم ئەو ساتەی کە "من و کاژین" دوای ئەوەی تەمەنمان ئەبێتە هەژدە ساڵ ، قوناغێکی تر لەژیانمان دەست پێئەکات . قۆناغێک کە من هیچ چرکەیەک لەو قۆناغەم لەیاد نیە . بەڵام کۆیار دوو ڕۆژ لەمەو پێش ئەیوت : تۆ لەدوای هەژدە ساڵییەوە بەشێوەیەکی خێرا گۆڕایت . کاتێ باوکی ڕۆژان نەخۆش کەوت ، ئەو کاتە تۆ تەمەنت نۆزدە ساڵان بوو . بیرمدێ هەموو ڕۆژێک ئەچووی بۆلای، پاشان ئێمە

، کاتێ پێمان ئەوتی ، بۆچی هەموو ڕۆژێک دەچیت ، ئایا لەبەرئەوەیە "ڕۆژان" ببینیت یان لەبەر ئەجری دراوسێییەتی؟. تۆ ئەتوت "نەخێر" نە لەبەر ڕۆژان و نە لەبەر ئەجری دراوسێییەتی یە، ڕەنگە "ڕۆژان و ئەجری دراوسێییەتی" کاریگەرییان هەبێت . بەڵام من لەبەرئەوە ئەڕۆم " هەتا خوای گەورە لەنزیکەوە بمبینێ" . پاشان ئەتووت : هەموو کەسێک خوا ئەیبینێت ، بەڵام کاتێ سەردانی نەخۆشێک ئەکەیت و لایەوە دائەنیشیت ، ئەو کاتە خوا لەنزیکەوە ئەتبینێت.!

کاتێ بەنیوە ناچڵی یادەوەرییەکەم بۆ کاژین گێڕایەوە ، ئەوەی پێشتر "کۆیار" بۆمنی گێڕابوەوە ، خۆم کرد بەخاوەنی یادەوەرییەکەو تەنها ویستم "لەڕێگەی ئەو درۆ جوانەمەوە" کەمێک لە ئارەزووی خواردن ، بۆ کاژینی خوشکم بگێڕمەوە . ئەو بەشێوەیەک لاواز بوبو کە هیچ شێوەیەکی نەئەچوەوە سەر شێوەی یەک مانگ لەمەو پێشی . ئەوەندە لاواز بوبو ، کاتێ شوێنێکی بەرجەستەم ئەکەوت هەستم بەڕەقی ئێسقانەکانی ئەکرد . ئەو شێوەی

بەجۆرێک تێکچو بوو ، وەک ئەوەی لەمانگێکدا ، نەخێر لە ساتێکدا بە خێرایی ، دە کیلۆ لە کێشی لێکەیتەوە . ئەو بەشێوەیەک لاواز بو بو ، کاتێ خۆی بەشانەکانمەوە ئەگرت ، هەستم بەهیچ قورساییەکی جەستەی نەئەکرد . ئەمە لەکاتێکدایە یەک مانگ لە مەو پێش کەسێکی تر بوو . بەڵام دوای ئەوەی یادەوەرییەکەم بۆ گێڕایەوە هەستم کرد وزە ئەگەڕێتەوە بۆدڵی و لەوێشەوە بەدەمارەکانی دا ، تەواوی ئەندامەکانی جەستەی ئەگرێتەوە . زۆر جوان لەسەر چەرپاکەم دانیشتبوو ، قۆڵێکی کردبووە قۆڵم و هەندێجار بە چاوە جوانە پشیلەییەکانی ئەیڕوانیە چاوم و وەک ئەوەی هەموو شتێکی خۆی لە چاوی مندا ببینێت !. زۆر بەجوانی دانیشت بوو . هەستم بەڕەقی ئێسکی باڵەکانی ئەکرد ، کاتێ هەڵیکێشابوو لەباڵەکانی من . هەندێجار ئێسقانەکانیم ئەبینی بە حاڵ گۆشتی پێوە نوسابوو ، ئەمویست زیاتر دڵ خۆشی بکەم ، لەڕێگای "درۆکانمەوە" . لەڕاستی دا هەستم بەتاوان نەئەکرد "کاتێ درۆی بۆ ئەکەم" بەڵکو هەستم ئەکرد کەسێکی داهێنراوم

بۆ ئەو کارە . کەسێکم بەدڵێکی ئاوساوەوە ، بە ویژدانێکی بیمارەوە ، بەو پەڕی ڕاستگۆییەوە "درۆی جوانی بۆ ئەکەم" !. بەڵام بڵێم چی ، ئەمە دواهەمین ڕێگایە کە بتوانم لەوێوە "ئارەزووی خواردن و خۆشگوزەرانی" بۆ دڵ و دەروونی "خوشکەکەم" بگێرمەوە.!

لەوە ناچێت خوشکەکانی تریشم باشبن ، بەڵام هەرچۆنێک بێت لەکاژین باشترن . لەبەرئەوەی ئەوان بەتایبەت "کۆچەرە" ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانەو ، هەمیشە ئاگام لێیە بەچ شێوەیەک حیکمەتەکانی بەکاردێنێ ، لە پێناوی ئەوەی من باشتربم . کۆچەرەو کۆیار "هیچ باش نین" بەڵام ئاسۆی تێگەشتنی ئەوان ، لە ئاسۆی بیرکردنەوەی کاژین ناچێت و کاژین دوای ئەوەی "دەیان کتێبی گەورەی" دەربارەی نەخۆشییەکەی من خوێندەوە ، دوای ئەوەی سەدان سێرچی کرد ، ئینجا گەشتە ئەو بڕوایەی "کە ڕێگاکانی گەشتوونەتە بێ شوێنێ" بۆیە بەم حاڵەوە ئەیبینم . کاژین ئەوەندەی تۆزێکی ماوەتەوە ، هەست بەبێهێزی و کێشی لە دەستچوی جەستەی ئەکەم . ئێستا

کەقۆڵێکی لەقوًّلمدایەو لەسەر چەرپاکەم دانیشتووە . چاوەڕێی ئەوە ئەکات ، تەواوی یادەوەرییەکەی بۆ بگێڕمەوە . ئەمە لەکاتێکدایە ، خۆی بەشێکی یادەوەرییەکەی تەواو کرد . بەڵام چاوەڕێی ئەوەیە ، دوای ئەوەی ئەچێتە ژوورەکەی خۆی، ئەو ژوورەی ، پاش تەمەنی هەژدە ساڵی "کۆچەرە" بۆی ڕازاندۆتەوە. بۆیە لەو کاتەدا کاژین باڵی وشیم و دواتر ووتی : چیترت لەیادە ؟. لەڕاستی دا من هیچم لەیاد نەبوو ، بەڵام کۆچەرەو کۆیارو ڕۆژان و هەندێجار عەباسی میتافیزکیش ، شتێکیان دەربارەی ڕابردووی من ئەگێڕایەوە ، منیش هەوڵم ئەدا ، لەقسەو گێڕانەوەکانی ئەوان کەڵک وەرگرم و لەو ڕێگایەوە دڵی کاژینی پێ خۆشبکەم . بۆیە وتم : ئەو شەوەی بۆ یەکەمجار بەتەنها لە ژوورەکەی خۆت نوستیت ، سەرینەکەی خۆتت لەگەڵ سەرینەکەی من گۆڕییەوە !. کاتێ ئەم قسانەم بۆکرد ، باڵی وشیم و پاشان لەخۆشی دا نەیئەزانی چی بڵێت . هەستم ئەکرد بە درۆکانم "دڵم

بەخراپی تەنگ ئەبێت" بەڵام ئامادە بووم ، لەپێناوی ژین و ژیانی خوشکەکەمدا هەموو ڕێگایەک بگرمەبەر..

لەڕاستی دا ، هیچم لەیاد نەبوو ، بەڵکو ئەو ڕووداوەش "کۆچەرە" پێشتر بۆی گێڕابوومەوە ، کۆچەرە ئەو ڕۆژە ئەیووت : کۆنترین شتی ئەم ماڵە "سەرینەکەی" تۆیە ، ئەو سەرینەی یەکەم شەوی جیابوونەی کاژین ، لەگەڵ سەرینەکەی تۆدا گۆڕییەوە . کاژین ئەو سەرینەی زۆر خۆشئەویست ، نازانم بۆچی ئەوەندە هۆگری ئەو سەرینە بوو !. کۆچەرە ئەو ڕۆژە ئەیووت : هیچ شتێک کۆن نیە لەماڵی ئێمەدا "بێجگە لەسەرینەکەی کاژین" ئەو سەرینەش ، سەرینە کۆنەکەی تۆیە .!

کاژین باڵی بەتوندی گرتبووم ، بەشێوەیەک باڵی گرتبووم ، بەڕاوچی دەهاتە پێش چاوم ، لەو جۆرە ڕاوچیانەی کاتێ بێ ئومێد ئەبن لەنێچیرێک و پاشان لەناکاو نێچیرکە خۆی ئەکەوێتە دەستیان . کاژین بەجۆرێ باڵی گرتبووم ، هەستم بەڕەقی ئێسقانەکانی ئەکرد . هەندێجار ئاگام لەئاهەکانی بوو کەچۆن و بەچجۆرێ گۆرانکاریان

بەسەردا هاتووەو لە ئاە و هەناسەی مانگێک لەمەو پێشتری ناچن . من ئامادەبووم "درۆی زیاتری بۆبکەم" بەڵام هەستم بەگۆڕانکاری شێوەو لێدانەکانی دڵی دەکرد بەرەو باشتر ئەڕۆن . بۆیە جارێکیتر سەیرێکی چاوە پشیلەییەکانیم کرد و پاشان لەو پەڕی دڵشکاویمدا ، کە ئەو هەستی پێنەئەکرد ، دەستێکیم گرت و دواتر پێم وت : چی بخۆین ، من برسیمەو ئەمەوێ هەر ئێستا نان بخۆین؟.

دەستی لەناو دەستمابوو . هەستم بەڕەقی ئێسقانەکانی ئەکرد . بەڵام ئەو هەرچەندە بەو دوو گێڕانەوەیەی من ، کەمێک ئاهـ بە جەستەو دەرونیدا هاتبوەوە وتی : خواردنی دڵخوازی تۆ چی یە ؟.

لەڕاستی دا من نەمئەزانی ، بەڵام بەپێی گێڕانەوەکانی خوشکەکانم بێت ، لەڕابردودا حەزێکی زۆرم لە پەتاتەی سورەو کراو هەبووە ، تەنانەت "کۆچەرە" بۆی گێڕابومەوە ، جارێکیان بەکاژێنم وتوە : ئەگەر هەستت بەخەمباری کرد ، تاوەیەک پەتاتەی سورەوەکراو بە کەچەپ و

ماینوزەوە بخۆ ، لە بەرامبەردا هیچ خەمێکت نامێنێت و ئەو شەوە بەقوڵێش خەونت لێئەکەوێت.!

ئەم یادەوەرییە پێشتر کۆچەرە بۆمنی گێڕابوەوە ، بۆیە وەڵامم دایەوەو وتم : تاوەیەک پەتاتەی سورەوە کراو ، بە کەچەپ و ماینوزەوە ؟.

کاتێ خواردنی دڵخوازی خۆم بۆ باس کرد ، خێرا منی بۆ موبەقەکە پەلکێش کرد ، دوای ئەوەی لەسەر کورسییەک لە تەنیشت مێزی نان خواردنەکەوە داینیشاندم . ئاگام لێبوو بۆ پەتاتە ئەگەڕا ، بەڵام نەیدۆزیەوە . دواتر ئاگام لێبوو ، بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ کۆیارو کۆچەرە بەجیا کرد . ئاگا داربووم "بەدڵێکی پاک و پڕ هیواوە باسی چاکبوونەوەی منی ئەکردو" پاشان داوای لێکردن هەرکامێکیان زوو هاتەوە "پەتاتە" بێنێتەوە . لە موبەقەکە زۆر دانیشتین ، کاژین هەموو خولیاو ئاواتێکی بینینی من و ، باشی من و ، یادەوەرییەکانی من بوو . ئەو هەمیشە هەوڵی ئەدا زۆرم لێنەکات ، ئەو پێیئەوتم ، ئەگەر تۆ لەیادت نیە "قەیناکە من لە یادمە" ئەو بەو قسەیە زیانێکی زۆری لەدڵی خۆی ئەدا .

منیش پێشتر کۆچەرە و کۆیارم ئاگادار کردبوە وە " هیچم لەیاد نیە "بەڵام لەبەر تەندروستی "کاژین" ئامادەم هەموو کارێک بکەم . کۆچەرە و کۆیار بەوپێیەی ئاسۆی بیرکردنەوەیان فراوانترە نەک ڕازی بوون ، بەڵکو پێشیان خۆش بوو ، بیرکردنەوەیەکی لەو شێوەیە ، هاتۆتە خەیاڵدانە شەق و شڕەکەمەوە .

نزیکەی چارەکێک لە موبەقەکە ماینەوە ، کاژین بەردەوام تەماشای ئەکردم ، هەندێجار بزەیەک ئەیگرت و هەستم ئەکرد لەو بزەیە ناچێت کەپێشتر دوو چاڵی لەسەر ڕوومەتەکانی دروست ئەکرد . ئەو پێشتر زۆر جوان بوو ، بەڵام ئێستا لاوازی و خەفەتی من ، ئەویان بەشێوەیەک پوکانۆتەوە بەهیچ شێوەیەک لەو کەسە ناچێت کە مانگێک لەمەو پێش بینیومە.

هۆگری کاژین بۆمن "لەناو سکی دایکەمەوە" دەست پێئەکات . هۆگرییەک ، دڵنیام یەک لایەنە نیە ، بەڵام من هیچ شتێک دەربارەی ئەو لایەنەی ڕابردووی خۆم نازانم هەتا "لەتە" نوقسانەکەی ئەوی پێپڕبکەمەوە . هیچ شتێک

دەربارەی ئەو بیست و پێنجساڵەی تەمەنم بە هیچ شێوەیەک لە یاد نیەو ، توانای ئەوەشم نیە ، جارانبم . زۆرجار خۆم لەیاد ئەچێتەوەو ڕووخساری خەمگینی کاژین و جەستە لاوازەکەی وام لێئەکات ، برین و یادەوەرییەکانی خۆم لەیاد بکەم و بۆ ژینی تێکچوی ئەو ، هەوڵە نوقسانەکانم بخەمە گەڕ . زۆرجار خەیاڵم مێرووولەیەک ئەکات بەڵام هەست ئەکەم ئەو مێرووولە کردنە پەیوەندی بەفشاری دەرونمەوە هەیەو هیچ لینکێکی لەگەڵ ئەندێشەکانمدا گرێنەداوە . ئاگادارم " کۆچەرە" زوو زوو سەردانی دوکانەکەم ئەکات و هەوڵئەدات سەرە داوێکی دەربارەی نەخۆشییە شوم و لەناکاوەکەی من دەست بکەوێت . کۆچەرە زۆر گەشبینەو ئەو ڕۆژە بەوپەڕی متمانەوە ئەیوت : تۆ چاک ئەبیت و پاشان "دڵت وەکو جاران لێئەدا" . نازانم کۆچەرەی خوشکم ئەو هەموو متمانە بەخۆ بوونەی لەکوێ هێناوە !. کۆچەرە حەکیمەیەو لە ئێستادا نازانم دڵو عەقڵی چی تیایە . بەڵام کاتێ بەوپەڕی متمانەیەوە قسە لەسەر چاکبوونەوەی من

دەکات ، هەست بەخۆشییەکی لەڕادەبەدەر ئەکەم و هەموو هەست و متمانەم ڕادەستی ئەو ئەکەم . ئەو بەردەوام سەردانی دەورو پشتی دوکانەکەم ئەکات و ئەو ڕۆژەش "هاردی" هەموو کامێراکانی چاودێری ، دوکانەکەی من و دەورو پشتی هێنابوەو بە ئارامییەکی زۆرەوە ، چاودێری ئەو هەزارن کاتژمێرەی ئەکرد کە کامێراکان تۆماریان کردبوو . ئەو ئەیەوێت ، لەوساتانە تێبگات کەبۆتە هۆکاری سەرەکی لەبیرچوونەوەکەم ، هەرگیز ماندوو نابێت، لەتەماشاکردنی ئەو هەزاران کاتژمێرە لەتۆماری "خەزنکراو" . لەڕاستی دا نازانم بەتەمای چیە ، بەڵام کاتێ "ڕابردووی" کۆچەرەم بۆ ئەگێڕنەوە ، هیچ کەسێک هێندەی کۆچەرە بەتوانا نیە لە تێگەشتن و ڕوونکردنەوەو بە دواداچوونی هەر ڕووداوێک.!

کاتێ گوێبیستی ژیانی ڕابردووی خۆم ئەبم لەگەڵ کۆچەرە ، ئەو خوشکەم بەچ شێوەیەک ئێمەی پەروەردە کردوەو پاشان لە ڕێگای حیکمەتەکانییەوە بەچ جۆرێک ئێمەی لەپێگەو قوناغەکانی ژیان دامەزراندووە.

کاژین بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات بەردەوام سەیری ئەکردم. لە موبەقەکە لەسەر دوو کورسی بەرامبەر یەکتری دانیشتبووین . بەچاوە پشیلەکانی تەماشای ئەکردم و هەستم ئەکرد "درۆکانم" بە شێوەیەکی باش ، کاریگەرییان لە ئاراستەی فیزیکیی جەستەو شێوەیی دا جێهێشتووە . هەستم ئەکرد درۆکانم کاریگەری خۆیان هەبووەو "خوشکەکەم کاژین" کەمێک ڕەنگی کراوەتەوەو گەدەی ئامادەیە بۆ خۆراک وەرگرتن . ئازیزان هیچ شتێک لەوە ناخۆشترنیە "لەو پەڕی دڵشکاویدا هەوڵبدەی نان بخۆیت" بۆیە پێشتر هەستم ئەکرد ، ئەو کەمە نانەی کە کاژین دەیخوات ، دڵی هاوکاری ناکات و پێش ئەوەی تیکەیەک بخوات دەیان ئاهــ قوتئەدات . ماوەی ئەو مانگەی کەتێپەڕی ، ئەم هەستەم لە کاژین دا بەدی کردوەو ئەویش دەری نەئەبڕی . لەماوەی ئەم مانگەدا هەمیشە هەستم بەو حاڵەتە کردووە ، بەڵام کاژینی خوشکم بە هیچ شێوەیەک دەرینەئەبڕی و هەرکاتێکیش باسی نان خواردنم لابکردایە ، گوێی پێنەئەداو خۆی لەبابەتەکە

ئەدزییەوە . بەڵام ئێستا نازانم چی ڕوو ئەدات. هەرچەندە بەهۆی درۆکانی منەوە ، گوایە هەندێک شتم لەبیرە ، کەمێک شێوەی باش بووەو هەست بەلێدانی باشتری دڵی دەکەم . کەچی لەوە دڵنیا نیم ، کاتێ باسی پەتاتەی سوورەو کراوم کرد ، گوایە لەگەڵ کەچەپ و ماینوزدا "جەنگ لەگەڵ خەمدا ئەکات" چیتر ڕوو ئەدات.

ئەو ئێستا بەشێوەیەک سەیرم دەکات "چاوەکانی" تەنها "چاوەکانی" وەک خۆی ماون . ئەگینا ڕووخسارو جەستەی بەشێوەیەک لاواز بووە هەست بە بینینی ئیسقانەکانی ئەکەم . هەست ئەکەم لەماوەی ئەم مانگەدا ئەو لە گێڕانەوەی یادەوەرییەکانم ، گەورەترین باجی داوە . لەبەرئەوەی گێڕانەوەکانی بۆ کەسێکی وەک منی ، خەیاڵدان وێران گێڕاوەتەوەو هیچ ساتێک نەبووە لەو گێڕانەوەیەدا پاڵپشتییەک بۆ قسەکانی دوپات بکەمەوە. هەرچەندە منیش بەشێوەیەک لەشێوەکان لاوازیی جەستەیم پێوە دیارە ، بەڵام کۆچەرە هەموو ڕۆژێک ، لەدوای عەسرەوە ، بەشێوازە تایبەتەکەی خۆی ، بڕوای نوێ و بەهێز ، لەناخ

و خەیاڵدانمدا ئەچێنێ . کۆچەرە بۆ کاژینیش هەمان ڕێگا بەکاردێنێ ، بەڵام کاژین "بەتەنها هۆگری من بووەو" هەموو حەزو ئارەزووە نوێ و کۆنەکانی بەژیانی ئێستای منەوە خەریک کردوە. کاژین هیچ شتێک ناچێ بەمێشکیداو ، کۆچەرە بۆی گێڕاومەتەوە ئەو کاتەی کە ژوورەکانمان بۆ جیائەکاتەوەو ، دواتر ئەو ئەچێتە ژوورەکەی خۆی ، هەمان حاڵەتی ئێستای توش دەبێت . بۆیە ناچار دەبێت ، هەتا شەوێکی درەنگ هەر لەژوورەکەی من و لەگەڵ مندا بەسەر ببات.!

من هیچ شتێکم دەربارەی ئەم ڕووداوانە لەیاد نیە ، بەڵام کۆچەرە بۆی گێڕاومەتەوەو ئاگاداری کردومەتەوە ، کە کاژین بەشێوەیەک هۆگری تۆ بووە مەحاڵە بێ تۆ ، توانای ژیانی هەبێت !. من نازانم ئەم خوشکەم ، ئەم هەموو خۆشەویستییەی ، لەکوێی جەستەیدا، بۆ من هەڵگرتووە . ئەو ئێستا جەستەیەکی لاوازی هەیەو تەنها چاوە پشیلەییەکانی وەک خۆی ماون ، ئەم خوشکەی من ، لەخوشکەکانی ترم ناچێ !. ئەمیان ئاسۆی بیرکردنەوەی

بەو شێوەیە نیە " کە کۆچەرە و کۆیار" هەیانە . ئەم خوشکە سوعبەت چیەم ، ئێستا وەکو جاران نەماوە ، ئەو بەردەوام پێکەنینەکانی قوتئەیاتەوەو ، خەندەو خۆشیش بە هیچ شێوەیە ، لە دڵ و دەرونی دا مێرولە ناکات !. دڵی بەخراپی دێشێ و هەموو هیواو ئاواتەکانی ئەوەیە ، من چاکبم و بەوپەڕی هۆشیاریمەوە باسی "یادەوەرییەکانی ڕابردووی بۆ بکەم" . ئەو بەجۆرێ وازی لەدەرس و دەوامەکەی هێناوە کە بەخەیاڵیدا نایەت و ، دەرسو دەوامەکەی لە بینینی من و یادەوەرییەکانمدا ئەبینێتەوە . ئێستا لە موبەقەکە بە شێوەیەک سەیرم دەکات ، تروکانی پێڵوەکانی ئیهمال کردوەو ئەیەوێت بە تەواوی لەخۆی دا نغرۆم بکات !. ئەم خوشکە ، هاو تەمەن و دڵ بچکۆلەیەی من ، گیراوەیەکە لە من !. هەر شوێنێک لە جەستەم "بە خەیاڵدانیشمەوە" کێشەی تیابێت ، ئەو بەکێشەی خۆی ئەزانێ و گەورەتر لەوە تەماشای ئەکات کە هەیە . ئەو نزیکەی بیست خولەکە سەیرم ئەکات و هەست ئەکەم نایەوێت هیچ بڵێت!. هەست ئەکەم تەماشاکردنی ئەو بۆ

من ، دواکاری دڵ و ڕۆحییەتی و خۆی هیچ ڕۆڵێکی نیە لەو داواکارییەدا . بە جۆرێک تەماشام ئەکات ، هەندێجار پێکەنین ئەمگرێت و کاتێکیش جەستە لاوازەکەی ئەبینم "پێکەنینەکانم" قوتئەدەمەوەو ناچار ئەبم وەک و خۆی تەماشای بکەمەوە.!

نزیکەی نیو کاتژمێر لە موبەقەکە بووین ، کاتێ دەرگای بالکۆنەکە کرایەوە ، کۆیاری خوشکم بینی کە چۆن بەپەلە هاتە ژوورەو یەک عەلاگەی گەورە "پەتاتە"ـی هێنابووە وە . کاتێ کۆیار گەشتە موبەقەکە ، منی ماچ کردو "دواتر کاژین" خێرا پەتاتەکەی لەدەست وەرگرت و ، پاشان سوزگیەک و چەقۆیەکی هێناو لەسەر مێزەکە دەستی کرد بەپاککردنی . تەماشام ئەکرد ، بەپەنجە نازک و وردیلەکانی بەچ شێوەیەک پەتاتەکە پاک ئەکات . ئاگام لێبوو لەکاتی پەتاتە پاککردنەکەشدا هەر تەماشام ئەکات و سەرنجی لای منە !. زۆر ئەترسام پەنجە نازکەکانی بریندار بکات ، لەبەرئەوەی بەردەوام تەماشای ئەکردم . بۆ یە ئاگادارم کردەوە "ئاگای لەهەستەکانی بێت" لەڕاستی دا پشت

بەستن بە هەست زۆرجار مایەی گاڵتەجاڕییەو دەرئەنجامەکەی بێجگە لە پەشیمانی هیچی تری بەدوادا نایەت . بەومانایەی هەست زۆرزاڵترە بەسەر عەقڵداو ئەگەربێت و سنورەکانی نێوان هەست و عەقڵ لەبەرچاو نەگرین پەشیمانییەک وەک "چاوەڕوانییەکی چاوەڕوان نەکراو" تەواوی ژیریمان بەخۆیەوە خەریک دەکات !. ئێمە زۆرجار پشت بەهەستەکانمان ئەبەستین ئەمە لەکاتێکدایە ئەو شتەی کە پێشتر هەستمانی جوڵاندووە ، بێ لەوەی فیلتەرەکانی ژیریمانی دیبێت، بەڕاستی ئەزانین . ئەمە لەکاتێکدایە هەستمان پێکردوە ڕاستە ، ئەگینا هیچ ڕاستییەک "لەو ڕاستییەدا نیە" کە هەستێکی کاتیی، متمانەی داوە بەو ڕاستییە چرکەییە !. هەرچۆنێک بوو ئاگادارم ئەکردەوە کە ئاگای لە هەست و ژیریی بێت ، زۆر ئەترسام پەنجە نازک و ئاوییەکانی لەت بکات . ئەو خوشکەی من ، لەخوشکەکانی ترم نەدەچوو !. هەرچەندە "من و ئەو" دوانە بووین ، کەچی لەمنیش نەدەچوو . من و ئەو "زەمەن و کاژین" دوانە یەکین ، بێجگە

له دوو تا سێ خاڵی هاوبەش هیچ شتێکی تر نەبوو بەیەکەوەمان ببەستێتەوە . وەک و خوشکەکانم بۆم ئەگێڕنەوە پێشتریش جیاوازیمان هەبووە ، بەومانایەی "کاژین" کەسێکی سوعبەت چی بووەو ، منیش کەسێکی "کەمێک" گۆشەگیر . کاژین کەسێکی زیرەک و منیش کەسێکی مامناوەند ، کاژین کەسێکی لەخۆڕازی و منیش کەسێکی هەست کردو بە کەم و کوڕی ، کاژین کەسێکی کۆمەڵایەتی و منیش کەسێکی تەنهایی خواز . دەیان خاڵی تر کە جیاوازی من و ئەم خوشکەم پێکدەهێنن . لەڕاستی دا بوونی من و ئەو لەشێوەشدا جیاوازە !. ئەم ڕوونکردنەوەیم بە پێویستزانی ، تەنها لەبەرئەوەی وەهمی لە یەکچونی "دوو مرۆڤ" لە خوو ڕووخسار ، تەنانەت ژیری و ڕەوشت دا پوچەڵ بکەمەوە!. نا گونجێ و نەبووە ، دووکەس لە سەدا سەد هەموو شتێکیان وەک یەک بێت ، من ئەم بەراوردەم بە ژینی خۆم و خوشکە کەمەوە چنگ کەوتوەو ئەکرێت وەک بناغەیەک بۆ

جیاوازی هەموو کەسێک لە کەسێکی تر ڕەچاو بکرێت
.

بێجگە لەوەی لەگەڵ ئەم بیرکردنەوە پۆزەتیڤەدا ئەڕۆم ، هەندێجار واز لە هەست دێنم ، لەبەرئەوەی ئێستا هەموو ڕوانینەکانم لەسەر ئەوە کۆ کردۆتەوە "خوشکەکەم کاژین" پەنجەکانی نەبڕێت . ئەو ئێستا بێجگە لەوەی بە لایەکی چاوی سەیری من ئەکات ، بەردەوامیشە لە پاککردنی پەتاتەکان . هەندێجار بزەیەک ئەیگرێت و دواتر دەڵێ : تاوەیەک پەتاتەی سورەوە کراو ، لە گەڵ کە چەپ و ماینوز ، دوژمنی سەر سەختی خەمە . گوایە ئەم قسەیە هی منەو پێشتر بۆ خوشکەکانم کردووە . یەکێک لە یادگارییەکانم ئەم قسەیە یە ، بۆیە کاژین ، ئەم یادگارییەی منی خۆشئەوێت و حەز دەکات بە دەستەکانی خۆی زیندووی بکاتەوە . کاژین بێ ئاگایە لەوەی "من" ئەم یادگارییەم لە یاد نیەو یەکێک لە خوشکەکانم بۆی گێڕاومەتەوە! بەڵام بەدڵە پاک و هەستە سافەکەی تێکەو تووەو وائەزانێ من باش بووم

. هەرچەندە گەشتۆتە ئەو قەناعەتەی بەتەواوی باش نەبووم ، بەڵام ئەو بەوشێوەیە لێکیئەداتەوە بەرەو باشی ئەڕۆم .!

زۆری پێنەچوو زیاتر لە یەک کیلۆ پەتاتەی پاککرد ، بۆیە هەستاو لە تاوەیەکدا جوان سوری کردنەوە . دواتر لەسەر مێزەکەی بەردەمم دایانان و پاشان "کەچەپ و مایونز"ەکەی هێناو دوای ئەوەی دانیشت ، بە تامەزرۆییەوە لەگەڵ مندا دەستمان کرد بە خواردنی . ئەو بە چەتاڵەکەی خۆی هەرچەندێکی بخواردایە ، هەر بەچەتاڵەکەی خۆی ئەوەنەشی دەرخواردی من ئەیا !. زۆر جوان پەتاتەکەی ئەخواردو هیچ پەلەی نەئەکرد ، هەستم ئەکرد ، دڵی باشتر لێئەدات . بەڵام کاتێ ژیریم پشتگیری ئەم هەستەمی نە ئەکرد ، لە ڕووخساری ڕائەمام و چاوە "پشیلە ییەکانی" شتێکی بەبیردا ئەهێنامەوە !. بەڵام توانای ئەوەم نەبوو لێی تێبگەم . لەولاشمانەوە پشیلەکانی کۆچەرەش ، لە دەورو پشتمان یاریان ئەکردو ، دواتر کۆیاریش هاتە تەنیشتمان دانیشت . کۆیارو کۆچەرەی

خوشکم ، بێجگە لە چاوەکانیان هیچ خوو شێوەو کرداریێکیان لە کاژین نە ئەچوو ، ئەو دوو خوشکەی من "ئاسۆی تێڕوانینیان" ئەوەندە فراوان بوو هیچ کەسێک توانای ئەوەی نەبوو لە حیکمەت و بیرکردنەوەکانی ئەوان تێبگات بە تایبەت "کۆچەرە" . ئەو دوو خوشکەی من ، لە ماوەی ئەو مانگەدا زۆرشتیان فێرکردم ، ئەمە لەکاتێکدایە "ئەبێت لە تەمەنی توالانی و ڕابردوومدا ، چ فێرگەیەک بووبێتن بۆ من !. ئەوەی لە ماوەی ئەو مانگەدا لەو دوو خوشکەم فێربووم ، قەناعەتم هەیە، بە پێنج ساڵ ، لە باشترین فێرگەکانی دونیا نیو ئەوەندە فێر نە ئەبووم !. ئەو دوو خوشکەی من ، تێڕوانینەکانیان "وتەنی" نیەو ناتوانم باسی ئەوان ، بەتەواوی و وەک خۆی ، لەم حیکایەتەدا بگێڕمەوە ، لە بەرئەوەی "حەقیقەتی ئەوان" گەورەیەو منی لاواز تووشی شکستی گێڕانەوە ئەکات و ، هەموو سووچ و کەلێنە قوڵ و لێڵەکانی ئەوانم بۆ نابینرێ !. ئەوان یەکێک نین لە ئێمە !. سروشتی مرۆڤیش وایە ، کاتێ هەست بە بەرپرسیاری ئەکات ، لەتاو ئازاری

ویژدان توانای ئەوەی نیە باسێک بە کەمو کوڕییەوە تەواو بکات !. هەست کردنی من بە بەرپرسیاری ، گورزی گەورە لەم حیکایەتە ئەدات ، لەبەرئەوەی حەقیقەتی ئەو دوو خوشکەم "ئەوەندە گەورەیە" توانای هەڵگرتنیم نیەو ناشمەوێ گەورەیی ئەوان ، بەکەم و کوڕییەکانی خۆم بەراورد بکەم و دواتر بینوسمەوە!. نامەوێت تەواوی حەقیقەتێک کە تاڵە بۆ هەرسکردن وەک "ئەفسانەیەکی بەڕێز" خوێنەر لێی بڕوانێت !. ئەوەی ئەمەوێت دەربارەی ئەم خوشکانەم بیڵێم بە "کاژین"ـیشەوە ، ئەوان بەرەکەتی ئیلاهین و هیچ کەسێک بێجگە لە "من" خوشکی وای نیەو ناشیبێت !. ئەوەی ئەمەوێت دەربارەی خوشکەکانم بیڵێم هەرئەوەیە ، ئەوان بەرەکەتێکی ئیلاهین و بۆ من نێردراون و ناشزانم بەچ شێوەیەک بۆم ئەمێننەوە . لە ئێستا دوانیان "کاژین و کۆیار" لەتەنیشت و بەرامبەرم دانیشتوون ، کاژین تەماشام ئەکات و وادیارە کۆیار بیرم لێئەکاتەوە !. خوشکەکەی ترم "کۆچەرە" کەمێکی تر دێتەوەو ئاگادارم بێئەوی هیچ شتێک بکات، سەرێک لە

ژوورەکەی من ئەدات و دواتر "نان بۆ پشیلەکان" حازر ئەکات و دواتر به حیکمەت و لێوە ئالۆتونییەکانی ، منی لاواز ئەدوێنێ.!

ئێستا کاژین به شێوەیەک سەیرم ئەکات ، هەندێجار دووجار به چەتاڵەکەی پەتاتە دەرخواردی من ئەدات و جارێکیش خۆی . چاوەکانی ئەبریسکێنەوەو پەنجەکانی ئەوەندە ناسک و ئاوین هەندێجار لێومی پێئەسڕێ و به شێوەیەک گرنگیم پێئەدات "وەک ئەوەی کۆرپەی ئەوبم .! "

4

## شەش مانگ .. پێش لەبیرچونەوەی یادەوەرییەکانم

وەک  هەموو بەیانییەکانی تر ، ئەبوایە  هەموو  بەیانییەک پێش ئەوەی  بڕۆم  بۆ دوکان ، لە گەڵ  خوشکەکانم  نانی بەیانی  بخۆم و پاشان ڕێگەی چونە  سەرکار بگرمە بەر . سروشتی  هەرچوارمان وابوو ، دەبێت  لانی کەم "بەیانیان و ئێواران" پێکەوە  نان بخۆین بۆیە  ئەم  خووە  لای ئێمە لە ئەنجامی  دووبارە کردنەوەی  زۆرەوە "پیرۆز بو بو" هەروەک و کولتورێکی  لێهاتبوو کە چۆن  لە ئەنجامی کۆمەڵێک  لاسایکردنەوە وە دروست و پیرۆز ئەبێت !.

ئەو بەیانییە  دوای ئەوەی  نانم  لەگەڵ  خواردن ، ویستم بە تەنها  بێمە  دەرەوە بەڵام "کاژین" وەک  پیشەی هەموو

جارێکی ، بە تایبەت  لەو کاتەوەی  کە لە خەستەخانەکە دامەزرابوو . داوای  لێکردم بەیەکەوە  بڕۆین ، کاژین  لە خەستەخانە  دەوامی ئەکردو هەرچەندە خۆی پزیشک بوو بەڵام  وەک یاریدەرێک  لەوێ  دەست  بەکاربوو . دوای ئەوەی پێوتم بەیەکەوە  ئەڕۆین ، بەقسەم  کردو پاشان بەیەکەوە  لەماڵ  هاتینە  دەرەوە . دوکانەکەی  من ، هێندە دوور نەبوو  لەماڵمانەوە . هەرچەندە  ئەو خەستەخانەیەی کاژینیش  دەوامی  تێدا ئەکرد زۆر دوور  نەبوو ،  بۆیە هەندێجار "کاژین" منی  تابەردەم  خەستەخانەکە  ئەبردو دواتر مۆَڵەتی  ئەدام بگەڕێمەوە  بۆ دوکانەکەم !. سروشتی ئەم  خوشکەی من وابوو، بە جۆرێک  هۆگری من بوبو ، ئەو ساتانەشی  خۆش ئەویست  کە لەگەڵ  ڕۆژان بەسەرم ئەبرد ، تەنانەت بە بۆنەی  منەوە ، بە جۆرێک "ڕۆژان"ــی خۆشئەویست ، زیاتر بوو  لە خۆشەویستی من  بۆ ڕۆژان. ئەم  خوشکە جیاوازو  دەگمەنەی  من ، زۆرجار  لەسەر "پێنج خولەک" دونیایەک نوکتەی  لەسەر  ڕیز ئەکردم و بە شێوەیەک  خۆی نیشان ئەدا ، گوایە  لە من  گەورەترەو

ئەبێت  بە قسەی بکەم!. ئەمە لەکاتێکدایە "پێنج  خولەک لەمن گەورەترەو" ئەمەشی  وەک بەهانەو  سوعبەت و  هەندێجار بەڵگەیەک  بەکار دەهێنا ، بۆ گەورەکردنی تەمەنی . بە ڕۆژ یەک دوو کاتژمێر یەکترمان ئەبینی ، بەڵام کاتێ  شەو دائەهات ، لە ژوورەکەم  ئەیکرد بە ڕۆژی خۆی و هەمیشە ئەو هەستانەی  بۆ  دەرئەبڕیم  کە لە هەستی  کەسێک ئەچوو  دەیان  ساڵ  ئەو کەسەی  نەدیبێ و  لەو چرکەیەدا پێی شاد بوبێتەوە !. ئێواران  کە ئەهاتمەوە ، بێجگە لەوەی بە ڕۆژەکەی دا هەمیشە  بەتەلەفۆن لە گەڵم بووە ، باوەشی پیا ئەکردم و وەک  ئەوەی  ساڵێکبێ  منی  نەدیبێت !. ئەو خوشکە جیاوازو  قشتەی  من ، لەوەتەی  فامم  کردۆتەوە بەو شێوەیە  بیری  کردۆتەوە و منی  لەخۆی و  هەرچی لە بووندایە   بە گرنگتر زانیووە !. ڕۆژێک یان   ساتێک تووشی   ژانە سەرێکی  ئاسایی  بومایە ، ئەو ئۆقرەی لێئەبڕاو  شوێنی بە خۆی نە ئەگرت . من  هەرگیز توانای ئەوەم  نەبووە لە بەرامبەر هەست   و  دڵە سافەکەی بە هەمانشێوەی  خۆی کاردانەوەم   هەبێت بۆی . هەمیشە

لەئاست ئەودا خۆم بەکەم زانیووەو هەندێجار بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی "خوشک و برایەتیش" کەسێکی بێ دەم و پل بووم !. ئەو ئەیزانی من کاردانەوەی بەو شێوەیەم نیە ، وەک چۆن ئەیزانی "سروشتی من" لە گەڵ دونیاکەی ئەودا "جیاوازی نێوان مەریخ و زەویە" بەڵام گوێی پێنەئەداو "هەست و سۆزو خۆشەویستی" زیاتر ئەکردو دواتر منی ئەهێنایە قسە ، کە بڵێم ئەو هەموو سۆزو پێزانینەت چۆن لەو دڵەتدا جێ کردۆتەوە" زۆر جار ئەیهێنامە قسە . کاتێکش پێم ئەووت : لەکوێت بوو ، ئەم هەموو هەستە !. سوعبەتێکی ئەکردو دواتر باسەکەی ئەگۆڕی !. من ئەمزانی دڵی چۆنەو بەچ شێوەیەک خورپە ئەکات، بۆیە بەشێوەیەک ڕامگرتبوو خۆی هەستی پێنەئەکرد . هیچ ڕۆژێک ئەو خوشکەم نەدیووە ، من لەماڵبم و ئەو بێتاقەتبێ . بە پێچەوانەوە ئەو کاتەی لەبەر کار ، یان ئیشی تایبەتی لە ماڵ دور ئەکەوتمەوە ، بێتاقەتی ئەو دەستی پێئەکردو پاشان بەهاتنەوەی من شادی و سوعبەت و قسەی ناوازەو نازک ، ئەگەڕایەوە بۆ ئامێزی خوشکەکەم

"کاژین" . نایشارمەوە هەمیشە ترسم لەوە بووە "شتێکم لێبێ و" دواتر قیرو سیا لە خۆم "خوشکەکەم کاژین" ژیان و ڕووخساری کۆمیدیانەی خۆی لە دەست بدات .!

هەمیشە ترسم لەوە بووە ، ئەو یادو خۆشەویستە زۆرەی ئەو بۆ "من" بەخراپ بشکێتەوەو لە دواجاردا باجەکەی بدات !. هەندێجار ئەم بیرو باسە لاسارانە بە مێشکمدا ئەهات ، بەڵام دڵم ڕێگەی نە ئەدام بۆ کاژینی بدرکێنم !. دوێنێ هەر بۆ خۆشی و پێم وت : ئەزانی من بە ڕەچەڵەک خەڵکی ئەم وڵاتە نیم.!

ئەو بێ ئەوەی لە مەبەستەکەم تێبگات ، دەستی بۆ ژوورەکەی خۆی ڕاکێشاو دواتر وتی : چۆن شتی وائەبێ ، هەردووکمان "ڕێک هەردووکمان" لەو ژوورەدا لە دایک بووین.!

لە ڕاستی دا ئەو پرسیارەی لێم کرد ، پرسیارێکی فەلسەفی و میتافیزکی "عەباسی مینافیزک" بوو . ئەو پێشتر ئەو باسەی لای من کردبوو ، بۆیە ئەمویست هەمان پرسیار

بەدارِشتنێکی نوێ لە کاژین بکەمەوە . هەرچەندە ئەمزانی کاژین پێی دڵگران ئەبێت و بە "گومانە جوانەکانی" لێکی ئەداتەوە.!

عەباس پێشتر بە دوو شێوەی جیاواز ئەو باسەی لاکردبووم ، گوایە لەتەواوی سەر زەوی خۆی بە غەریب ئەزانێ و ، ئەم فکرەیەشی لەوە وە بۆهاتبوو ، ئەوترێت "ڕەچەڵەکی مرۆڤ" لە بەهەشتەوە پەیدا بووەو ، مرۆڤی تێگەشتووش تادواساتی گەڕانەوەی بۆ ئەو زێدە "دەبێت خۆی بە غەریب بزانێت" عەباسی میتافیزک ، کەسێکی قوڵ و هەندێجار لێڵ و تاریکە !. زۆرجار باسێکم لائەکاتەوە بێ ئەوەی لێیتێبگەم . بەشێوەیەک خۆی مشەوەش و عەبووس ئەکات ، گوایە لێی تێگەشتووم و لەو خەمە ڕەخسیوە بۆ تێگەشتنی من داویەتی .!

ئەو بەیانییە دوای ئەوەی لەگەڵ "کاژین" لەماڵ هاتینە دەرەوە ، کاژین هەتا خەستەخانەو شوێنی دەوامەکەی خۆی بردمی ، کاتێ منیش گەڕامەوە بۆ دوکانەکەم ، ئاگاداری کردمەوە ، ئێوارە زوو بێمەوەو ، بەڵێنیشی پێدام

" یەک تاوە  پەتاتەی سورەوکراوم" بۆ حازر بکات !. بۆ یە کاتێ گەڕامەوە بۆ دوکانەکەی خۆم "عەباسی میتافیزکم بە یاد دا هاتەوە" ئەبوایە بۆ سبەینێ ئامادەبم لە کۆڕەکەی دەربارەی "ڕۆح و ئەفلاتون و خیام و شتی تر" ئەبێت  بۆ سبەینێ  کاتژمێر چواری عەسر لەگەڵ کۆچەرەو ڕۆژان و کاژینیش لەوێ  ئامادە بین . لە ڕاستی دا "کۆچەرە" ی خوشکم ، ڕێزێکی زۆری بۆ عەباسی هاوڕێم هەیەو هەندێجاریش تێبینی و حیکمەتەکانی  خۆی دەربارەی تێڕوانینەکانی عەباس ، ڕاستەو خۆ بە عەباس ئەڵێ . ئەمە لە کاتێکدایە عەباس خودی خۆی حەزو شەیدای ئەوەیە ، گوێی لە کۆچەرە بێت و هەمیشەش  پێی وتوە ، بیرو ڕاکانی تۆ "شایەنی ڕێزو پێزانینە ، لەبەرئەوەی سودێکی گەورەو گرانم لەو بۆچونانەت وەرگرتووە ، چونکە لە هیچ شوێنێک ئەو سوودانە دەست ناکەون . "

دوای ئەوەی گەشتمە دوکانەکەی  خۆم ، دوکانەکەم کردەوەو پاشان "عەباسی میتافیزک" بەجانتایەکی ڕەشی قەترانییەوە  خۆی کرد بە دوکانەکەمدا . وادیاربوو  بۆ

ئاگادار کردنەوەو تازەکردنەوەی دەعوەتەکەم هاتووە ، بەڵام پێش ئەوەی قسە بکات ، دوای ئەوەی بەخێرهاتنم کرد ووتم : ئاگادارم لە مێژووی کوڕەکەت و چەند جارێکیش مەلزەمەکەم خوێندۆتەوەو ، بەرواری کوڕەکەشتم بیرم نەچۆتەوە . عەباس تەنها لەکاتی باسکردنی "بابەتی میتافیزک" عەبووس ئەینواند ، ئەگینا کاتێ گفتۆگۆی ئاساییانەمان ئەکرد ، کەسێکی ڕوو خۆش و ئەکرێ بڵێم خاوەنی "وردیلەترین" ڕووخسار بوو . ڕووخساری عەباس لەکاتی شرۆڤەکردنی بابەتە میتافیزکییەکان بە خێرایی ئەگۆڕاو هیچ شکڵێکی پێشوتری پێوە نەدەما . زۆرجار لێمئەپرسی بۆچی ڕووخسارت لەناکاو ئەگۆڕێت، دوای ئەوەی پێئەکەنی ئەیووت : دەیانجار وەڵامم داویتەوە ، ئایا تا ئێستا ڕاستگۆیەک دیووە ، ڕووخسارێکی ڕەزا گرانی نەبێت.!

پاشان دوای پێکەنینێک ، پێمئەوت : ڕاستگۆیی کەی پەیوەندی بە ڕەزا گرانییەوە هەیە ؟. عەباسی هاورێم ڕاستی ئەکرد ، بەڵام حەزم ئەکرد بیدوێنم و دەیانجار ، بە

داڕشتنی جیاواز ، ئەو پرسیارەی لێبکەم . دوای ئەوەی لە مەوعیدی کوڕەکەی ئاگادارم کردەوە هەستی بە بەرپرسیارییەکەم کردو هەمیشە منی لە جێگای ئەو کەسانە دائەنا ، کە گرنگی بە مەوعیدو کات ئەدەن ، هەربۆیە بە ڕووخسارە وردیلەکەی کەمێک پێکەنی و دواتر داوای لێکردم بچینە کافتریاکەی بەرامبەرم . هەرچەندە تازە دوکانم کردبووەوە بەڵام نەمئەتوانی بێ دڵی بکەم و پاشان چوینە کافتریاکەی بەرامبەرم . لە ڕاستیدا دەیانجارو ، من و عەباس ، من و کۆچەرە ، من و کاژین ، من و ڕۆژان ، چوینەتە ئەو کافتریایەو لەگەڵ عەباسیشدا زیاد لە سەدجار سەردانی هەمان کافتریامان کردووە . عەباس هەمیشە حەزی لەنهۆمی چواری کافتریاکە بوو ، لەبەرئەوەی نهۆمەکانی تر، تایبەت بوون بە نێرگەلەو یاری و جۆرەکانی تری سەرئێشە کە عەباس "هیچیانی پێویست نەبوو" . بۆیە کاتێ لەنهۆمی چواری کافتریاکە دانیشتین . عەباس داوای قاوەی تۆخی کرد . هیوایەتی قاوەی تۆخ و نەستەلەی تورکی بوو . زۆرجار ئامۆژگاری ئەکردم

"قاوەی تۆخ" لەگەڵ نەستەلەی تورکی بخۆم ، بەڵام بەقسەم نەدەکرد ، بێجگە لە "چا" حەزم بەهیچ ماددەیەکی تری کافاین نەدەکرد . ئەمە لەکاتێکدا بوو ، ئەو چایەشی ئەمخواردەوە ، هەر بەناو چا بوو ، لەبەرئەوەی بەڕوونی ئەمخواردەوەو عەباسیش لەمبارەیەوە ئاگاداری ئەوە ئەبوو کە چۆن کیسە چا سەفەرییەکە بەخێرای لە پیاڵەکە دەردێنم ، هەتا ڕەنگەکەی تۆخ نەبێت . عەباس دوای ئەوەی قاوەکەی خواردەوە جانتاکەی کردەوەو بابەتی کۆڕەکەی نیشاندام ، کە نزیکەی بیست لاپەڕەیەک ئەبوو ، پێشتریش هەمان بابەتی لە مەلزەمەیەکدا پێشکەشی من کردبوو ، بەڵام وادیاربوو ، گۆڕانکاری تێدا کردووە . لەبەرئەوەی قەبارەی کاغەزەکان کەمتر دەرئەکەوتن ، لە بەرامبەر قەبارەی مەلزەمەکەی پێشوتر . یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی عەباس ئەوە بوو ، پێش ئەوەی کۆڕێک بگرێ ، هەموو بابەتی کۆڕەکەی ئەنوسی یەوە . نازانم بۆچی وای ئەکرد . لەوە ئەچوو لە ناو جەرگەی "قەرەباڵغی" متمانەی بە دەموپلی نەبێت و توانای ئەوەی نەبێت وەک

قسەکەرێکی بە توانا دەربکەوێت . هەرچەندە دڵم نەهاتووە ئەوەی لێبپرسم ، بەڵام هەندێجار خۆی ئەیووت "لەبابەتی فەلسەفەدا ، بەتایبەت لە کۆڕو سیمیناردا ، دەبێت وریابیت و ئەو بۆچونانەی دەریاندەبڕی فیلتەرەکانی بیرکردنەوە پاڵاوتەیان بکات . لەبەرئەوەی دیمەنەکانی قەرەباڵغی زۆرجار کاریگەرییان لە سەر "دەمو پل" هەیەو لەمبارەیەشەوە دەیان نمونەی ئەو نوسەرە باشانەی ئەهێنایەوە کە کتێبی گەورەو گرنگیان نوسی وە ، بەڵام توانای ئەوەیان نیە چەن خولەکێک بە دەموپلێکی پۆزەتیڤەوە قسە بۆ قەرەباڵغی بکەن.!

عەباس زۆر وردو لەسەرخۆ بوو ، بەڵام لەکاتی باسکردنی هەر بابەتێکی فەلسەفی و میتافیزکدا ، تایپی ڕووخساری بە شێوەیەک ئە گۆڕا ، تەماشاکەر بەجوانی هەستی بەوە ئەکرد . خودی خۆم دەیانجار ئەوم دیووە لە کاتی قسەکردندا بەتایبەت ئەو قسانەی پەیوەندی بە تێڕامانەوە بووە ، ڕووخساری ئەویان گۆڕیوەو ، تەنانەت جارێکیان کاژین ئەوندە بە عەباس پێکەنی من لەشەرمدا نەمئەتوانی

ڕێگایەک بۆ بیدەنگکردنی کاژین بدۆزمەوە!. عەباس دوای ئەوەی بابەتی کوڕەکەی نیشاندام ، نزیکەی کاتژمێرێک گفتوگۆی لەگەڵ کردم ، لە ڕاستی دا ، من کەسێکی ئەوەندە تێگەشتوو نەبووم تا بتوانم لەتەواوی مەبەستەکانی عەباس تێبگەم .. بەڵام ئەم تێگەشتنە بۆ کۆچەرەی خوشکم ئاسان بوو . عەباسی هاوڕێم ، خودی خۆی ، دەیانجار دانی بەوەدا ناوە ، کۆچەرەی خوشکم بێجگە لەوەی "حەکیمە"یە . کەسێکی بە ئەزموون و دونیا دیدەیە . دەیانجار ڕوو بە ڕوو بە کۆچەرەی وتووە ، تۆ کەسێکی تێگەشتوویت و من لە ئەنجامی تێگەشتنەکەی تۆ بە باشی تێگەشتووم و هیچ کاتێک هەوڵ و بیرکردنەوە پۆزەتیڤەکانت بەکەم نابینم ، هەر کاتێکیش کتێبێک چاپ بکەم "ناوی تۆ" ، مەڵبەندی ، کوڕو کچە پەشیمانەکان، وەک سەرچاوەیەک و هەوێنێک بۆ بەشێک لە نووسینەکانم لە یاد ناکەم . عەباس هیچ کاتێک پەلەی نەدەکرد، وابزانم نهێنی سەرکەوتنی ئەو ، بێجگە لەوەی لەبیرکردنەوە

کەیدابوو ، ئارامییەکەشی نهێنییەکی تر بوو دەربارەی سەرکەوتنەکانی.!

ئێمە زیاتر لە یەک کاتژمێر لە کافتریاکە ماینەوە ، دوای ئەوە عەباس ڕۆشت و منیش بۆلای دوکانەکەم گەڕامەوە . پاشان کارو باری ئەو ڕۆژەم بەزوویی تەواو کردو دواتر بەرەو ماڵەوە ڕۆشتم. کاتژمێر دووی نیوەڕۆ بوو کاتێ بە کاژین و کۆچەرەم وت ، دەبێت بچینە کۆڕەکەی عەباس ، چونکە ئەمڕۆ کاتژمێر چوار چاوەڕێمان دەکات . پێشتر ئەمەم بە کۆچەرە وتبوو ، هەرچەندە بە کاژینشم وتبوو ، بەڵام کاژین حەزی بەو شتانە نەبوو بەڵام هەر داواکارییەک لە لایەن منەوە بوایە ، ئەو ڕەتی نە ئەکردەوەو ئامادەبوو بۆ هەر شوێنێک من بیڵێم و ، ئەو لێم وەربگرێت.

سروشتی ئەو خوشکەی من "لەمناڵییەوە وابوو" هۆگرییەکەی ئەو بۆ من ، زیاد لە پێویستەو ، دەمێکە هەستم بەوە کردووە ، کاژین هەموو شتێکی ئەکات بە قوربانی من . بیرمە جارێکیان دەربارەی چاوە

پشیلەییەکانی کە لەچاوە پشیلەییەکانی من زۆر جوانترە . ئەیوت "تەنانەت چاوەکانی خۆمت ئەدەمێ ، بەڵام ئەو کاتانە بمەرەوە ، کە ئەتبینم و بیرت لێئەکەمەوە" . هۆگری ئەو خوشکەم ، بۆ من ، زیاد لە پێویست بوو ، هەرچەندە بۆ یەکجاریش نەمتوانیووە دڵی بشکێنم ، بەڵام هەمیشە ئەو ترسەم هەبووە ، کە ڕۆژێک لێدانی دڵە تایبەتەکەی وەک جاران لێنەدات و ببمە هۆی دڵ ئاوسانی ، ئەو خوشکە جوان و چاو پشیلەیەم !. بۆیە دوای ئەوەی مەوعیدی کۆڕەکەم پێوتن ، پەلەم لێکردن خێرا بڕۆین ، هەرچەندە یەک کاتژمێری مابوو ، بەڵام کاتێ هاتینە دەرەوە ڕۆژانیش چاوەڕێی ئەکردین ، لەبەرئەوەی پێشتر ئاگادارم کردبوو سەبارەت بە کۆڕەکەی عەباسی میتافیزک . هەر چوارمان ئەو کاتەی گەشتینە هۆڵەکە ، عەباس پێشوازی لێکردین و لە پێشەوە جێگای بۆ دابین کردبووین . لە ڕێگا پێش ئەوەی بگەینە هۆڵەکە ، کاژین دەستی گرتبووم و ڕۆژانیش دەستی کۆچەرەی گرتبوو ، ئەو خوشکەی من "کاژین" زۆر سەیربوو ، ئەیویست تەنها

بۆ خۆی بم و هەندێجار مەجالی ڕۆژانیشی نەئەدا دەستم بگرێت. ڕۆژان ئەم ڕاستییەی ئەزانی ، هەرچەندە شەرمن و هەندێجاریش ترسنۆک بوو ، بەڵام شەرمی لە کاژین نەئەکردو لە بەرچاوی ئەو، زۆرجار دەستەکانی ئەگرتم و بۆ ئەوەی کاژینیش توڕەو ئیزعاج بکات ، بە چپە بەگوێمدا ئەیچرپاند . ڕۆژان خاوەنی پاکترین ناخ بوو ، دڵی ئەو گیرفانی نەبوو !. بۆ هەڵگرتنی ڕق و کینە ، بەڵام هەندێجار بۆ خۆشی "کاژین"ـی توڕە ئەکردو ئەیوت "زەمەنەکەی من" کاژینیش هەرچەندە خوێنەوار بوو !. بەڵام دڵە عەجیب و نازکەکەی ئەشکاو دواتر ئاگام لێئەبوو "ڕۆژان" بە خێرایی دڵە جوان و دەگمەنەکەی خوشکەکەم چاک ئەکاتەوە . دوای ئەوەی لە ڕیزی پێشەوەی هۆڵەکە دانیشتین ، عەباس بەرەو شوێنی پێشکەش کردنی کۆڕەکەی ڕۆی ، هەرچەندە خەڵکێکی کەم ئامادەی کۆڕەکە بوون بەڵام عەباس پێشتر ئەوەی ئەزانی ، کە کۆمەڵگا بێجگە لە خواردن و خەو و مۆدێلە دوبارەکان ،

ئەو مۆدێلانەی مانایان نیەو لە ئەنجامی لاسایکردنەوە وە پیرۆز بوون.!

گرنگی بە هیچ شتێکی تری ئەو تۆ نادەن ، عەباسی تێگەشتوو زۆر دەمێکە ئەو باسانەی لە مێشکیدا حل کردوە ، بۆیە هیچ کاتێک خەمباریم بەڕووخسارییەوە نەدیووە دەربارەی "چۆڵێتی" کۆڕەکانی.!

پێش ئەوەی دەست بکات بەخوێندنەوەی بابەتی کۆڕەکەی ، بە خێرهاتنێکی هەموانی کردو دواتر بەمشێوەیە بابەتەکەی خوێندەوە.

مرۆڤ ئەو بونەوەرە عەقڵانییەی کەشایەنی ڕێزو هەندێجار نەهامەتییە ، لەدوای ملوێنەها ساڵ بەردەوامە لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو زەوییەی کەلەپێناویدا دروست بووە ، خوێندنەوەیەکی زانستیانە بۆ مرۆڤی جەستە لاوازو "ڕۆح" بەهەیبەت لە سەرتاسەری دونیا ، گەلێکجار تێزی پڕکەموکوڕی و نابابەتی بەرهەم هێناوە ، بەومانایەی کەخودی مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ بونەوەرەکانی تر

خاوەنی "عەقڵ و دڵێک"ی سەیرە . هەرلێرەشەوەیە ئەو کەموکوڕییانە دەستپێدەکەن . بەمانایەکی تر ئەوە ئەو"دڵ"ە سەیرەیە کەبەردەوام دەگۆڕێت ، لەبەرامبەریشدا "عەقڵ"ە کەڕێگا دیارو تاریکەکانی بیرکردنەوە تاقیدەکاتەوەو ڕازی نابێت کەڕێگاکانی بگەنە شوێن و جێگایەک لە دەر ئەنجامدا ڕەوڕەوە کۆن و زەریفەکەی لەکاربکەوێت . مرۆڤ کەزیاد لەپێناسەیک و زیاد لەئاوات و زیاد لەبوونی خۆی داوادەکات ، هەمیشەلای من و بیرکەرەوەکان بووەتە جێگای مشتومڕە خەڵوەتییەکانمان و کاتیش هەبووە هێندە خراپ ڕۆچوین "بیرکردنەوەی پۆزەتیڤ" بەبڕوایەکی پتەوەوە ئێمەی گەیاندۆتە ئامانج ، "ئەمڕۆچونە " لەناو خەڵوەتداو پاشان مانەوە لەوژینگە تایبەت و زەحمەتەدا وەک لێرەو لەوێ دەیبیستین و هەندێکجاریش تاقی دەکەینەوە !. لەو کاتەدا عەباس "ئاماژەی بەخۆی ئەکرد ... لەتوانای هەمووکەسدا نیەو نەبووە بەڵکو ئەوکەسانەی بەمکارە هەستاون ، هەمی جدی و ئیلهامی هەست پەشۆکاندنیان توشبووە . عەباسی میتافیزک بەشێوەیەک قسەی ئەکرد ، ئاگام لێبوو چەن

کەسێک لەناو خۆیاندا "باسی عەبوسی" ئەم برادەرەی منیان ئەکرد . من ئەمزانی هەرکەسێک وەک "عەباسی میتافیزک" ڕاستگۆو هۆشمەندو بیرکەرەوە بێت ، لەبەرامبەردا ڕووخسارێکی گرژو مۆن و هەندێجار نابووتیشی ئەبێت . بۆیە عەباس بەردەوام بوو ، هەروەک چۆن عاشقێکی سەرسەختی "دەمە تەقێکانی" ئەفلاتون و "چوارینەکانی" خیام بوو بەڵام یەکەمجار هاتە سەرباسی ئەفلاتون و پاشان وتی : هەروەکو چۆن ئەفلاتون لەدەمەتەقێی "خوان"دا بۆمان دەگێڕێتەوە کە چۆن شەوێک سوکراتی ماڵوێران ئیلهامێکی "بیرکردنەوە" یان تێڕامانێکی "پۆزەتیڤ" لەجێگاکەی خۆی دا ڕەپ و ڕاست بەپێوە دەیوەستێنێ و ئەو وەستانەشی هەتا بەرەبەیانییەکی زوو بەردەوام دەبێت . ئەفلاتون کاتێ ئەم باسە دەگێڕێتەوەو پاشان ئەیکات بەگیراوەیەکی سەرەکی و تاقانە بۆباسی "خوان"ەکەی لە ماڵی ئەجاسۆن ، ئەیەوێت وەستانی سوکرات لەوئێوارەیەدا بکات بەدەستپێکی ئەوکتێبەی . هەربۆیە ئەو بۆچونەی لەوێوە سەرچاوەدەگرێ کە سوکرات کەسێک نیە ساڵەکانی تەمەنی بەقسەی خۆش

و بۆش تەواو کردبێت ، ئەوەندەی وێنەیەکی گفتوگۆیی یاخود وینەیەکی وشەیی بۆئێمەو جەماعەتی خوانەکە ئەکێشێ کەسوکرات بیروباوەڕەکانی تەنها لەوەدا کورتنابنەوە کەئەجاسۆن خاوەنی ماڵەکەو دروستکەری خوانەکە بۆی کێشاوە ، ئەوکەسانەی کە لەوخوانەدا بوونیان هەیە لەڕاستی دا ئیشی ئەم بابەتە نیە کەقسەیان لەبارەوەبکات لەبەرئەوەی کەسە ئامادەکانی ناو ئەوخوانە هەرچەندە ئەفلاتون قسەیان بەدەمەوە هەڵدەبەستێ ، کەسانێکن ، خاوەنی بیرۆکەو ، هەندێجار عەقڵی پەتیشن سەبارەت بەبیرکردنەوە لەمرۆڤ ، ئەو عەقڵانەی کەقسەدەکەن لەو دەمەتەقێیەدا بەجیاوازی دەربڕین هەموویان و بەتایبەتی مرۆڤە کۆمیدیەکە ، عەباس کاتێ باسی مرۆڤە کۆمیدییەکەی کرد ، کەمێک وەستاو دواتر وتی : زانیارییەکی نایاب و کەم وێنە دەخەنە سەرئەوباسەی کەپەیوەستە بەمرۆڤ و کە تایبەتە بە ڕۆح و بەبیرکردنەوە لەتواناو هەندێجار گاڵتەجاڕییەکانی خودی نا توانایی مرۆڤیشەوە . عەباس زۆر گرژو مۆن بوو ، کاژینی خوشکم

هەندێجار پێئەکەنی و ، پاشان ئاگادارم ئەکردەوە کە پێنەکەنێت ، بەڵام ئەو ئەیوت : دەمو چاوی زۆر عەنتیکەیەو لە عەباسەکەی جاران ناچێت . هەرچی ڕۆژان و کۆچەرەش بوو ، وەک دوو گوێگرو دوو هەستەوەری بە توانا بە تایبەت کۆچەرە ، خزابوونە بابەتی کۆڕەکەوە ، بۆیە عەباس بەردەوام بوو لەپێشکەش کردنی کۆڕەکەی و وتی : بەهەرحاڵ حسابکردنێکی ورد بۆمرۆڤ لەلایەن خودی مرۆڤەوە زۆر لەمێژە بەردەوامەو بەبڕوای منیش هەتا ئێستا بێجگە لەچەند دەرئەنجامێکی سەرەتایی کەلەبواری پێکهاتەی عەقڵ و بواری پزیشکی و کەمێکیش دەرونی خۆی دەبینێتەوە نەیتوانیوە لە خەمە سەرەکییەکان وەکو "ڕۆح" تێبگات . ئەمە بێجگە لەوەی کەئێمە لەمێژودا ڕوبەڕوی کتێبخانەیەکی گەورەدەبینەوە کەدەربارەی مرۆڤ و خواستەکانی ، مرۆڤ و ئەندێشەکانی ، مرۆڤ و جاویدانی ، مرۆڤ و لوتکەی کەرێتی ، مرۆڤ هتد.. نوسراون . عەباس کاتێ باسی کەرێتی کرد ، ئاگام لە کاژین بوو بەچ شێوەیەک پێئەکەنی . هەربۆیە عەباس بەردەوام بوو لە

خوێندەنەوەی بابەتەکەی و دواتر وتی : مرۆڤ کەئەمڕۆ جیاوازتر لەسەدەکانی تر ، بەبێ ترس و پرس کۆنترۆڵی نزیکەی هەموو شتەکانی کردوەو بەئاسانی تێگەشتوە کەئەوە مەیمونەو حەزی لەمۆزەو ، ئەوە فیلەو لەمشک ئەترسێت و ، ئەوەنازانم چیە!. بەڵام ئێمە تائێستا ئەوە نازانین بۆچی لەو گاڵتەجاڕییانە تێناگات کەعەقڵی نا کامڵی لێرەو لەوێ ، هەمووکات بەرهەمی دەهێنێت ، مرۆڤ ئەگەر بەگشتی لەمسەری دونیاوە بۆئەوپەڕی هەڵسەنگێنین و پاشان ئاراستە جیاوازەکانیان پێچەوانەی یەک بکەینەوە هەرچەندە واشە بەڵام سەرئەنجام لەخاڵێکدا ئاراستەکانیان یەکدەگرنەوە ، ئەویش ئەوەیە کەهەموویان مرۆڤن و لەدەرشەنجامیشدا بەدەر لە جەستەو ڕەنگ ، دین و زمان ، لە "ڕۆح" دا ئەو خاڵە هاوبەش و گەورەیە ئەدۆزینەوە کە یەکسانە بەهەمووشت.! .

ئاگام لە کۆچەرەی خوشکم بوو ، بەچ شێوەیەک هۆگری بابەتەکە بووە ، هەندێجار هەستم ئەکرد تێبینی هەیەو بەڵام لای خۆی و لە مێشکە جوانەکەی دا هەڵیان ئەگرێت .

عەباس بەردەوام بوو لە خوێندنەوەی بابەتەکەی  بۆیە درێژەی دایەو دواتر وتی : کەواتە مرۆڤ چیە ، ئایا مرۆڤ ئەو بونەوەرەیە کەساڵەکانی تەمەنی دیاری کراوەو پاشان ژیان ئاوایی دەکات و  دوای ماوەیەکیش لەبیرئەچێتەوە. ئایا مرۆڤ کە هەتائێستاش نازانین بەتەمای چیەو خاوەنی ئەو عەقڵە پڕلەکێشەو خۆبەزلزان و نەگبەتەیە چۆن ڕووئەدات لەدوای "مردن"ـی کۆتایی بەوهەموو  کێشمەکێش و بیرکردنەوانە بێت  کە ڕۆژانێک لەبوونی ئەودا بونیان هەبووە . ئایا ئەم پرسیارە گەورەیە یەکێک نیە لەوپرسیارە "سەرەتانیانەی" کەهەموومان بەزاناو نەزانەوە لەبەردەمیدا سەرگەردانین !. ئایا ئەو پرسیارە سەرەتانییە ئەم بابەتە پشتڕاست ناکاتەوە کەمرۆڤ بێجگە لەتێگەشتنێکی سەرەتایی لەسەر خواستە سەرەتایی و نەخۆشییە لاوەکییەکانی چیتر تێگەشتووە !. ئایا مرۆڤ بێجگە لەوەی کەئەزانێ ئەمە ڕەشەو ئەویتر پرتەقاڵی ، ئەمەخواردنێکی ئەمریکی و ئەمەش ئەوروپی ، هتد ... چیتر ئەزانێ دەربارەی پرسیارەکەی تر، دیارە بێ نرخکردنی تواناکانی مرۆڤ

جەوهەری ئەم بابەتە نیە  ئەوەندەی بەراوردێکە لەئاست ئەو پرسیارە جدییانەی کەخودی مرۆڤ بەدرێژایی ژیان ڕووبەڕوی دەبێتەوە ، هەرلەسەرەتای دەستپێکردنی ژیانەوە ئەم پرسیارانە هەرهەبوون و بەپێی زەمەن و سەردەمەکانیش شێوازی داڕشتنەوەی پرسیارەکان گۆڕانکاریان بەسەرداهاتووە . ئەگینا پرسیارە جدییەکانی ئێستای سەدەی بیست و یەک ، هەرئەوپرسیارانەن کەلەسەدەی خیام دا هەبوون ، هەمان ئەو پرسیارانەی کەئەم بابەتەو دەیان بابەتی دیکەی لەم چەشنەی لەپێناودا نوسراوە هەرئەو پرسیارانەن کەلەسەردەمە کۆنەکانیشدا بەشێوازی تەرحکردنی جیاواز هەبوون ، ئەم پرسیارانە هیچ کاتێک موڵکییەتیان نەبووە بەومانایەی ئەوپرسیارانە بە ئیرس  بۆ هیچ کەسێک نەماونەتەوە ئەوەندەی لای هەموو ئەوکەسانە دروست بووە کەژیانی خۆیان بۆبیرکردنەوەو تێڕامان تەرخانکردوە . ئەوپرسیارانەی کەلەڕابردوو  ئێستاو داهاتودا کراون و دەکرێن ، ئەوانە پرسیارگەلێک نەبوون شکڵی چەمک وەربگرن ، یان پرسیار گەلێک نەبوون وەک

مۆدیل سەرەتایان هەبێت و پاشان کۆتایی ، ئەوپرسیارانە وەک چۆن لە "ئاو" یان "خۆشەویستی" دەچن . عەباس کاتێ باسی ئاو و دواتر خۆشەویستی کرد ، گوایە لە دوانەی ناوسکێکەوە نزیکن . کاژینی خوشکم توند دەستی گرتبووم ، بەڵام ئەوەندە بە جوانی پێئەکەنی ، هەندێجار بزەیەکی لە منیشدا دروست ئەکرد . عەباس بەردەوام بوو لە خوێندنەوەی بابەتەکەی و دواتر وتی : بەوشێوەیە هەتا ئاو یان خۆشەویستی مابێت ئەوپرسیارانەش ئەمێنن و بەردەوام لای ئەوچەند سەد کەسەی کەلەهەموو سەردەمەکاندا دەژین ناوبەناو شرۆڤە ئەکرێ . ئەوپرسیارانە کە مرۆڤ ڕێبازی دەستەجەمعی پێنادات ، کۆمەڵێک هۆکاری هەیە وەئەگەر ئەوهۆکارانەش ڕوونبکەینەوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆئەو گاڵتەجاڕیانەی کەمێشکی ناکامڵ و بیرکردنەوەی نێگەتیڤ بەرهەمی دەهێنێت ، لەم ڕوانگەیەشەوە مرۆڤ بەمانایەک لەماناکان یاخود ڕەگەزێک لەڕەگەزە سەرەکییەکانی لەوەدا خۆی نمایش دەکات کەئەم مرۆڤە ئەو ڕەگەزە بەهێزەیە ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی

کەگرنگی نەدات بەم پرس و بوونە زۆرگرنگە ، ئەوڕێگرە گەورەیە ئەگەر لەیەک مەفهومدا کورتی بکەینەوە "حازر بەدەستی مرۆڤ " خۆیەتی ، بەومانایەی ئەوڕەگەزە سەرەکییەی کەبەناوی "ڕێگر" خۆی لەحازر بەدەستی واتە "ئامادەباشی و خۆتەسلیم کردن" دا دەبینێتەوە ، یان بەمانایەکی تر مرۆڤ حەزی لەوشتانەنیە کەدواخراون واتە تەسجیل کراون ، ئەوەندەی شەیدای ئەوشتانەیە کەحازرو ئامەدەن لەبەردەمیدا.

عەباس بەشێوەیەک بابەتەکەی ئەخوێندەوە هەمووان حەزیان ئەکرد بەزوویی تەواو نەبێت ، بەڵام کاژینی خوشکم ، بە شێوەیەک پێکەنینی ئەهات وەک ئەوەی یەکێک نوکتەی نەبیستراوی بۆ بگێڕێتەوە . لە ڕاستی دا کاژین ، بە جەوهەری بابەتەکە پێنەئەکەنی ئەوەندەی ڕووخساری عەنتیکەی عەباس ئەوی هانئەدا پێبکەنێت. عەباس بەردەوام بوو لە خوێندنەوەی بابەتەکەی بۆیە دەربارەی شتی دواخراو و حازر وتی : ئەگەر نمونەش بێنینەوە ، ئەو نمونەیە دەهێنینەوە کەزۆربەی مرۆڤەکان بخەرە ناو

تاقیکردنەوەیەک و لەنێوانی دووئەگەردا بیهێڵەرەوە ، ئەگەری یەکەم ئەگەر تۆبەهەشتت ئەوێت ، ئەبێت بەمشێوەیە ڕەفتار بکەیت ، بەڵام ئەوەت لەیاد نەچێ کەبەهەشت ئەنجامەکەی ، واتە کاتێکی نادیاری هەیەو تەسجیل کراوە . ئەگەری دووەم ، ئەمە جوانترین سەیارەو باشترین ژیان و ڕازاوەترین ماڵ و لەئەنجامدا حازرو ئامادەش ، بێگومان لەم کاتەدا مرۆڤ خورپەکانی بەلای کامە لەئەگەرەکاندا دەڕوات ، بەبڕوای من کەمن کەمێک مرۆڤ ئەناسم بۆلای ئەگەری دووەم ئەڕوات هەرچەندە دەزانێ ئەگەری یەکەم چەندە گرنگە . بەڵام لەبەرئەوەی تەسجیل کراوە لەیادی دەکات و ئەوەندە گوێی پێنادات . بێگومان ئەو مرۆڤەی کەئەگەری دووەم هەڵدەبژێرێ خۆی دەزانێ کەئەگەری یەکەم دەستکەوتێکی بێ وێنەیەو لەتەواوی دونیادا هاوشێوەی نیە، بەڵام ناتوانێت خۆی ڕابگرێت لەبەرئەوەی ئەگەری دووەم ئامادەباشەو لەئەنجامیشدا "بە دڵ" ئەگەری دووەم هەڵدەبژێرێت ، کەواتە مرۆڤ چیە !. عەباس لێرەدا کەمێک تۆنی دەنگی گۆڕاو بە دەنگێکی کەمێک بەرزتر وتی : ئایا

مرۆڤ خۆی لەخۆی دا نەبووەتە خەمو پەژارە ، خۆی لەخۆی دا مایەی پێکەنین و هەندێجار پێچەوانەکەی نیە ، ئایا مرۆڤ کەخوای گەورە ڕێزی لێناوە بۆچی بەشێوازێکی دەستەجەمعی لەخەمی سەرەکی خۆی ناکۆڵێتەوە ، یان لەمبارەیەوە حەق نیە ئەو گلەییە لەمرۆڤ بکرێت لەبەرئەوەی مرۆڤ لەگەڵ توانا زۆرەکانی لەبواری ئاوەدانکردنەوەو تەکنەلۆجیاو مۆدێلاتی یەکتربڕدا ، توانای ئەوەی نیە  کە لەجەوهەرە  سەرەکییەکەدا کە لەهامانکاتدا ئامانجە سەرەکییەکەشە  بکۆڵێتەوە ، ئایا ئەو حەقە لای کێیە کەبتوانێ گللەییەکی  لەمشێوەیە لەمرۆڤ بکات و لەئەنجامدا ئەو ڕێگایەشی نیشانبدات کەگرنگی بەپرسە گرنگەکەش بدات ، یان مرۆڤ کەی و چکاتێک ئەم باسە گرنگەی لەیادکردوە ، ئەی ئەگەر لەیادی کردوە کوا دەرئەنجامە کۆتاییەکانی ئەم تێفکرین و لێکۆڵینەوە دورو دژوارەی کەئەنجامیداوە ، ئەم پرسیارە وجودیانە کەهندێکجار بەهۆی سەختیانەوە  وەک نوکتەو  قسەی خۆشی لێدێت ، مرۆڤ ناچار دەکات دەستبەرداری ئەو ڕێبازە بکات کەڕێگاکانی ئەوەندە شوم و

چارەڕەشە دەیگەیەنێتە بێ شوێنی، عەباس دوای ئەوەی نەبەرەی دەنگی گۆڕا ، لێرەدا کاتێ هاتە سەر باسکردنی "خەیام" هێمنییەک بۆ ڕووخساری گەڕایەوەو پاشان بەمشێوەیە بەردەوام بوو : هەروەکو چۆن "خیام" لەدوو دێڕی چوارینەیەکی دا ئەستێرەناس و زاناکانی بواری مرۆڤ ناسی بەشێوەیەک لەقەڵەم ئەدات کەوائەزانن هەموو شتێک ئەزانن ، بەڵام دواتر ئەڵێ ئەوانیش وەک من نەزان و سەرگەردانن ، ئەم وەڵام و شێوازی خۆبەدەستەوەدانە هیچ کاتێک مرۆڤ تووشی ئەو چارەڕەشییەناکات وەکو لەوەی کەخیامی ماندو لەوئاستەدا باسی دەکات ، ئەو کەئەستێرەو مانگ و مرۆڤ و شتی تر بەجێگای مشتومڕی زانایان ئەبینێ لەهەمانکاتدا لەوئاستەشیاندا دانانێت کەبتوانن لەوەتێبگەن کەهەیە . ئەوەندەی بەکەسانی بڕوا سوتاوو عەبدی خۆشباوەڕ پێناسەیان دەکات ، خیام لەمبارەیەوە کۆمەڵێکی زۆر بۆچونی هەیە کەدەکرێت هەندێکیان بۆئەم سەردەمەش و سەردەمانیتریش تازەبن . لێرەدا عەباس ئەیویست خاڵە هاوبەشەکانی نێوان خیام و ئەفلاتون شرۆڤە بکات و

هەرچەندە عەباس خوێنەرێکی هەمیشەی ئەوان بوو ، بەڵام بەبڕوای کۆچەرە "عەباسی میتافیزک" هەندێ زیادەڕەوی کردوە دەربارەی ئەو ڕێگایانەی ئەگەشتنە بێ شوێنی .
بۆیە عەباس بەردەوام بوو لە خوێندنەوەی بابەتەکەی و ووتی: خیام هەرچەندە زۆر لەدوای ئەفلاتون ژیاوە بەڵام لەهەندێک بۆچوندا ئاراستەکەی لەگەڵ ئەفلاتون جوت دەبێت ، خیام بەشعرو ئەفلاتون بەدیالۆگی عەقڵی ، لەچەند پرسێکی زۆرگرنگدا سەبارەت بەم بابەتە یەکدەگرن ، لەبۆچونی ئەفلاتون دا بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەڕۆحەوە هەیە کەبەبڕوای من هەمێکی سەرەکی ئەم بابەتەشە ڕێک لەگەڵ خیام یەکدەگرن و مرۆڤیش هەستێکی بۆدروست دەبێت کەئەم دووبۆچونە یەک بۆچونن و بەدارِشتنی جیاواز نوسراونەتەوە ، لەبۆچونی ئەفلاتوندا ڕۆح ئامادەییەکی هەمیشەیی هەیە هەروەکو چۆن لای خیامیش هەمان شێواز لەبۆچون هەیە ، لەمرِوانگەیەشەوە ئەفلاتون جەستەو ڕۆح وەک بەندیخانەو بەندکراو بەراورد دەکات ، هەرچی خیامیشە بەهەمانشێوە ئەوپرسە ئەدرکێنێ ، ئەگەر ئێمە

زۆربەی بۆچونەکانمان بەدیدی ئەفلاتونەوە ببەستینەوە سەبارەت بەڕۆح  کە کرۆک و جەوهەری بابەتەکەیە ئەبێت لەوێوە دەستپێبکەین کەئەفلاتون بڕوای وایە کەمرۆڤ لەخودی خۆی داو  لەیەک کاتدا زیندانییەو زیندانیشە ، واتە خۆی بەندیخانەیەو هەرخۆشی بەندکراو ، ئەو وابیرئەکاتەوە کەڕۆح بەندکراوەکەیەو جەستەش ئەو بەندیخانە نابووتەیە کەڕۆحەکەی واتە بەندکراوە بەستەزمانەکەی  لە ئامێزگرتووەو بەدرێژایی ئەو ژیانە هەراسانی کردوە ، ئەفلاتون بەتایبەتی لەدوو دەمەتەقێدا کەلەهەردوو کتێبی "خوان" و "ڤایدون" دا بەئاشکرا باسی ئەمەدەکات ، ئەو دووکتێبە کەدوو سەرچاوەی گرنگن بۆمرۆڤ ناسی و بیرکردنەوە لە بوونی مرۆڤ ، لەڕاستی دا ئەو دوو کتێبە  سەرچاوەی سەرەکی نین ، بەڵام عەباس بەو شێوەیە دەیبینێت . بۆیە  عەباس بەردەوام بوو وتی: لەدوای ئەو هەموو ساڵە بایەخی خۆیان هەیەو کاتێک ئەیخوێنینەوە ناتوانین خۆمان لەوهێزە پڕسەنگ و بێ سنورانەی ڕەوشی  بیرکردنەوە فەرامۆشبکەین ،

بەمانایەکیتر هەریەکێک لەئێمە کاتێ فایدۆن  یان خوان بخوێنێتەوە   ئەگەر هەست نەکات ئەفلاتون لەلایەوە دانیشتوەو ئەیەوێت بەزۆر بێ عەقڵی لەکۆڵبکاتەوە  ئەوە کەسێکە  لە بێئاگایدا ئەژی و پێویست ناکات خۆی بۆئەو شێوەیە لەخوێندنەوە تەرخان بکات . لەڕاستی دا ئەوەی ئەفلاتون لەو دووکتێبەدا باسی لێوەدەکات و پاشان بەرامبەری لێئاگاداردەکاتەوە  وا لەمرۆڤ دەکات کەگومان لەخۆی بکات و دەست بۆجەستەی خۆی بەرێت و لەوخورپانە بکۆڵێتەوە کەبەخێرایی ئەو تێدەپەڕێنن . لەم کاتەدا  کاژین زیاتر پێکەنی و هەستم ئەکرد ، هەندێک لە ئامادەبوانی هۆڵەکە بە پێکەنینەکانی  کاژین پێئەکەنن و دواتر جوانیی پێکەنینەکەی  کە لە دڵەوە ئەهاتە دەرێ ، منیشی هێنایە پێکەنین . عەباس ئاگای لە ئێمە نەبوو ، بۆیە بەردەوام بوو لە خوێندنەوەی بابەتەکەی و وتی : ئەو دووکتێبە دووکتێبن  لەو چل و چەند کتێبەی  ئەفلاتون  کەبەبڕوای لێکۆڵەرەوان  ئەو دوانەیان  لەگەڵ کۆمار  زۆرترین گرنگیان بەم باسەداوە ، هەروەکو چۆن ئەشزانین کە خۆکوشتنەکەی

سوکرات لەکتێبی   فایدۆن دا باسکراوە کەئەوباسەش ئەوەندەی پەیوەندی بەگومان و هەندێکجار دڵنیابوونی سوکراتەوە هەیە سەبارەت بەوەی رۆح هەیە یان نا  نیو ئەوەندە پەیوەندی بەو دادگاییەوە نیە کەگوایە ئەو لەوپێناوەدا خۆی دەرمانخوارد کردوە . ڕەنگە بەشێک لەم باسە بێجگە لەپەراوێز نوسین بۆئەو دوو دەمەتەقێیە هیچی تر نەبێت لەبەرئەوەی ئەفلاتون هەمیشە لای ئەوکەسانەی کەبیردەکەنەوە میوانێکی ڕەزاقورس نیە  ئەوەندەی کەسێکە لەئازیزان و هەمیشە ئەوە کێشت دەکات کەدوور نەکەویتەوە لەحەکایەتە بچوک بچوک و ئەودیالۆگە عەقڵیانەی کەپڕن لەبومەلەرزەی جدیەت و مەنتقیەت . ئەوە ئەفلاتونە پێش چەند سەد ساڵ لەدستپێکردنی زاین دەڵێت : مرۆڤ جەستەی بەندیخانەیەکەو رۆحیشی بەندکراوێکە ، ئەوە ئەفلاتونە جەستە بەدارو خۆڵ ئەشوبهێنێت و ڕۆحیش بەجەوهەرێکی موحتەرەم ، ئەوە ئەفلاتونە باس لەپوکانەوەی جەستە دەکات و پاشان شوێنێک کەخۆی دوودڵە کوێیە بۆ ڕۆح دەستنیشاندەکات ، ڕەنگە بەلای ئەفلاتونەوە ئەوکاتە گرنگ

نەبووبێت کە ئەو شوێنە کوێیە کەنیشتنەوەی ڕۆحی بەشێوەیەکی ئەبەدی لێ سەقامگیردەبێت ، ئەوەندەی شێوازی ئەرکەکانی زانیوە ، ئەو ڕەنگە هیچ کتێبێکی ئاسمانی ئەو سەردەمەی نەدیبێت لەبەرئەوەی ئەو لەپێش زایندا هەبووەو ئەو دینانەی لەوسەردەمەشدا هەبوون بڕواناکرێت هیچ زانیارییەکی ئەوتۆی لەبارەیانەوە هەبووبێت ، لەوانەشە هەیبوبێت ، بەڵام هیچ سەرچاوەیەکی ئەوتۆ ئەوە پشتڕاست ناکاتەوە کەئەفلاتون بەهرەی لەوشێوازە وەرگرتبێ ، هەرچەند لەمێژودا ئەوە باسکراوە کەئەفلاتون دوای گەڕانێکی زۆر لەدەوروبەری ئەوجیهانەی لەوکاتەدا هەبووە ئینجا "ئەکادیمۆس"ە کەی دامەزراندوە ، بەڵام ئەمە بەڵگەنیە لەسەرئەوەی کەئەفلاتون ئیلهامی پێشینەیی وەرگرتبێت ، بەهەرحاڵ هەرچی "خیام"ە لەمڕوانگەیەوە ناتوانین لەگەڵ ئەفلاتون دا بەراوردی بکەین بەومانایەی هەرکەسێک لەمبوارەدا لەگەڵ پیاوێکی ڕیش پانی خاوەن بیرکردنەوەی پۆزەتیڤ کەئەفلاتونە بەراورد بکەین لەئەنجامدا دەبێتە قوربانی ، بەڵام دەتوانین لایەنە باش و خاڵە هاوبەشەکانی

خیامیش ببینینەوە ، هەرچەندە خیام هەندێکجار لەوپەڕی بێ ئاگایدا شتی هەڵبەستووە ، بەڵام ئەوەش بەهەمان شێوە ناچێتە ئەوخانەیەوە کەخاڵی بکەینەوە لەئاستی زانین ، بێگومان خیامیش لەمرِوانگەیەوە خاوەنی بیروباوەرِەو لەچەند خاڵێکیشدا ئاراستەکانی لەگەڵ ئەفلاتون دا جوت دەبن . هەرچەندە خیام زۆربەی ئاراستەکانیشی خۆی لەپرسیاردا دەبینێتەوە بەڵام لەبەرامبەریشدا ئەوەپرسیارە ئەوبابەتانە ئەجولێنێ ، خیام لەرِێگای چوارینەکانییەوە کۆمەڵێک پرسیارو هەندێجار وەڵامی دیارو تاریک ئاراستەی ئەوزەمەنە دەکات کەخۆی لەناویدا بوونی هەبووە ، خیام کاتێ لەگەڵ گۆزە قسەدەکات ئەبێت ئەوەی زانیبێت کەخۆڵی جەستەی ، هاوشێوەیەکی خۆیەتی کە لەسەردەمێک لەسەردەمەکاندا ژیاوە ، بۆیە تێبینی ئەوەدەکرێت کەخیام کاتێ لەگەڵ گۆزە ئەدوێ شێوازی گفتوگۆکەی لەوشێوازەوە نزیکە کەمرۆڤێک لەگەڵ مرۆڤێکدا بدوێت . کاتێ خیام ئامۆژگاری خەڵک دەکات کەبەهێواشی بەسەر زەوی دا برِۆن دیارە هەستی بەوەکردوە کەئەو خۆڵو خاکەی

ئەکەوێتە ژێر قاچەکان ، جەستەی قرچۆک و پوکاوەی مرۆڤەکانی پێشوترە کەسەردەمێک لەوەوپێش بوونیان هەبووە ، ئەم بۆچونەش زۆرنزیکە لەوبۆچونانەی ئەفلاتون بەتایبەتی ئەوبۆچونانەی کەلەهەردوو کتێبی خوان و ڤایدۆن دا هاتوون ، خیام لەزۆر ڕووی ترەوە بوونی مرۆڤ و ئامانجەکانی شیدەکاتەوەو لەڕاستیشدا هەرچەندە هەستی بەبوونی ڕۆحیش کردوە بەڵام وەک لەچوارینەکانی دا ئاماژەی بۆکراوە ئەو زۆر شەیدای ئەوەنەبووە کاچاوەڕێی ئەورۆژەبکات هەروەکو چۆن لەمەسەلەی بەهەشت و دونیادا چوارینەیەکی هەیەو دونیا بەشێوەیەک پێناسەدەکات کەئەتوانرێت بکرێتە بەهەشت ، لەبەرئەوەی ئەو وابیرئەکاتەوە ، لەدونیادا بەهەشتێک دروست بکات ئیتر چیداوە لەبەغدا ، وەک چۆن دەڵێت : بائێمە لیرە بەهەشتێک سازکەین .. پیاوی فەقیر هەتا دەگاتە بەغدا دوورە.

ئەمێنێتەوە بڵێم هەوڵدان بۆکەشفکردنی لایەنە شاراوەکانی مرۆڤ بەتایبەتی ئەوەی ڕۆحەو پەیوەندی بەدونیای جاویدانەوە هەیە کارێکی زەحمەت و هەندێجار مەحاڵە ،

بەومانایەی مرۆڤ بێجگە لەودەقە ئاسمانیانەی کەڕێچکەیەکیان لێوە دیاری کردوە یەک سەرچاوەی تری لەبەردەستدا نیە کەهەموو ئارەزوو تێروانینەکانی سەبارەت بەوباسە گرنگە تێربکات ، هەرچیەکیش لەڕوانگەی ئەم بابەتەوە نوسراوە ، وەک خیام ئەڵێ هیچ نیە بەخەیاڵ شتێکی بۆهەڵداوە..

کاتێ عەباسی هاوڕێم بابەتەکەی خۆی خوێندەوە ، پێش ئەوەی لە هۆڵەکە بێینە دەرەوە ، هات بۆ لامان و دواتر "کۆچەرە" هەندێک قسەی لەگەڵ کرد . لە ڕاستی دا نەمزانی دەربارەی چی قسەی لەگەڵ کرد . لە بەرئەوەی کۆچەرە کەمێک عەباسی لەولاترەوە دواندن و من گوێبیستی دەمە تەقێکەیان نەبووم . بۆیە دوای ئەوەی ماڵئاوایمان لە عەباس کرد . لە گەڵ خوشکەکانم و ڕۆژان بۆ ماڵەوە گەڕاینەوە . کاتێ گەشتینە ماڵەوە "کاژین" بردمیە مەتبەخەکەو بەڵێنە بەردەوامەکەی خۆی جێ بە جێ کرد . بە زوویی پەتاتەکانی سور کردەوەو منیش هەر خەیاڵم

لای پێکەنینەکانی  بوو کە چۆن  لەکاتی  کۆڕەکەی  عەباسدا 
، بە دڵ  پێئەکەنی ..

## 5

## دوای سێ مانگ لەبیرچونەوەی یادەوەرییەکانم

بە هۆی درۆ بەردەوامەکانی منەوە . گوایە بە شێک لە ڕابردوم بە یاددا دێتەوە "کاژین" هێدی هێدی ڕەنگ و ڕووخسارو کێشی خەریک بوو وەکو جارانی لێئەهاتەوە . لە ڕاستی دا جوانی و ، ڕووخسارە کۆمیدی و ، چاوە جوانەکانی ، قەت وەکو ئەو ساتەیان لێ نەهاتبوەوە کە سێ مانگ لە مەوپێش بینیبووم . بەڵام هەستم ئەکرد حاڵی ، زۆر لەو حاڵەی پێشتری باشترە ، کە دوومانگ لەمەو پێش هەیبوو . ئێستاشی لە گەڵدابێ کە بۆسێ مانگ ئەچێ ، ئەو ناچێت بۆ دەوامەکەی و دەست و دڵ و جەستەی ، لە من دوور ناکەوێتەوە . هەندێجار ئەمەوێت

بیربکەمەوەو لەو ڕابردووەم تێبگەم ، ئایا ئەم خوشکەم وابووە ، یان بە تازەیی وایلێهاتووە . هەرچەندە بیرکردنەوەکانم هاوکاریم ناکەن و خەیاڵدانم ، خاڵی و چۆڵ و هۆڵە . بەڵام گێڕانەوەکانی خوشکەکانم و تەنانەت ڕۆژانیش، ئەوە ئەسەلمێنن "کاژین" هەر وابووەو تەنانەت کۆچەرە سەردەمێکی دێرینی منالّی ئێمەی لە یادە ، کە چۆن کاژین لە ساتی لە دایک بوونمەوە لە یەک سات و لە گەڵ خۆی ، هۆگری و خولیای ، بە منی برایەوە بەستۆتەوە !. کۆچەرە دوێنێ بۆی گێڕامەوە ، ئەو کاتەی لە قوتابخانەی سەرەتایی ئەبین و تەمەنمان حەوت ساڵان ئەبێت ، لەو کاتەدا لە گەڵ منالّان توشی شەڕ دەبم. دواتر کاژینی خوشکم بە گازو نینۆکەکانی گوێچکەو ڕوومەتی منالّەکان بریندار ئەکات . هۆگر بوونی کاژین بە منەوە ، پێش ئەو مێژووە دەست پێئەکات و کۆچەرە باسی تەمەنی سێ ساڵیمان ئەکات و ئەڵێ : ئەو دەمەش کاژین لە خواردنەکەی خۆی بەشی ئەدایت و لە لای تۆ و لە تەنیشتەوە ، دەستی نەکردایەتە ملت ،

خەوی لێنەئەکەوت . ئێستا کاتێ من ئاگام لەم دەنگو باسە نیە، بەو پەڕی توانامەوە هەوڵئەدەم لەو ساتانە تێبگەم کە بووە هۆی سڕینەوەی خەیاڵدانم . هەوڵەکانم بە جۆرێک چڕکردۆتەوە هەست بە هیلاکی مێشکم و تەمەڵی خەیاڵدانم ئەکەم !. زۆرجار کە بیرئەکەمەوە ڕێگاکانم ئەگەنە بێشوێنی و پاشان هەست بە ئازارێکی ناوخۆیی خەیاڵدانم ئەکەم و دواتر وەک گیاندارێکی پێ سوتاو ، جێگە بە خۆم ناگرم . کاتێ بە ماڵەکەمان و ژوورەکەمدا پیاسە ئەکەم ، کاژین لە گەڵم هەڵدەستێت و مەترێک چیە لێم دوور ناکەوێتەوە . ئەو ڕۆژە ویستم بچمە سەربان ، بۆ تەماشاکردنی دونیا !. کاژین پێش من هەستاو نەیهێشت بە تەنها بچمە ئەو شوێنە ، لە ڕاستیدا خانووەکەمان دووسەد مەترو یەک نهۆمە ، بەڵام چونکە لەسەر شوێنێکی بڵندو لە "گردی هەژاران" بنیاد نراوە ، کاتێ دەچیتە سەربان ، تەواوی دونیا ئەبینیت و ئاگاداری ئەو خەڵکە ئەبیت ، بەچ شێوەیەک بە دوای قوت و ژیانی تایبەتی خۆیانەوە خەریکن . هیچ کاتێک ئەو هەستەم

لادروست نابێت ، سێ مانگ لەوەو پێش منیش یەکێک بووبم لەوان . کاتێ ئەو خەڵکە ئەبینم مێژووی کۆنی ئەم شارە سەرنجم ڕاناکێشێت ئەوەندەی تەمەنە "سێ مانگییەکەی خۆم" بیرم پێئەکاتەوە . سەربانەکەی ئێمە هەرچەندە سەربانی خانوەیەکی کۆنە ، بەڵام بەرزی شوێنەکەو بەنرخی ناوچەکە قەدرێکی زۆریان بۆ ئەو خانووە دروست کردوەو . کۆچەرە بۆم ئەگێڕێتەوە دوای ئەوەی دایک و باوکمان وەفات ئەکەن ، ئێمە ژیانمان لە ڕووی داراییەوە ئاڵۆز ئەبێت و پاشان کۆچەرە بیری لەوە کردۆتەوە بەهەر نرخێک بێت دەستبەرداری ئەم خانووە نەبێت و واز لە دەرس و دەورەکەی ئەوکاتەی بێنێ و بۆ بژێوی ئێمە هەوڵی تر بدات . کۆچەرە ئەو کەسەی هاوشێوەی نیە ، لە ئێستاشدا "من" متمانەم بە بیرکردنەوەو حیکمەتەکانی هەیەو کاتێ قسەی لەگەڵ دەکەم ، بە شێوەیەک لە گەڵم ئەدوێ "گوایە کەمێکی تر چاک ئەبمەوە" . هیواو ئومێدەکانی کۆچەرە بۆ من ، زیاد لە پێویستەو ئەو سێ مانگ زیاترە "چاودێری دوکانەکەم

و تەماشای ئەو سەدان کاتژمێرە تۆمارکراوانە دەکات کە بە کامێرای چاودێری ئەو ناوچەیە تۆمار کراون" . ئەو بێجگە لە پیشەکەی لە مەڵبەندی کوڕو کچە پەشیمانەکان . هەمیشە دەنگ و باسی ئەوەم بۆدێ ، گوایە کۆچەرە لە نزیک دوکانەکەی من و شەقامە گشتیەکە بینراوەو سۆراخی زیاتری حاڵەتەکەی منی کردووە . عەباسی میتافیزک ، هەرکاتێک بێت بۆلام ، ئەمانەم بۆ ئەگێڕێتەوەو دوێنێش کاتێ لە ژوورەکەم بوو ، کۆمەڵێ وێنەی زەمەنی هەرزەکاری لە گەڵ خۆیدا هێنابوو . عەباس وەک هەموو خوشکەکانم و ڕۆژان ، لە خەمی ئەوەدایە بە زوویی چاک ببمەوەو خەیاڵدانم بگەڕێتەوە جێی خۆی . دوێنێ کۆمەڵێک وێنەی نیشان ئەدام ، وێنەیەک لەو وێنانە سەرنجی ڕاکێشام و ، گوایە لەو وێنەیەدا ، کە مێژووەکەی بۆ یانزە ساڵ لەمەو پێش ئەگەڕێتەوە ، چوین بۆ مەشتەلەکە . لەو وێنەیەدا من و عەباس و کاژین ئەبینرێت ، عەباس کاتێ باسی ئەو وێنەیەی بۆکردم ووتی : ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی خۆش بوو ، ئەزانم لە بیرت نیە ، بەلام کاژین لەبیریەتی

تەنانەت ئەو ڕۆژە لە مەشتەلەکە تۆ یاریت بە سمێڵی شێرێکی پیرو بێ هێزت ئەکردو ، منیشم بیرم لە بێدەنگی مەیمونەکە ئەکردەوە کاتێ خەڵک گاڵتەیان پێئەکردو ئەویش ، بەدوو چاوی قسە ئامێزوو زمانێکی بێ گۆ وەڵامی ئەدانەوە . بە گوێرەی مێژووی وێنەکەو قسەکانی عەباس بێت ، ئەو ڕۆژە من دەستم بۆ سمێڵی شێرەکە بردوەو یاریم بەتاڵەکانی کردووە ، کاژینیش کاتێ گوێی لەم گێڕانەوەیەی عەباس بوو ، شتێکی تری بۆ زیاد کردو ووتی : عەباس ڕاست ئەکات ، هەرچەندە من نەمدەهێشت لە شێرەکە نزیک بیتەوە بەڵام لە دواجاردا گەشتیتە نزیک شیشی قەفەزەکەی و دواتر سمێڵی شێرەکەت لە پەنجەکانتا ئەمدیو دیو ئەکرد .

عەباس ئەو ڕۆژە کۆمەڵێ وینەی پێبوو ، سەرجەمی وێنەکان لەو وێنانە بوون کە من ئامادەییەکی ڕاستەوخۆم بە ڕووخسارو یادەوەرییەوە تیایدا هەیە . لە وێنەیەکی تردا ، ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی جەژن گیراوەو لەو وێنەیەدا کە کاژینیشی تیایە ، هەرسێکمان لە کافتریایەکین و عەباس

له ناوەڕاستی     هەردووکماندایە . عەباس کاتێ  باسی وێنەکەی کرد  وتی : پێنج ساڵ  لەمەو پێش  ئەم وێنەیەمان گرت ، ئەو کاتەی وێنەکەمان  گرت "کاژین" ئەیویست  بێتە لای تۆوەو  من  لە ناوەڕاستدا  نەبم ، بەڵام  نەمهێشت و دواتر  کاژین  کەمێک  دڵگران بوو ،  لەبەرئەوەی  ئەیوت "هەروێنەیەک ئەگەر  زەمەنی  تیابێت  لە گەڵ  من . لە ئێستا و ڕابردو و ئایندەشدا، دەبێت  لەو  وێنەیەدا  خۆم  لە تەنیشتییەوەبم" . عەباس لە گەڵ  هەروێنەیەکدا  دوای ئەوەی مێژووی  "چرکاندنی وینەکە"ـی بۆ ئەگێڕامەوە ، چیرۆکی پێشو دوای  کامێرەشی  بە باشی  تێئەگەیاندم. عەباس خەمی  سەرەکی ئەوە  بوو   بە زوویی  چاک ببمەوە . ئەو و  ڕۆژان و  خوشکەکانم ، هەریەکێکیان  بە ئەندازەی خۆی ، هەوڵی ئەداو ئەیانویست هەتا  ڕۆژێ  زووترە  خەیاڵدانم ببوژێتەوە.

ئێستا سێ مانگ  بەسەر  نەخۆشییەکەمدا  تێپەڕبووە ، ناومنا نەخۆشی  لە بەرئەوەی  یەکێک  لە دکتۆرەکان  پێشتر "بە پەتای  تاعون"  ناوی  حاڵەتەکەی  بردم و گوایە  ئەو تاعونە

تەنها لە خەیاڵداندا ئەلەوەڕێت و هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ئەندامەکانی تری جەستە نیە . بەڵام بەبڕوای کۆچەرە قسەکانی دکتۆرەکە زیادەڕەوی تیایەو ئەندامەکانی تری جەستەش باجی ئەو لەوەڕە ئەدەن . لەبەرئەوەی خەیاڵدان نیمچە سەرکردەیەکی لەشەو هەرکێشەیەک لەو سەرکردەیەدا دروستبێ ، ئەندامەکانی تر کاریگەرییان بەر ئەکەوێت . ئێستا سێ مانگ بەسەر حاڵەتە دەگمەن و ناوازەکەمدا تێدەپەڕێت . کۆچەرەو کۆیار لە دەوامی خۆياننو من و کاژینیش لە ماڵەوەین . کاژین بەهیچ شێوەیەک ناڕواتەوە بۆ دەوامەکەی و بۆ یەک خولەکیش لە من دوور ناکەوێتەوە . زۆرجار پێیی ئەڵێم من باشم و پێویست ناکات واز لە دەوامەکەت بێنی . بەڵام ئەو گومان لە باشی من دەکات و هەتا ئەو دڵنیاییە کە بەدڵی نەبێت بەدەستنایە ، بە دەست نەهێنێ، لەمن دوور ناکەوێتەوە . ئێستا لە ژوورەکەمەو کەمێک پێش ئێستا لە سەربان بووین و باسی دونیامان ئەکرد . هەندێجار هەست ئەکەم باشتر لە جاران نان ئەخوات و

کاتێکیش یادگارییەکی بۆ ئەگێڕمەوە "حەز ئەکات بمخوات" . لە ڕاستی دا ، من هیچ شتێکم لە یاد نیە ، بەڵام هەندێجار فیڵی لێئەکەم و ئەو قسانەی خۆی و خوشکەکانمی بۆ ئەگێڕمەوە کە پێشتر بۆیان گێڕاومەتەوە. هەندێجار درۆی لەگەڵ ئەکەم و ئەڵێم " هەموویم لە بیرە" . ئەمە لە کاتێکدایە هیچم لە بیر نیەو ئەوەی بیستومە کەمێک بە دەستکارییەوە بۆی ئەگێڕمەوە . زۆرجار هەست بە هەڵەی گێڕانەوەکەوە ئەکات ، بەڵام بۆم ڕاست ئەکاتەوەو دواتر ئەڵێت "قەیناکە من هەموویم لە بیرە" . ئەم خوشکە ناوازەیەی من ، بەرەکەتەو لە هیچ شوێنێکی دونیا ، هیچ کەسێک خوشکی لەم شێوەیەی نیە . ئێستاشی لەگەڵ بێت ، بەردەوام گەرمی لەشم ئەپێوێت و بەردەوام پرسیارم دەربارەی ئازارو ئەندێشەو خەیاڵدانم لێئەکات . کاتێ پێیئەڵێم باشم و خەمی منت نەبێ . بە چاوە پشیلەییەکانی سەیرم ئەکات و دڵی نایە بە درۆم بخاتەوە!. ئەم خوشکە بەنازو عەنتیکەیەی من ، گیراوەیەکە لە هەموو تایبەتمەندییەکانی سروشت و پاشان پێشکەش

کراوه  به من !. ئەوەندە ڕێزم ئەگرێ لەتاودا شەرم ئەکەم و خۆم به کەم ئەزانم  به بەراورد بەو هەستە بەهێزو ، سۆزە زۆرەی بەرامبەر من هەیەتی . نازانم ئەم هەموو هەست و ڕێزو سۆزەی لە کوێی جەستەیدا داناوەو جێگای کردۆتەوە . هەندێجار حەسودی بەدڵی ئەبەم که عەمبارێکی تۆکمەو گەورەی سۆز و ڕێزە ، هەندێجاریش گریانم بۆ دڵی دێ ، بۆچی ئەوەندە بچوک و نازکە لە خۆیەوە ئەشکێ !. سەیرکردنەکانی بۆ من ، لە سەیرکردنی خوشکێک بۆ برایەک ناچێ ، بەڵکو هەندێجار وەک کۆرپەیەکی خۆی سەیرم ئەکات و "بەگیان و دڵەکەم و بەساقەو بەقوربان" وەڵامی قسە کورت و تیڕوانیینەکانم ئەداتەوە.!

ئێستا که سێ مانگ تێپەڕیوه به سەر دەردە تایبەت و دەگمەنەکەمدا ، لە ژوورەکەم لە گەڵ کاژین دانیشتووین ، من و کاژین به درێژایی شەو ناخەوین و "کاژین" سەری لە سەر سەرینەکەی من دائەنێت و باسی ئەو دەیان ساڵەی ڕابردووم بۆ ئەکات که لەگەڵ من بردوویەتە سەر .

هەندێجار لە گێڕانەوەکانی ئەوەستێ ، هەتا یارمەتی لە گێڕانەوەدا پێشکەش بکەم ، بەڵام کاتێ دڵنیا ئەبێت هیچ ناڵێم بەردەوام ئەبێت لە گێڕانەوەکانی. زۆر کات شتێکی کەم لە یادەوەرییەکانم کە پێشتر لە دەمی خۆیانەوە بیستوومە ، ئەخەمە سەر قسەکانی ، دڵی زۆر پێخۆش ئەبێت و حەزئەکات لەو کاتەدا بمخوات . ئەم خوشکە جیاوازو قشتەی من ، هەموو ژینی خۆی ، بۆ من تەرخان کردوەو بە تەواوەتی ژوورەکەی خۆی و دەرس و دەوامەکەی ئیهمال کردووە. دەیانجار باسی دەوامەکەی لائەکەم ، بەڵام باسەکە ئەشێوێنێت و هەموو شتێکی ژیانی بە قوربان و بە ساقەی من ئەکات . ئێستا هەرچەندە دەمەو نیوەڕۆیە بەڵام هێشتا لە سەر چەرپاکەمان هەڵنساوین . ئەو سەری لەتەنیشت سەری منەوەیەو چەرپاکەی جوت کردوە لە چەرپاکەم و جار جار خۆم و سەرینەکەم بۆن ئەکات و دواتر ئەڵێ "خۆشترین بۆنی دونیا ، لە تۆ و سەرینەکانتا هەست پێئەکەم " . ئەو شەوان نایەڵێ هەتا درەنگانێک بخەوم ، کاتێکیش ئەخەوم و

هەندێجار کە خەبەرم دەبێتەوە ، ئاگام لێیە لە گەڵ مندا دائەچڵەکێ و دواتر هەتا دڵنیا نەبێت خەوتومەتەوە ناخەوێتەوە !. هیچ ڕۆژێک خەبەرم نەبۆتەوە ، دەستی ئەوم لە ناو دەستەکانی خۆمدا نەدیبێ . ئەم خوشکەی من زۆر سەیرە ، ڕەنگە واهەست بکات بڕۆم !. ئەگینا بۆ دەستەکانی لە ناو دەستمدا گرێ ئەدات . ئەو ئەوەندە سەیرە ، کاتێ ئەمەوێت بچمە سەربان و تەماشایەکی دونیا بکەم ، بە شوێنمدا دێت و لەوێش چاودێری جوڵەو هەستەکانم ئەکات !. خۆزگە ئێستا چاوتان لێئەبوو ، بە چشێوەیەک پەنجەکانی ئالاندوە بە پەنجەکانمەوە . خۆزگە ئێستا ئەتانبینی ، پەنجە نازک و ئاویەکانی کردووە بە نێوانی پەنجەکانمداو ترپەی دڵی ، لەگەڵ لێدانە تێکچوەکەی دڵی من ڕێکخستووە . ئەو بە شێوەیەک هۆگری من بووە ، هەست بەوە ئەکەم زیادەڕەوی ئەکات . بەڵام "کۆچەرە"ــی خوشکیشم ئەوە دوپات ئەکاتەوە "کاژین" هەروابووەو بەتایبەت پێش ئەوەی ژوورەکانتان جیابکەینەوە . بە گوێرەی گێڕانەوەکانی کۆچەرە بێت، کاژین

هەروابووەو ئەو ژوورەشی بۆیە لیَ جیاکردووینەتەوە ، ئەرکی زانکۆ و خویَندمان قورس بووەو ئەگەر بەیەکیشەوە بووینایە ، ئەو نمرانەمان نە ئەهیَنا کە دواجار هیَنامان . هەرچەندە کۆچەرە ئەڵێ ، لە دوای جیاکردنەوەی ژوورەکەشتان "کاژین" هەتا نیوەشەویَکی درەنگ لە ژوورەکەی تۆ ئەمایەوە . بەڵام کاریگەریکەی کەمتر بوو .

ئیَستا نازانم کەی دەستی لە دەستەکانم دەرئەهیَنیَ ، هەرچەندە برسیمەو ئەمەویَت لە گەڵ ئەودا شتیَک بخۆین ، بەڵام وادیارە ، هەتا کۆیارو لە دوایشدا کۆچەرە نەیەنەوە ، کاژین بەتەما نیە هەستیَت و ئەو خواردنە ئامادەکات کە دڵخوازو هەڵبژاردەی خۆمانە . ئەو هەموو ڕۆژیَک بەمشیَوەیە هەڵئەستیَ ، ئیَستا وائەزانیَ من نووستوم ، ئەگەر بچوکترین جوڵە بکەم خەبەری ئەبیَتەوە . بۆیە ئەمەویَت خەبەری بکەمەوەو ، پەنجەکانم لە پەنجەکانی دەربهیَنم . ئیَستا کاتیَ پەنجەکانم جوڵاند ، دەستبەجیَ بە چاوە پشیلەییەکانی سەیری کردم و دواتر پەنجەی

ئالآندەوە  بە پەنجەکانما . منیش بە ناچاری  پەنجەکانم نەجولآندەوە ، بۆئەوەی  زیاتر بنوێت و پاشان  باشتر برسی بێت . دوای ئەوەی  سەیری کردم و نوستەوە ، نزیکەی یەک کاتژمێر پەنجەکانم نەجولآندەوە بەلآم لەناکاو "کۆیار" هاتەوە . کۆیار دوای ئەوەی ئەحواڵی پرسین ، ویستم هەستم "کاژین"  خەبەری بۆوەو لەگەڵ من هەستا ، دوای  ئەوەی ڕووخسارمان  شۆرد "کاژین" بەرەو موبەقەکە بردمی و دواتر لەسەر کورسییەک داینیشاندم ، بێ  ئەوەی  پرسم پێبکات وتی : پەتاتە  سور ئەکەمەوە . بۆیە کاتێ پەتاتەکانی  هێنا ، بەرامبەرم دانیشت و دەستی کرد ، بە پاککردنی  پەتاتەکان و ئاگاداریش  بووم ، لە ژێر لێوەوە  گۆرانییەک بۆ من  ئەڵێ . ئەو بە چاوە  پشیلەییەکانی کە پڕبوون لە قسە  بۆ  منی  بێ  خەیاڵدان ، تەماشای ئەکردم و هەستم  ئەکرد  چاوەکانی جوانترو  گەشاوەتر بوون . ڕووخساری کەمێک گەڕابوەوە دۆخەکەی جارانی ، بەلآم  هەستم  ئەکرد  دڵی  وەک  جاران  لێنادات  و هەموو  خورپەکانی  پەیوەست  کردون  بە ژیان و ، ڕابردو

، داهاتووی منەوە . ئەوەندە بە جوانی تەماشای ئەکردم ، هەمان هەستی ئەو ڕۆژەم لادروست ئەبوو "نەکا پەنجە نازکەکانی بە چەقۆ بێ ئامانەکە لەت بکات". هەمان ئەو هەستە ، مێشکە شڵەژاو و خەیاڵدانە خاپورەکەمی بە خۆیەوە سەرقاڵ ئەکرد . زۆرجار بە مێشکە پوتەکەم بیرم ئەکردەوە ، بەڵام بیرکردنەوەکانم تولانی نەبوون و لە ناکاو ئەگەشتنە شوێنێک هیچ ڕێگایەکی پشکنینی نەبوو . بیرکردنەوەکانم ئەیانگەیاندمە شوێنێک ، هیچ ئاسۆیەکی تیا نەبوو "بۆ تێڕامان" هیچ ڕێگایەکی نیشان نەئەدام بۆ بەردەوامی. بەکورتی بیرکردنەوەکانم بنەمایەکی لە پێشینەیان نەبوو ، بۆیە هەرکاتێک کارێکی ناوازەی خوشکەکانم بە تایبەت کاژین سەرنجی ڕابکێشامایە ، هانام ئەبرد بۆ بیرکردنەوە ، بەڵام بیرکردنەوەیەک بە زوویی ، زۆر بە زوویی ، هەموو ئاسۆکانی تەڵخ و تۆخ ئەبوون و سەرئەنجام توانای هاتوچۆکردنی ژیریم لەکار ئەکەوت.!

کاژین هەرچەندە ڕەنگ و ڕووی گەڕابوە وە دۆخی جارانی . بەڵام دڵی هاوبەشی تەواوی ئەو ڕەنگ و ڕووەی نەئەکردو ، هەستم پێئەکرد "کاتێ بە زار پێئەکەنێ ، دڵی هاوکاری ناکات" . هەستم پێئەکرد ، لە بەرخاتری من ، باج ئەدات و ئەو درۆیانەشی کە بۆی ئەکەم "گوایە یادەوەریم باشە" تەنها ئەوە کاریگەری هەیەو پاڵی پێوەناوە نان بخوات و شێوەو لەش و هێزی باشتر دەربکەوێت. ئەو بەردەوام بوو لە پاککردنی پەتاتەکان . هەرچۆن ئاگام لێبوو گۆرانییەکی لە ژێر لێوەوە بۆ من ئەوت . دەنگی زۆر نزم بوو ، بە شێوەیەک گۆرانییەکەی ئەوت ، تەنها خۆم و خۆی گوێمان لێبوایە . گۆرانیەکە باسی "تەنهایی" ئەکرد . هەرچەندە ئەو بە زمانێکی بیانی گۆرانییەکەی ئەوت بەڵام دواتر وەریدەگێڕا بۆ زمانەکەی من و بەهەمان ئاواز و ناسۆر ، بەهەمان نۆتەی دەنگ و سەیرکردن . چاوە پشیلەییەکانی ئەوەندە جوان بوون هەندێجار حاڵەتێکی دیارو تاریکم تیا بەدی ئەکرد . هەستم ئەکرد لە ناو چاوەکانی دا "تەلیسمێک" هەیە . هەستم ئەکرد

لە ناو  چاوەکانی دا "نهینیەک" نەخێر  زیاتر  لەنهێنیەک هەیە . هەستم  ئەکرد  ئەتوانم  تێبگەم و کاتێکیش  بیرم  ئەکردەوە ، ئاسۆی  ئامانجەکەم  بە حاڵ  ئەبینی و دواتر  خەیاڵێکی تۆخ و تاریک ، بە خێرایی  ئامانجەکەی  لێئەشاردمەوەو بیرکردنەوەکەی  خاپوور ئەکرد . ئەمویست  لەو  نهێنیە بگەم  کە چاوەکانی  هەڵگرێتی ، هەرچەند  هەوڵم ئەدا ، هەوڵەکانم  بێ سودو  هەندێجار  ئازاراوی بوون ، لەبەرئەوەی  لەکاتی  بیرکردنەوەدا ، هەستم  بە ئازارێکی کت و پڕی ناوچەوانم ئەکردو پاشان نەمئەوێرا بیدرکێنم . هەندێجار  نەمئەویست  تەماشای  چاوەکانی  بکەم . بەڵام نهێنی  ناو چاوەکانی، تەلیسم و سیحری ڕاکێشانی ، هیزی کێشکردنی بیلبیلەکانی ، ئەوەندە  بە هێزبوون !.  منی  لاوازی دەکردە  موریدو  شوێنکەوتەی "ئەو نهێنی و تەلیسم و ، سیحری  کێشکردنە" . بە شێوەیەک  سەیری  ئەکردم ، هەستم  ئەکرد ڕێڕەوی  سەیرکردنەکەی گۆڕیوەو  باشتر لە جاران  ڕامئەکێشێ ، بۆ بیکردنەوە . چاوەکانی  لە سوچێک  ئەچوون، بۆ  بیرکردنەوە . سوچێکی  جیاواز ..

سوچێک لەهیچ شوێنێکی ئەم دونیایە سوچی وا تەلیسماوی ، سوچی وا سیحراوی ، سوچی وا دەگمەن و بێ قڕە دەست ناکەوێت . بە شێوەیەک سەیری ئەکردم، سەیرکردنەکەی بارگاوی کردبوو بەو جۆرە جادوەی کە بێ ترس و پرس ، هزری مرۆڤ پەلکێش و دیل ئەکەن بۆ بیرکردنەوە . ئەو سەیرکردنەکەی بارگاوی کردبوو ، هەستم ئەکرد ، نهێنی چاوەکانی ساتێکم نیشان ئەدات ، هەمان ساتە کە بۆتە هۆی خاپوور کردنی خەیاڵدانم !. کاتێ هەوڵمئەدا زیاتر و باشتر بیربکەمەوە ، ناوچەوان و پشتی سەرم ئەیەشاو ، دواتر نەمئەوێرا باسی ئەو ئازارو ئێشە بکەم ، نەکا کاژین و خوشکەکانم زیاتر بە خۆمەوە سەرقاڵ و خەفەتبارتر بکەم . نەمئەوێرا باسی ئەو ئازارە کتوپڕە بکەم کە لە تەماشاکردنی چاوەکانی ئەو توشی دەبووم . ئەو هەر گۆرانی ئەوت و پەتاتەکانی پاک ئەکرد . هەستم ئەکرد دەنگیشی تەلیسمێکی ترەو توانای ئەوەم نیە کۆدەکانی بخوێنمەوە . هێندە بە سەبرو هێواش ، دەنگی خۆی و دەنگی سوینی چەقۆکەی بە پەتاتەکەدا

تێکەڵ ئەکرد . دواتریش سەرجەم گۆرانییەکەی وەرگێڕایە سەر زمانی من و پاشان چەقۆکەی داناو ئینجا وتی : پڕماناترین گۆرانی ، بۆ ئەو کەسانەی یادەوەریان ون کردوەو تەنهاییان نا خۆش کردووە . نەمئەزانی مەبەستی چیە لەوەی "تەنهاییان ناخۆش کردووە" بۆ یە لێمپرسی : یادەوەری و تەنهایی دوو شتی جیاوازن ؟. کاژین خەریک بوو هەڵئەساو بەرەو تەباخەکە ئەڕۆی ، بەڵام کاتێ باسی ، جیاوازی تەنهایی و یادەوەریم بۆکرد ، بە چاوە پشیلەییەکانی سەیری کردم و ووتی : تەنهایی واتە یادەوەری ، زۆرجار یادەوەرییەک هانمانئەدات بە تەنهایی بیر لە ساتەکانی بکەینەوە ، لە هەمانکاتدا مرۆڤێک کاتێ یادەوەری لە دەست ئەدات ، هەست بە تەنهایی ئەکات ، لەبەرئەوەشە یادەوەری و تەنهایی دوانەی سکێکن و هیچ یەکێکیان لە پێنج خولەک زیاتر ، لەویتریان گەورەتر نیە !.

ئەوەندە بە جوانی تێیگەیاندم نەمتوانی هیچ گومانێک لە مەعناکەی بکەم . ئەو خوشکەی من ، قسەکانی تادەهات

جوانتر دەبوون ، لەڕاستی دا یەکەم مانگی نەخۆشییەکەم ، ئەوی بەشێوەیەکی خراپ تێک دابوو ، ئەگەر درۆ بەردەوامەکانی من نەبوایە "گوایە یادەوەرییەکانم هەندێکیانم لەبیرە" ئەو بەجارێ تیائەچوو بەدەست خەمساردی و نەخۆشی خەیاڵدانەکەی منەوە . هەندێجار دڵم بەم کارەی خۆم خۆشەو ، بە شێوەیەک لێکی ئەدەمەوە "بەوپەڕی ڕاستگۆیمەوە درۆم بۆ کردوە" زۆرجاریش توشی ئازاری ویژدان ئەبم ، کاتێ خۆی یادەوەرییەک ئەگێڕێتەوەو دواتر لەنیوەی دا ئەڵێ تەواوی بکە . هەموو جارێ ئەم قسەیەم پێدەڵێ ، هەر کاتێکیش بزانێ ، لە گێڕانەوەکەی دا توانام نیە "ئەڵێ قەیناکە ، من هەموویم لە بیرە" . ئەم خوشکەی من ، مێشکی خۆی بە مێشکی من ئەزانێ و مێشک و ژینی منیش بەهی خۆی . کاتێ ئەڵێ قەیناکە "من هەموویم لە بیرە" واتێئەگەم بەشێک لەمێشکی منی بە ئامانەت هەڵگرتووە و ڕۆژێک دێ بمداتەوە . یان بەشێک لە مێشکی ئەویش لە مندایەو وەک ئامانەتێک بیپارێزم و

بەوە ئاگادارم ئەکاتەوە "یەک تۆوو بین ، دابەش بووبین ، بۆ دوو هێلکەی جیاواز" یان یەک هێلکەبین و هەردووکمان دوو زەردێنەی ئەوبین .!

کاتێ مانای تەنهایی و یادەوەرییەکەی بۆ شیکردمەوە ، بەرەو تەباخەکە ڕۆشت و دواتر پەتاتەکانی سور کردەوە . ئەم خوشکەی من ، نزیکەی سێ مانگە بۆ یەک کاتژمێر چیە لەمن دوور ناکەوێتەوە . وازی لە پیشەو دەوامەکەی هێناوەو هەموو هەوڵ و بڕوانامەکانی ڕابردووی ، بەراورد ناکات بە یەک سات لەگەڵ ژینی ئێستای من . ئەو منی لەهەرچی شتە پێ گرنگترە . ئەو ڕۆژە ئەیوت : ڕاستە زۆرم خوێندووە ، ڕاستە ماندوو بووم ، بەڵام ڕاستییە گەورەکە تۆیت و تۆش ئەوەتای لە گیرفانەکانی دڵمدا . کاتێ بە پەنجە نازک و ئاوییەکانی ئاماژەی بۆ دڵی ئەکرد ، بە چاوە پشیلەییەکانی سەیرێکی جیاوازی ئەکردم و منیش ئەمویست هەرچۆنێک بووە ڕازی بکەم بچێتەوە بۆ دەوامەکەی . بەڵام سەیرکردنەکەی لاڵی ئەکردم و هیچ شتێکم دەربارەی"ڕۆشتنەوەی بۆ دەوام" بۆ نەئەوترا . لە

ماوەی ئەم سێ مانگەدا ، ئەوەم بۆ دەرکەوت ، ئەم خوشکەم لە ڕووی سۆزو هەست کردن بە بەرپرسیاری گەشتۆتە لوتکەو هەندێجار زیادە ڕەوی کردوە بەوەی لوتکەکەی تێپەڕاندووە . لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا "بێجگە لە سۆز و ڕێز و هەستکردن بە بەرپرسیاری" گەورەیی ئەم سێ خوشکەشم بۆ دەرکەوت کە چۆن هەریەکێکیان ، بە گوێرەی تەمەنی جیاوازی خۆیان ، بە بیرکردنەوەو تێڕوانینی خۆیان ، بە هەستکردن بە ویژدان و بەرپرسیاری بونیان . چۆن هەریەکێکیان هەوڵئەدات ئامێزی خۆیم بۆ بکاتەوەو ببنە سێ کێو بۆم.

کاژین دوای ئەوەی ، لە سورکردنەوەی پەتاتەکان تەواو بوو ، کۆچەرەی خوشکیشم هاتەوە . کۆچەرە کاتێ دەرگای موبەقەکەی کردەوە ، خێرا منی ماچ کردو دواتر لە لام دانیشت . هەستم ئەکرد لە دوێنێ ناچێت و کەمێک گۆڕانکاری لە ڕووخسارە ماندووەکەی دا بەدیئەکەم . بۆیە کاتێ لە تەنیشتمەوە دانیشت ، بەڕوویەکی ڕوون و پڕ لە

هیواوە وتی : گەشتمە ئەو قەناعەتەی تۆ بە بینینی ڕووداوێکی کتوپڕ تووشی ئەم حاڵەتە بوویت.!

کۆچەرە ئەمەندەی وت و ، دواتر هەستاو ڕۆی ، یەک خولەکی نەبرد گەڕایەوە ، کاتێ گەڕایەوە ، پشیلەیەکی لە باوەشدا بوو ، پشیلەکەی کردە باوەشی من و دواتر ووتی : بەپێی تۆماری کامێراکانی چاودێری بێت ، لە بەردەم دوکانەکەی تۆدا حاڵەتێک ڕووی داوەو ، دوای حاڵەتەکە تۆ بەشڵەژاوی دەرئەکەویت و پاشان دیار نامێنیت.

لە ڕاستی دا نەمئەزانی کۆچەرە مەبەستی چیە ، بۆیە نەمتوانی هیچ بڵێم . ئەو ڕوداوەی کۆچەرە باسی ئەکرد ، سێ مانگ لەمەو پێش ڕووی دابوو . منیش هەموو تەمەنی خۆم لەو سێ مانگەدا ئەبینی ، ئەمە لەکاتێکدایە بیست و پێنج ساڵ ڕابردووم هەبوو . کۆچەرە ئەوەندەی پێوتم پاشان پێش ئەوەی بڕوات بۆ ژوورەکەی خۆی ، تۆماری خەزنکراوی تری نیشاندام و دواتر وتی : هەرچەندە ئەمە دواهەل نیە بۆ دۆزینەوەو ڕوودانی

جۆری حاڵەتەکە ، بەڵام ئەبێت بڕۆم سەیری بکەم و بەوردی بە دیارییەوە دانیشم.

کۆچەرەی خوشکم هەرگیز کۆڵی نەئەدا لە کۆکردنەوەی تۆمارو خەزنی ئەو کامێرانەی بە درێژایی شەقامی دوکانەکەی من دانربوون . زۆر کات بە چوار کاتژمێر جارێک لە ژوورەکەی خۆی نایەتە دەرەوە ، ئەو بەردەوام تەماشای ئەو تۆمارانە ئەکات کە سات و خولەکەکانی ئەو ڕۆژگارەیان تۆمار کردووە . بۆیە بێ ئەوەی نان لە گەڵ من و کاژین بخوات ، بەرەو ژوورەکەی خۆی ڕۆیشت و دواتر من و کاژین و کۆیار لە نیوەڕۆیەکی درەنگدا ، نانی بەیانیمان خوارد..

6

## یەک ڕۆژ .. پێش لەبیرچونەوەی یادەوەرییەکانم

ئێمە واتە من و خوشکەکانم ، هەموو بەیانییەکانمان لە یەک ئەچوو . بۆیە وەک هەموو ڕۆژەکانی تر ، ئەبوایە هەموو بەیانییەک پێش ئەوەی بڕۆم بۆ دوکان ، لە گەڵ خوشکەکانم نانی بەیانی بخۆم و دواتر ڕێگەی چونە سەرکار بگرمە بەر . سروشتی هەرچوارمان وابوو ، دەبێت لانی کەم "بەیانیان و ئێواران" پێکەوە نان بخۆین ، بۆیە ئەم خووە لای ئێمە لە ئەنجامی دووبارە کردنەوەی زۆرەوە "پیرۆز بو بو" هەروەک و کولتورێکی لێهاتبوو کە چۆن لە ئەنجامی کۆمەڵێک لاسایکردنەوە وە دروست و لە دواجاردا موقەدەس ئەبێت.!

ئەو بەیانییە دوای ئەوەی نانمان خوارد ، لە گەڵ کاژین هاتینە دەرێ . ئەبوایە هەموو ڕۆژێک ، بە تایبەت ئەو ڕۆژانەی دەوامی هەیە ، هەتا دەرگای خەستەخانەکە لە گەڵی بچم و دواتر ئیزنی ئەدام بگەڕێمەوە بۆ دوکانەکەی خۆم . ئەو ڕۆژە دوای ئەوەی لەگەڵی چووم تا بەردەرگای خەستەخانەکە ، پاشان گەڕامەوە بۆ دوکانەکەی خۆم . لەکاتی گەڕانەوەمدا ، بیرم لەو هەڵسوکەوتە جوان و قسە شیرینانەی کاژین ئەکردەوە ، دوێنێ شەو تا درەنگانێک بۆی دەکردم . دوێنێ شەو لە ژیانی مندا بوو بوو بە ڕابردو ، بەڵام هەستم ئەکرد ڕۆژ نەبۆتەوەو لە گەڵ دوێنێ شەودا ئەژیم . ئەو خوشکەی من دوێنێ شەو کاتژمێر دوانزە ، دوای ئەوەی بە سوعبەت وتم برسیمە و هەست بە خەمباری ئەکەم . دەست بەجێ لە تەبیعەتەکەم تێگەشت و دواتر بەو شەوە درەنگە ، یەک تاوە پەتاتەی سورکردەوەو پاشان بە کەچەپ و مایونسەوە خواردمان . ئێستا من لە دوێنێ شەودا ئەژیم ، هەرچەندە کاتژمێر نۆی بەیانی ئەمڕۆیە

، بەڵام هەستئەکەم ، کاتژمێر دوانزەی نیوە شەوی ، دوێنێ شەوە . ئەو خوشکەم کاژین ، هەرچەندە نزیکەی حەوت ساڵە ژوورمان جیاکردۆتەوە بەڵام دوێنێ شەو نەیهێشتوە"تەنها دوو کاتژمێر" بخەوم . کاتێ پەتاتەکەمان بە کەچەپ و ماینوسەوە خوارد . دوای ئەوە گوڵە بەڕۆژەو چای هێنا . هەرچەندە ئەیزانی من حەزم لە چا نیە . بەڵام ئەیوت : چای شیرین و گوڵە بەڕۆژە ، هاوشێوەی پەتاتە سورەوکراوەکە "دژی خەم و خەفەتە" . ئەمە لە کاتێکدایە ، بەهەموو عومرم کاژینم نەدیووە ، خەم و خەفەتی هەبێت . ئەو دوێنێ شەو ئەیویست ، وەک من خۆراکێک دەربارەی "دژایەتی کردنی خەفەت" بدۆزێتەوە بۆیە ئەو گوڵە بەڕۆژەو چا یەی وەک خۆراکێکی تری بەدیل ، لە بەرامبەر پەتاتەی سورەوەکراو پێشنیار کرد . نازانم دوێنێ شەو ئەو هەموو چایە چی بوو دەرخواردی منی دا ، ئەمە لە کاتێکدایە و ئاگادارە ، من حەزم لە چا نیەو ئەگەر بیشیخۆمەوە ڕۆژی چایەک یان دوو چای کەم ڕەنگ ، زیاتر لەوە ، بە گەرومدا

ناچێتە خوارەوە . لە ڕاستی دا ، دوێنێ شەو نەیهێشت لە دوو کاتژمێر زیاتر بخەوم . ئەمە لە کاتێکدایە هەردووکمان دەواممان هەیەو دەبێت بەیانیان کارەکانمان ڕاپەڕێنین . ئێستا کاتێ بەرەو دوکانەکەم ئەگەڕێمەوە ، بیر لەدوێنێ شەو ئەکەمەوە . دوێنێ شەو چ هەرایەکی نایەوە . ئەوت ڕادیۆیەو نەیئەبڕییەوە ، کاتێکیش نیوەشەوێکی درەنگ داهات ، ئەیووت : هێشتا زووەو ئەبێت هەموو گوڵە بەڕۆژەکان تەواو بکەین . ئەو خوشکەی من ، لەوەتەی بیرمکردۆتەوە ، بەو شێوەیە بیری کردۆتەوە . عەجولییەکەی ، زۆربڵێییەکەی ، خان و مان و جوانییەکەی ، قشتیەکەی ، نەچۆتەوە سەر هێچکامێکمان و ئەمە لە کاتێکدایە من و ئەویش "بە یەک سک" وەک دوانەیەکی لەدوای یەک ، لە دایک بووین . هیچ شتێکم دەربارەی "باوکم و دایکم" بە یاد دا نایەت . بەڵام کۆچەرە بۆی گێڕاومەتەوە ، باوکم کاژین و ، دایکم منی باوەش دەکردو ، کاتێ دەچوینە دەرەوە ، بۆ هەردووکمان لە یەکجۆر قاتیان بۆ ئەکردین. کۆچەرەی خوشکم

جارێکیان وتی : باوکم هەمیشە ئەیوت "کچ نیعمەتە" لە بەرئەوەی ئەو ماڵانەی کە کچیان زۆر تیایە ، هەمیشە ئاوەدان و پڕ ئارامی و نەشونمان . کوًَچەرە زۆجار باسی دایک و باوکمی بۆ من و کاژین ئەکرد و ، من و کاژینیش بە گرنگییەکی زۆرەوە گوێبیستی یادەوەرییەکانی کۆچەرە ئەبووین ، دەربارەی دایک و باوکم.

ئەوەی نەمتوانیووە بیڵێم "فەزڵ"ــی کۆچەرەیە بەسەر من و کاژین و تەنانەت کۆیاریشەوە . ئەو تێگەشتووەی خوشکم ،ئەوەی ئەو بۆ ئێمەی کردووە ، لە هیچ شوێنێک و لە هیچ زەمانێکدا ، هیچ کەسێک نەیتوانیووە بیکات . کۆچەرە ، بۆ ئیشوکار قارەمانە، بۆ بیرکردنەوە حەکیمەیە ، بۆ بنیادنان وەستایە ، دەربارەی خوشک و برایەتیش ، ئەو بێجگە لەوەی خوشکمە ، زۆر زیاتر لەوەی لێچاوەڕوان دەکەم "کە چاوەڕوانییەکی چاوەڕوان نەکراوە" و توانای ئەوەم نیە لێیتێبگەم . کاتێ بیر لەڕابردووی دێرینی ئەم خوشکەم"کۆچەرە" ئەکەمەوە .

ناتوانم توشی تێڕامان نەبم . دەیانجار لە بەرخاتری ئێمە ، خۆی برسی کردووە . ئەو دەیانجار بە برسێتی و بە دڵێکی تێرەوە خەوتووە . هەمیشە هەتا ئێمەی تێرنەکردایە خۆی نانی نەدەخواردو کاتێکیش پرسیارمان لێئەکرد"دەربارەی خواردن" ئەیوت خواردومە !. کە گەورە بووین، تێگەشتین ، ئەو دڵێکی تێری هەیە ، بۆیە گرنگ نیە بەلایەوە ، بە سکێکی برسییەوە بخەوێت . کە گەورەبووین لە فەزڵ و دانایی کۆچەرە تێگەشتین و ئاگاداربووین لەوە ، ئەم قارەمانەی خوشکمان، لە پێناوی ئێمەدا ژین و دڵ و هەواو ئارەزووی بەخت کردووە . ئێمە تا گەورە نەبووین ، لە فەزڵەکانی کۆچەرە تێنەگەشتین . ئەو حەزی نەدەکرد هیچمان پێبڵێت ، بەڵکو خەڵکی ئەوە ئەگێڕنەوە "کۆچەرە" چ سەنگەر و فیداکارێک بووە ، بۆ ژیانی ڕابردووی ئێمە . خەڵکی ئەوە ئەگێڕنەوەو ، شایەتی ئەوە ئەدەن ، کۆچەرە کەسێک بووە ، ڕۆڵی دایک و باوک ، خزم و دۆست ، تەنانەت، هەموو ئەو ڕۆڵانەی تری گێڕاوە ، کە کەسێک هەتا هەورازتر لە

تەمەنی گەنجی پێویستیەتی . هەمیشە لە باسکردنی کۆچەرە ، من توشی گرێیەکی پەنجەیی ئەبم و توانای ئەوەم نیە بە باشی "بە وشە وێنەی ڕاستەقینەی ئەو خوشکەم بکێشم" . ئەو خوشکەم"کۆچەرە" دەیانجار لە باوەشی دا خەوتووم . ڕۆژێک بۆی گێڕامەوە ، ئەو دەمەی تازە دایک و باوکمان ، کۆچیان کردبوو . من بەدەر لە "کاژین" خووم بەخۆیەوە گرتووەو سەدانجار بە"دایە" بانگم کردووە . هەتا گەورە نەبووم ، لە کۆچەرە تێنەگەشتم ، هەرچەندە ئێستاش توانای ئەوەم نیە لە هەموو و باشییەکانی ئەو خوشکەم تێبگەم . بەڵام لانی کەم ئەوە ئەزانم "خوشکی گەورە ، دایکی دووەمە" و هیچ کەسێک توانای ئەوەی نیە لە ڕەحم تێبگات ، هەتا خوشکێکی گەورەی نەبێت و نەیدوێنێت !. کۆچەرە زۆر زیاتر "لە دایکی دووهەمین" زیاترەو ، ئەو گیراوەیەکە ، لە هەموو جۆرەکانی جوانی ، ئەو تێکەڵەیە لە هەست و سۆز و ڕێزو خۆشەویستی . ئەو کچێک نیە بەتەنها ، ئەوەندەی کەسێکە ڕۆڵی دایکایەتیشی تەواو کردووە !. هەرچیەک بڵێم

دەربارەی "کۆچەرە" هەست ئەکەم ، لالّم و توانای ئەوەم نیە ، وەک خۆی بیناسێنم .

دوای ئەوەی کاژینم تا بەردەرگای دەوامەکەی گەیاند ، گەڕامەوە بۆ دوکانەکەم . هەرچەندە بەبیری دوێنێ شەوە وە ، تەواوی ڕێگای گەڕانەوەکەم برِی . بەڵام کاتێ گەشتمە دوکانەکەم دەستم بۆ گیرفانەکانم برد کلیلەکەم پێنەبوو ، بۆیە ناچار گەڕامەوە بۆماڵ و دواتر کلیلەکانم هێنا . لە یاد چوونی کلیلەکانم ، پەیوەندی بە بەزمەکەی دوێنێ شەوی کاژینەوە هەبوو ، ئەو ماڵی ئاوادان و دڵی پڕ نوور بێت ، دوێنێ شەو یەک کاری کردووە ، لە هیچ ماڵێکدا ، ئەو کارانە ڕوونادات . دوێنێ شەو بێجەگە لەوەی شەو بوو ، ئەو کردبووی بە ڕۆژی خۆی . دەمێک ، پەتاتەی سور ئەکردەوە ، دەمێک، گوڵە بەڕۆژەو چای لێئەنا ، دەمێکیش گۆرانی ئەوت و ، دەمێکیش نوکتەی لە سەر تەنهاییەکەمان ئەکرد.

کاتێ کلیلەکانم هێنا ، دەرگای دوکانم کردەوەو ، دواتر خۆم خەریک کرد ، بەو کۆمپیوتەرانەوە کە دەبوایە

کاری چاککردنەوەو گۆڕینی پارچەکانیان بۆ بکەم . من لە دوکانەکەمدا ، خەریکی کارکردن بووم "کاتێ گوێم لە دەنگی ئیزعاج و لە ناکاوی ، وەستانی سەیارەیەک بوو" . دەنگەکە ئەوەندە ئیزعاج و لە ناکاو بوو ، هەستم بە بەریەککەوتنی شتێ کرد، بۆیە نەمزانی چیە هەتا لە دوکانەکەم چومە دەرەوە . کاتێ لە دوکانەکەم چومە دەرەوە ، سەیارەکە ڕۆشت و دواتر "پشیلە" یەک ، بە لەشی خوێناویەوە ، بە دوو چاوی پڕ تەلیسم و نهێنیەوە ، بە دەنگێًکی خەمگین و هەناسە کورتییەوە ، خۆی کرد بە دوکانەکەمدا و ، ناچار منیش ، بە دوای پشیلەکەدا خۆم کردەوە بە ژووردا . لە ڕاستی دا یەکەمجار ، نەموێرا تەماشای بکەم ، بەڵام دواتر ، بیرێک بە مێشکمدا هات "ئەم پشیلەیە، بۆ لەم هەموو شوێنە ، خۆی کرد بە دوکانەکەی مندا" . لە ڕاستی دا نەمئەزانی چۆن ئەو بیرەم بۆهات ، بۆیە کاتی "گوێم لەدەنگە خەمگین و هەناسە کورتییەکەی ئەبوو" خەریک بوو ئاگرم تێبەر ئەبوو . بۆیە بێ ئەوەی بیربکەمەوە ، دەست بەجێ بۆلای خاولی هەڵواسراوی

تەنیشت مەغسەلەکەم چوم ، دوای ئەوەی خاولییەکەم هێناو جەستەی پشیلەکەم بە خاولییەکەوە پێچا ، دواتر بێ ئەوەی دوکانەکە دابخەم ، تاکسییەکم گرتو ، فەرمانم بە شۆفێرەکە کرد ، بۆ بەیتەرییەکە بمانبات . پشیلەکە لە باوەشمدا بوو ، ئاگام لە شۆفێرە کەبوو ، بە چ شێوەیەک گاڵتەی پێئەکردم ، بەڵام لەوکاتەدا ، هیچ شتێک سەرنجی ڕانەئەکێشام ، بێجگە لە دوو چاوی پڕتەلیسمی پشیلەکە . لەو کاتەدا هیچ شتێک سەرنجی ڕانەئەکێشام ، بێجگە لە دەنگی خەمگینی پشیلەکە . بۆیە وەڵامم نەدایەوەو ، کاتێ پارەکەشم بۆدانا، هیچ باقییەکی نەدایەوە بەمن. هەرچۆنێک بوو گەیاندمە بەیتەرییەکە ، بەڵام دوای ئەوەی پشیلەکەیان لێوەرگرتم ، چەند خولەکێکی پێ نەچوو ، ئاگاداریان کردمەوە "پشیلەکە" ڕۆحی تیانەماوەو ، ژیان ئاوایی کردووە . سەرەتا بڕوام نەکرد ، لەبەرئەوەی ، ئەو کاتەی لە باوەشمدا بوو"هەستم ئەکرد" قسەم لەگەڵ ئەکات و لەپاداشتی باوەشکردنەکە ، بە میاو سوپاسم ئەکات . سەرەتا باوەڕم نەکرد ، بەڵام کاتێ نیشانیاندام ، گومانم

ئەما ، کە ژیانی لە دەستداوە . کاتێ بینیم ، سەیرئەکەم ، بە هەمان چاو ، کە لەچاوەکانی "کاژین" ئەچێت تەماشام ئەکات . ڕووخساری لە خوێندا دیار نەبوو ، بەڵام چاوەکانی "وەک کوژەکە" هەمووی کردبوەوەو "بە خراپی تەماشای منی پێئەکرد" . چاوەکانی لە چاوەکانی کاژین ئەچوون ، زەق و گەورە ، تەلیسماوی و پڕ نهێنی ، شین و کەمێک خومار . نەمئەزانی چۆن بەرگەی ئەو بینینە بگرم . ئەو کەسەی کە ڕێنوێنی کردم بۆ تەماشاکردنی پشیلەکە "هیچ هەستێکی نەبوو" لەبەرئەوەی ، هیچ دڵگرانییەکم بە ڕووخسارییەوە نەئەبینی . هەندێجار پێئەکەنی و، دواتر بە ڕووخساری گرژو مۆنی ، کاتێ ئەمخوێندەوە ، وادیاربوو ، گاڵتە بە ئەرک و بەرپرسیاری من ئەکات . ئەو کەسەی ڕێنوێنی کردم هیچ هەستێکی نەبوو ، ئەمبینی پێئەکەنێت و هەندێجار بە دڵە ڕەق و بەردینەکەی گاڵتە بەدڵی شوشەیی من ئەکات . لە هەموو ژیانمدا مرۆڤی لەو چەشنەم نەدیبوو ، شۆفێری تاکسییەکە زۆر لەو باشتربوو . بەڵام ئەم ، تێکەڵەیەکە لە هەموو تووخمەکانی

بەدی و ڕەقی ، ئاگام لێبوو ، بێجگە لەوەی گاڵتە بە من ئەکات ، ڕوحی پاکی ئەو پشیلەیەش ، بە گاڵتەجاڕییەکانی عەقڵی "پیس و نابووت" ئەکات .

چاوەکانی پشیلەکە ، بە وێنەی چاوەکانی "کاژین" ئەچوون . چاوەکانی لە سوچێک ئەچوون ، بۆ بیرکردنەوە . سوچێکی جیاواز.. سوچێک لەهیچ شوێنێکی ئەم دونیایە سوچی وا تەلیسماوی ، سوچی وا سیحراوی ، سوچی وا دەگمەن و بێ قڕە دەست ناکەوێت. بە شێوەیەک سەیری ئەکردم ، سەیرکردنەکەی بارگاوی کردبوو بەو جۆرە جادوەی کە بێ ترس و پرس ، هزری مرۆڤ پەلکێش و دیل ئەکەن بۆ بیرکردنەوە !. چاوەکانی بە زەقی کرابوونەوە ، لەوە تێئەگەشتم ، سکالآم لێنەکات . لەبەرئەوەی درەنگ گەیاندمە بەیتەرییەکە . بە شێوەیەک چاوەکانی کراوە بوون ، وەک و ئەوەی بمبینێت و دواهەمین سوپاسم بکات . نەخێر بەو شێوەیە نەبوون ، لەبەرئەوەی ، سوپاس بەلاچاو ئەکرێت و کاتێ یەکێک بیەوێت سوپاسی یەکێکی تر بکات ، تایپی چاوی ئەگۆڕێت

و ڕووخساری هاوکاری ناکات ، عەزەڵاتەکانی چاوی بە تەواوی بەکاربهێنێ !. بە شێوەیەک سەیری ئەکردم ، هیچ کەسێک لەوەو پێش بەو جۆرە سەیری نەکردوم . هەستم ئەکرد ، ئەیەوێت دواهەمین "میاو" بەمن بڵێت ، بەڵام کاتێ تەماشای سەرو جەستەی خوێناویم ئەکرد، دڵم بە خراپی تەنگ ئەبوو . توانای بیرکردنەوەم ئەوەستاو، هیچ سوچێکیشم بە گونجاو نە ئەزانی بۆ بیرکردنەوە بێجەگە"لەناو چاوەکانی ئەو" . بە شێوەیەک چاوەکانی کرابۆوە ، لە خۆمەوە ، تەعبیرم دروست ئەکردو ، لە خۆمەوە لێکدانەوە . لە هیچ شتێک تێنەدەگەشتم . دڵم بە شێوەیەک تەنگ بوو بوو ، هەستم ئەکرد "ڕەزیلی ئەکات ، لە گواستنەوەی خوێن" . بە جۆرێک بیرمئەکردەوە ، هزرم هاوکاری نەدەکردم و جار نا جارێکیش هەستم بە تەزوویەکی کارەبایی مۆخم ئەکرد.

ئەمویست بەیتەرییەکە جێبهێڵم و بەرەوە دوکانەکەم بگەڕێمەوە. بەڵام سیحری ، کێشکردنی چاوەکانی ، ڕایئەکێشام و ، ویستەکەمی پوچەڵ ئەکردەوە . کابرای

بەیتەری ، من هەرگیز "نازناوی دکتۆر"ــی لێنانێم ، بە گاڵتەجاڕییەوە سەیری ئەکردم و ، منیش کاتێ ڕووخساری هەزەلی و زمانی پڕگاڵتەجاڕی ئەوم ئەبینی"خەریک بوو ، یەک ورچم ئەبوو" . ئەو کەسێکی ئەوەندە بێ منەت بوو ، لە ڕووخسارو قسە پڕ گاڵتەجاڕییەکانی دا بۆم دەرکەوت . بەجۆرێک باسی "گیان سپاردنی" پشیلە جوانەکەی ئەکرد ، گوایە هیچ نیەو ، پشیلە حەوت ڕۆحی هەیەو بۆئەوە دروست بووە ، بەو شێوەیە بمرێت . کاتێ باسی "حەوت ڕۆحی" ئەکرد ، وەک کەسێکی "حەوت ڕوو" هاتە پێش چاوم و دواتر بۆئەوەی حەقی خەمساردییەکەی لێبکەمەوە پێموت : ئەو ئەگەر حەوت ڕۆحی هەبێت گرنگ نیە ، بەڵام کارەسات ئەوەیە ، تۆ یەک ڕۆحت هەیە ، بەڵام حەوت ڕوو.!

کاتێ ئەو قسانەم پێووت ، پشیلەکەم لە خاولییەکە پێچایەوەو دواتر بەرەو دوکانەکەی خۆم گەڕامەوە . دوای ئەوەی لەسەرمێزی دوکانەکەم دامنا ، چاوەکانی هەر کراوە بوون . هەستم ئەکرد"دواهەمین میاوم لێئەکات" .

هەرچەندە چاوەکانی پڕبوون لە وتن ، بەڵام من هیچی لێتێنەدەگەشتم و ، هەتا دوانیوەڕۆیەکی درەنگیش ، هەر سەیری چاوەکانیم ئەکرد . دواتر لە باخەکەی بەرامبەر دوکانەکەم ، دوای ئەوەی ، دوکانەکەم بەنیوە ناچڵی داخست ، گۆڕێکم بە ئەندازەی خۆی . بە چنگ بۆ هەڵکەندو ناشتم، پاشان بەو پەڕی دڵشکاویەوە ، بەرەو ماڵەوە ڕۆشتم.

نەمئەزانی بە چشێوەیەک هەنگاوەکانم هەڵدێنم ، چاوەکانی لە بەرچاوم ون نەدەبوون و هەمیشە وەک سیحرێک ، وەک هێزێکی کێشکردن ، سەرنجی ڕائەکێشام و پاڵی پێوەدەنام بۆ بیرکردنەوە . هیچ شوێنو سوچێکم بە گونجاو نەدەزانی بۆ بیرکردنەوە ، بێجگە لە ناو چاوەکانی . کاتێ چاوە کراوەو ، شین و خومارەکانی ئەهاتە بەرچاوم ، هەستم بە قورسی سەرم و نایەکسانی قاچەکانم ئەکرد. ئەو ڕۆژە نەمزانی بەچ شێوەیەک گەشتمە ماڵەوە . کاتێ گەشتمە ماڵەوە ، دەستەکانم شۆردو دواتر ، کاتێ تەماشای ئاوێنەی بەرامبەری خۆم کرد ، هەستم کرد ،

بەشێک لە من ، لە پێستی ئاوێنەکەدا جێدەمێنێ و دواتر بە هێمنی ئەو بەشەم ون ئەبێت . خوشکەکانم هیچیان لە دەوام نە هاتبوونەوە ، من بە تەنها لە ماڵەکەدا هاتوچۆم ئەکرد . ئەمویست لە شوێنێکدا دانیشم و دواتر جێگەم بەخۆم نەئەگرت . هەندێجار هەستم بە ئازارێکی پچڕ پچڕی لەناکاو و بەهێز ئەکرد ، لە تەوقی سەرمەوە دەستی پێئەکرد ، بەشێوەیەک بە نایەکسانی ڕوشتنەکانم کۆتایی پێئەهێنا. هەندێجار ئازارەکە تووشی دڵە کووتەی ئەکردم و دواتر سەری قورس ئەکردم و پاشان نەمئەتوانی ئەو بەشە جێماوەی ڕووخسارم"لەپێستی ئاوێنەکەدا" کۆبکەمەوە . نزیکەی کاتژمێرێک لای ئاوێنەکەوە بووم ، دواتر چومە ژوورەکەی خۆم و قەیرێکی پێچو"کۆچەرەی خوشکم و کۆیار هاتنەوە" . کۆچەرە وەک پیشەی هەمیشەیی ، سەرەتا سەرێکی لە ژوورەکەم داو ، دوای ئەوەی ماچێکی کردم ، داوای لێکردم بێم بۆ موبەقەکە ، تا نانم بۆ ئامادە بکات ، بەڵام پێمووت ، برسیم نیە . کۆچەرە ، کاتێ گوێبیستی قسەکانم بوو ، وەک ئارەزووی

لەمێژینەی ، لیمنەگەڕاو جارێکی تر داوای لێکردمەوە "حەزم لە چیە ، تا بۆم ئامادە بکات" . نازانم کۆچەرە ، ئەیویست ، لە نۆتەی گۆڕانی دەنگم تێبگات ، یان هەست نەکردنی بە برسێتیم . بۆیە چەند جاریتر ، هەمان پرسیاری لێکردمەوە . کۆچەرە بەوپێیەی کەسێکی حەکیمەو لەسەرخۆو تێگەشتبوو ، هەستی بە غوبنێک کردبوو لە مندا ، بەڵام تێگەشتنە زۆرەکەی ، زۆرجار ئەبوونە بەربەست لە کردنی دەیان پرسیار ، بۆیە هیچ پرسیارێکی لێنەکردم ، دەربارەی "گۆڕانە کتو پڕەکەم" دڵنیا بووم لەوەی خۆی لێیتێئەگات و ، ئەویش دانایەکەی ڕێگای پێنادات ، زۆر تەداخولی منێکی پەروەردەی دەستی خۆی بکات . بەڵام ئەمە بۆ کاژین شتێکی ترەو ئەگەر بزانێ ، من چیم لێهاتووەو بۆچی ڕووخسارم تێکچووە ، واز ناهێنێ ، هەتا بە تەواوی تێئەگات. نازانم ئەو کاتەی کاژین دێتەوە چی ڕووئەدات . بۆیە لەئێستاوە مشوری ئەوە ئەخۆم ، خۆم یەکلاییبکەمەوە بەشتێک ، پێیبڵێم"دوێنێ شەو" نەخەوتوم و ، ئەمشەو دەمەوێ بە قوڵی بنووم، دەمەوێ

قسەی بۆبکەم دەربارەی پشیلەکە . بەڵام کاتێ چاوە پڕتەلیسم و ناوازەکەی دێتە بەرچاوم ، هیچم بۆ ناوترێ و لە بەرامبەردا "ژانێک" تەواوی سەرم دائەگرێت . نازانم چۆن ئەمشەو بە تەنهایی تێپەڕێنم . هەست ئەکەم شەوێکم پێویستە بۆ بیرکردنەوە "ڕێک شەوێک" بەڵام کاژین واز ناهێنێ و نایەڵێ"ئەمشەو خۆمبم" و بیر لەچاوە پڕ تەلیسمەکانی پشیلەکە بکەمەوە . لە ئێستاوە هەوڵئەدەم "کاژین" ڕازی بکەم ، ئەمشەو بە تەنهابم . بۆیە دوای ئەوەی کۆچەرە ، لە ژوورەکەم چووە دەرەوە ، کاژینیش هاتەوە ، هاتنەوەی ئەو ، بە مانای "خۆشی و شادی" دێت. بەڵام خۆشی و شادییەکەی ئەمڕۆ جیاوازەو هەست ئەکەم ، ناتوانم پێشوازی لێبکەم ، کاتێ ئەو هاتەوە ، دەست بەجێ خۆی گەیاندە ژوورەکەی من و دواتر وتی : نانت خواردووە؟. من وەڵامم دایەوەو پێمت : برسم نیە . من ئەمزانی ، ئەو وەک کۆچەرە نیەو ، لەو جۆرە قسانە تێناگات ، بۆیە وتی : چۆن برسیت نیە ، هەرئێستا دەبێت هەڵسیت و لە گەڵم بێیت بۆ موبەقەکە.

موبەقەکەی ئێمە خۆشترین شوێنیماڵەکەمان بوو . کۆچەرە ئەو موبەقەی بە شێوەیەک لا خۆشەویست کردبووین ، هەرکەمێکمان زوو بهاتایەتەوە ، بە موبەقەکەدا تێئەپەڕی و پاشان ژوورەکانی تر . ئەو موبەقەی ئێمە ، هەرچەندە چکۆلەو کەمێک تەنگ بوو ، بەڵام کۆچەرە بەشێوەیەک کەلوپەلەکانی ڕێکخستبوو، جێگای هەرچوارمانی ، لەسەر یەک مێزو چوار کورسی کردبوەوە . موبەقەکەی ئێمە ، پاکترین شوێنی ماڵەکەمان بوو . کۆچەرە هەمیشە ئەیوت : پیرۆزترین و پاکترین شوێنی ماڵ ، دەبێت موبەق بێ !. کۆچەرە دەیانجار ئەو قسەیەی کردوەو ئەو موبەقەش ، سەدان چیرۆکی پڕ لە یادگاری و ، برسێتی و تێری ، لە بنمیچەکانی دا شاردۆتەوە . ئێستا کە بژێویمان زۆر باشەو "هەر چوارمان" کار ئەکەین . هێشتا ئەو ڕۆژانەمان لە یادە ، کە لەم موبەقەدا بە"دڵێکی تێرو سکێکی برسییەوە" چاوەڕێی ئەو نیعمەتانەمان ئەکرد ، کە کۆچەرە بۆی حازر ئەکردین . چیرۆکی "پاک و پیرۆزیی" ئەم موبەقەی ئێمە ، لە تەمەنی من و کاژین

کۆنترەو "دایکم" دەیانجار باسی ئەم موبەقەی بە شێوەیەکی تر ، بۆ کۆچەرە گێڕاوەتەوە . من و کاژین ، هیچ ڕووخسارو هەڵسوکەوتێکی دایک و باوکمان لەیاد نیە . بەڵام بە گوێرەی گێڕانەوەکانی کۆچەرە بێت ، خۆشترین شوێنی دونیا ، بەلای من و کاژینەوە ئەم موبەقە بووە . تەنانەت کۆچەرە ڕۆژێک ئەیوت : دوو ساڵ بوو دایک و باوکمان مردبوو ، تۆ و کاژین حەزتان ئەکرد لەگەڵ من نەخەون و ، لەم موبەقە جێگاتان بۆ ڕاخەم . چیرۆکە کۆنەکانی ئەم موبەقە ئەوەندە زۆرن ، کۆتاییان نایەت .

کاژین ئەیویست لە گەڵی هەستم و بڕۆم بۆ موبەقەکە ، بەڵام جارێکی تر وەڵامم دایەوەو وتم : بڕوابکە هیچم بۆ ناخورێت.

ئەو بە وەڵامەکەم ڕازی نەبوو ، بۆیە لە سەر چەرپاکەم دانیشت و دواتر وتی : چۆن شتی وا ئەبێت . من هیچ وەڵامێکم نەدایەوە، کاژین وەک پیشەی هەمیشەیی ، دەستێکی خستە ژێرسەرم و دواتر بە دەستەکەی تری ،

پەنجە نازک و درێژەکانی ئەهێنا بەناو قژمدا ، ئەو نزیکەی دوو خولەک یاری بە قژم کردوو دواتر وتی:ئەبینم تات لێهاتووە . منیش بۆ ئەوەی خۆم تێکنەدەم ، باسی دوێنێ شەوم بۆکردو پێموت : نا ئەوە تا نیە ، بەڵکو نیاشەنەیەکە لە نیشانەکانی کەم خەوی.

لە ڕاستی دا نەمئەزانی ، تازە دکتۆرە ، بە چشێوەیەک بخەڵەتێنم . بۆیە کاتێ هەستی بە "تا"کەی من کرد ، دەستبەجێ ڕۆشت و دواتر ویستی ئامێرێکی "پێوانەی تا" بهێنێت . من حەزم نەکرد تا کەم بگرێت و دواتر لە ئەنجامی بەرزیی تا کەم ، خۆی و خوشکەکانم خەفەتبار بکات . بۆیە دەست بەجێ هەستام و ، جارێکی تر بۆلای مەغسەلەکە ڕۆشتم ، کاتێ کاژینم لە ژوورەکەی ئەو دیوتر بینی ، بۆ ئامێری " تاپێوان" ەکە ئەگەڕێت ، خۆم بە شوشتنی ڕووخسارمەوە خەریک کردوو ، جارناجارێکیش ، هەستم بە لەدەستدانی یەکسانی قاچەکانم ئەکرد . سەرم زۆر ئازاری ئەهات و "چاوەکانی پشیلە" کەش ، لە خەیاڵ و هزرمدا ، بەردەوام بیری

پێئەکردمەوە . کاتێ ڕووخسارم شۆری و پاشان تەماشای ئاوێنەکەم کردەوە ، هەستم ئەکرد ، بەرگەی بینینی خۆم ناگرم. بۆیە کەمێکی تر ڕووخسارم تەڕکردەوەو دواتر هەرچۆنێک بوو بەرەو موبەقەکە ڕۆشتم . کاژین کاتێ زانی لە موبەقەکەم ، ئامێری پێوانەکەی هێناو دواتر پێموت : پێویست بەوە ناکات و عەیبم نیە . کاژین بە شێوەیەکی سەیر تەماشای ئەکردم . چاوەکانی ، وەک "چاوەکانی پشیلەکە" ئەهاتە بەرچاوم . هەستم ئەکرد کاژین، ئەیەوێت پرسیارم ، دەربارەی شپرزەییەکەم لێبکات ، بۆیە مەجالم نەداو ، دواتر وتم : چیمان هەیە ؟ هەرچەندە زۆریش برسیشم نیە. کاژین بە شێوەیەک سەیری ئەکردم "گوایە قسەکانی ئەمڕۆم ، لە قسەکانی پێشوترم ناچێت" بۆیە لە سەر کورسیەک ، لە تەنیشت مێزەکە داینیشاندم و دواتر وتی : هیچ بووە ؟.

کاتێ چاوە پشیلەییەکانیم ئەدی "ساتی دواهەمین میاوی پشیلەکەم بیرئەکەوتەوە" . هەستم ئەکرد ، تەماشاکردنی چاوەکانی کاژین ، سەرم خراپتر ئەیەشێنێ و دواهەمین

میاوی ئەو پشیلەیە لە مێشکمدا ئەزرنگێنێتەوە . بۆیە نەمویست وەڵامی بدەمەوە ، بە ئیشارەتێک ، کەزمانی جەستەیی هەردووکمان بوو ، تێمگەیاند کە هیچ نەبووە . ئەو ڕازی نەئەبوو ، بەو جۆرە لە تێگەشتن ، لەبەرئەوەی هەستم پێئەکرد ڕازی نیەو ئەیەوێت باشتر تێبگات . بەڵام بۆ ئەوەی گومان لە حاڵی پەرێشانی من نەکات ، داوای خواردنم کردوو ، دواتر کۆچەرەو کۆیاریش ئامادەبوون . نازانم چەند تیکە نانم خوارد ، لە بەرئەوەی هەستم هاوکاری نەئەکردم و پاشان ئەو ئازارەی لە سەرمدا دروست بوو بوو ، کاریگەری خستبوە سەر قاچەکانم و ، بڕوام وا بوو ، یەکسانی خۆم بۆ ناپارێزرێ . هەرچۆنێک بوو ، کەمێک نانم خوارد . بەڵام هەرسێ خوشکەکەم هەستیان پێکردبووم . هەستیان کردبوو ، ئەم زەمەنەی ئێستا لە زەمەنەکەی دوێنێ ناچێ . کۆچەرەی تێگەشتوو لە لای ڕاستم و ، کۆیار لای چەپم و کاژینیش بەرامبەرم دانیشتبوون . هەرسێ خوشکەکەم لە تەنیشتمەوە بوون ، کاتێ هەستام و بەرەو ژوورەکەی خۆم ڕۆشتم . ئاگام

لێبوو "کاژین" خەریک بوو دوامکەوێ . بەڵام "کۆچەرە" ئاگاداری کردوە ، وازملێبێنێ و بڕۆم بۆ ژوورەکەی خۆم . نازانم کۆچەرە ، چۆن بوو ئاگاداری کردەوە ، لەبەرئەوەی کاژین بە قسەی کردوو وازیلێهێنام بەرەو ژوورەکەی خۆم بڕۆم . کات بەرەو عەسرێکی درەنگ ئەڕۆیشت ، لە ژوورەکەی خۆم و لە سەرچەرپاکەم ، بێ ئەوەی خۆم گوڕیبێت ، پاڵکەوتم و ئەمویست کەمێک چاوەکانم بنوقێنم ، بەڵام نەمئەتوانی ، هەر کاتێکیش هەوڵی نوقاندنی چاوەکانم ئەدا "چاوی کراوەو دواهەمین میاوی پشیلەکەم ، بە شێوەیەکی تر ، ئەهاتە پێش چاو" . نەمئەزانی بە چشێوەیەک ئەو تارمایی و دەنگی "دواهەمین میاوە" لە بەرچاوی خۆم نەهێڵم . هەرچەند هەوڵمئەدا ، هەوڵەکەم بێ سوود ئەبوو . نزیکەی دوو کاتژمێر بەو شێوەیە مامەوە ، هەستم ئەکرد ، دونیا بەرەو تاریکی ئەڕوات و خۆر بە تەواوی ئاسمانی جێهێشتووە ، بە شێوەیەک " دیمەنی دواهەمین میاوەکە" ئازاری ئەدام ، نەمئەتوانی چەندێتی کات بزانم و لە ساتی ئاوابوون و هەڵاتن تێبگەم .

ژوورەکەم تاریک بوو بوو ، عەقڵم بەوە نەدەشکا "ئێستا شەوە" بۆیە کاتێ تەقەی کردنەوەی دەرگای ژوورەکەم هات ، بینیم کاژین ، گڵۆپێکی هەڵکردو دواتر لەسەر چەرپاکەم ، لە تەنیشتمەوە دانیشت . لە ڕاستی دا چاوم بە خراپی ئەیبینی و هەستم ئەکرد تەواوی ڕەنگەکان تێکەڵ بوون . بۆیە ویستم خۆم بکەم بە خەوتوو ، دواتر کاژین قایلبکەم بڕوات بۆ ژوورەکەی خۆی . بەڵام کاژین وادیاربوو ڕازی نەدەبوو ، لەبەرئەوەی کاتێ لە سەرچەرپاکەم دانیشت ، وەک پیشەی هەمیشەیی ، دەستی بەقژمدا هێناو دواتر بە قسە خۆشەکانی بێ ئەوەی تێبگات چیمە ، دەستی کرد بە سوعبەت . ئەو قسەی زۆری کردو ئێستا بەباشی لە یادم نیە . بەڵام ئەوەم لە یادە ، بۆ ئەوەی قایلی بکەم ، بچێت بۆ ژوورەکەی خۆی ، بە شێوەیەک خۆم کردبوو بەخەوتوو ، هەست بەبێ خەبەریم نەکات . جار جار نکەیەکم ئەکرد ، هەتا تێبگات ماندووم. بەڵام بۆئەوەی بە تەواوی تێیبگەیەنم ، خۆم بە خەواڵویی نیشانداو دواتر بە دەنگێکی هێواش ، خۆشم

نازانم نۆتەکەی چۆن بوو پێموت : زۆر ماندووم ، ئەمەوێت بنووم ، ڕازی ئەبیت ؟.

هەستم ئەکرد لە هەموو ژیانمدا ، ئەمە یەکەمجارمە ، خوشکەکەم"کاژین" ڕازی بکەم ، ئەمشەو بە تەنهاو ، بە زوویی بخەوم. نازانم "نۆتە حەزینەکەی دەنگم بوو" یان تێگەشتنە تازەکەی کاژین . بۆیە ڕازی بوو بڕوات بۆ ژوورەکەی خۆی . بەڵام ئەوەم ، هەرئەوەندە لە یادە ، پێش ئەوەی بڕوات ماچێکی کردم ، دواتر وەک چۆن کەسێک قەپێک ئەگرێت لە سێوێک ، بەوشێوە هێمنە ، گازێکیشی لێگرتم.

دوای ئەوەی "کاژین" ڕۆی گڵۆپەکەم کوژاندەوەو ، دواتر دیمەنی"دواهەمین میاو" وەک وەستایەکی شارەزا ، بە درێژایی ئەوشەوە ، ئیشی لەمێشکی مندا ئەکرد و ، بە یانیش کاتێ بە ئاگا هاتمەوە ، وەک غەریبەیەک ، وەک تازە لە دایک بوویەک ، وەک نەفام و بێ ئاگایەک لە ڕابردوو ، لە هیچ شتێک حاڵی نەدەبووم . ئەوەی خوشکەکانم ، دەربارەی من دەیڵێن ، هەمووی ڕاستەو "گوایە ئەوکاتەی ،

بە بیروباوەڕێکی نوێ وە ، بە ئاگا هاتوومەتەوە ، مۆڕەم کردووەو ، ئەوانیش باش لەوە تێئەگەن ، مۆڕە ، لە گەڵ سروشتی ڕابردووی من ، ناگونجێت.

## 7

## ساتی بە ئاگا هاتنەوەو ، گەڕانەوەی  یادەوەرییەکانم

ئەمڕۆ  دوای ئەوەی لە خەو هەستام ، ویستم  لە چەرپاکەم دوور بکەومەوە ، بەڵام کاتێ  جوڵام ، کاژین  بە ئاگا هات و خێرا  لە گەڵ من هەستا . ئەم خوشکەی من ، بەدرێژایی ئەو سێ مانگ و چەند  ڕۆژەی  توشی  ئەم  حاڵەتە بووم ، بەو شێوەیە هەڵسوکەوت  ئەکات. نازانم ، دڵی ئەو ، چ میقاتێکی  لە گەڵ دڵی مندا هەیە . نازانم ، مێشکی  ئەو ، چ پەیوەندییەکی ، گرێداراوی ، لە گەڵ  مێشکی مندا هەیە . بچوکترین  جوڵەی من ، ئەو  بە ئاگا  ئەهێنێت و  لە دواجاردا خۆی  بە دوای مندا  کێش ئەکات . ئەم خوشکەم ، بە درێژایی ئەم سێ مانگ و چەند ڕۆژە ، بەمشێوەیە  بیری کردۆتەوەو

لەو ماوە درێژەشدا ، یەک کاتژمێر  شک نابەم ، بە تەنهایی و بەبێ  ئەو تێمپەڕاندبێ . کاژین  بێجگە  لەوەی ، وازی  لە دەوام  و  دەرسەکەی   هێناوە  ،  هەموو   ئەو  خۆشی  و سوعبەت  و  نوکتانەشی   لە  یاد  کردووە،  کە  سەردەمانێک لەمەو پێش ، ژینی منیشی  پێپڕئەکردەوە . ئەو  هیچی  ناوێ بێجگە لە من . ئاگادارم ، بە چجۆرێک  گرنگیم پێئەدات و ، لە ماوەی ئەم  سێ مانگ و چەند ڕۆژەشدا ، بێجگە لە هەست کردن  بە  بەرپرسیاری  ،  ئۆفێکم   لێ  نەدیووە  .  ئەم نازونیعمەتەی   خوشکم   ،   هەرچەندە      ڕووخسارە کۆمیدییەکەی   سێ  مانگ   لەمەو پێشی   نەماوە ، بەڵام هەست  بە شیرینی ڕۆح و  ترپەی  دڵە ناوازەکەی  جارانی ئەکەم . هەست  ئەکەم  ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ، سات لە دوای سات،  باشتر لە جاران  گرنگیم   پێئەدات  و   بۆ   ئەو گرنگیدانەش ، یەک تۆز  هەست  بەماندوو بوون ناکات . ئەم خوشکە  هاوتەمەنەم ، هەتا گەورەبێ ، لە ئاستی مندا  خۆی بچوک  ئەکاتەوەو ، بە قسە خۆش و یادەوەرییە  زۆرەکانی لەگەڵ مندا ، تەمەن   بە  فشەیەکی  کاتی  ئەزانێ  و  ئەو

چرکانەم بۆ باس دەکات کە پێشتر ، بە چجۆرێک ، سوودمان لە فشەی تەمەن بینیووە . ئەو خوشکە هاوتەمەنەم ، بێجگە لەوەی پێنج خولەک لە من گەورەترە ، هەندێجار وا خۆی دەرئەخات "کۆرپەی ئەوبم" . ئەوەندە گرنگیم پێئەدات ، لە ئاستی دا ، وەک دلۆپێ ئاوی ناو لمی بیابان خۆم ئەبینم . زۆرجار ، من بە منالٚ تێئەگات و ، شانەیەک ئەهێنێ ، بێجگە لەوەی ، بە پەنجە نازک و ئاوییەکانی یاری بە قژم ئەکات ، بە شانەکە ، بە دەیان مۆدیل ، قژم بۆ دائەهێنێ و لە دواجاردا ، دڵی لەسەر مۆدێلێک ئەوەستێ ، بە هەموو عومرم ، ئەو مۆدێلەم ، لە دراماشدا نەدیووە . ڕۆژ تا ئێوارە لە ژوورەکەی منەو ، شەوانیش تا درەنگانێک نایەڵێت بخەوم و ، هەرکاتێکیش خەون بمباتەوە ، وەک پاسەوانێک ، یان کەروێشکە خەوێکی خۆی ، ئاگای لێمئەبێ و ، بە بچوکترین جوڵەی من ، بە ئاگاو هوشیار ئەبێت . زیاتر لە سێ مانگە ، بەمشێوەیە ، مامەڵەم لەگەڵ ئەکات . ئەمە لە کاتێکدایە جارانیش وابووە ، پێش ئەوەی "کۆچەرە" ژوورەکانمان

جیابکاتەوە . ئەم خوشکەی من ، کە بەردەوام ناوەکەی لەم حیکایەتەدا دوبارە ئەبێتەوە ، پەیوەندی بەوە وە هەیە "کە ناوازەیە" ئەگەر بمزانیایە ، کچێکی تر لەم شێوەو جۆرە ، لەم گۆشت و ئێسقانە ، لەم دڵ و دەرونە ، لەم ڕۆح و پێکهاتەیە ، لە تەوای دونیادا هەیە ، ئەوەندە باسم نەدەکرد . بەڵام من دڵنیام ، بێجگە لە من ، هیچ کەسێکی تر ، لەمجۆرە خوشکەی نیەو ، خودی خۆم پێشتر بە بەرەکەتم زانیووە ، بۆیە پێویستە قەدری گرانی ، ئەو بەرەکەتە بزانم و لە دواجاردا ، ئێوەش لە بوونی بەرەکەتێکی ناوازە ئاگادار بکەمەوە . زۆرجار کاتێ لە خەوێکی قوڵ بە ئاگادێم ، ئاگام لەوەیە ، لە گەڵ مندا بە ئاگادێت و ، لە ئەنجامدا توانای ئەوەم تیا دروست نابێ ، بتوانم لەو هێڵە گرێدراوە تێبگەم کە بە مێشکی منەوە پەیوەستی کردووە ، دەیانجار بە ئاگا هاتووم ، لە ساتی بە ئاگا هاتنی مندا ، بە ئاگا هاتووەو ، دواتر نەمتوانیووە، لەو ڕەبتە تێبگەم ، کە من و ئەوی "بەشێوەیەکی توندو تۆڵ" بەیەکەوە بەستۆتەوە . حاسەی ئەو بۆ من ، ووتەنی نیەو ، هەتا ئێستا لەو تەکنیکە

وردو ئاڵۆزە تێنگەشتووم ، لە نێوانی ، دڵی من و ئەودا هەیە . بەلامەوە سەیرە ، هەموو جارێک بچوکترین جوڵەی من ، ئەوی بە ئاگا هێناوەو ، لە ئەنجامیشدا نەمتوانیوە ، لەوە تێبگەم "بۆچی وایە" . ئێستاشی لە گەڵدابێت ، ڕۆژانە "سەدان جار" خۆی بە ساقەم ئەکات و بۆ ساتێکیش هەست بە ماندوو بوون ناکات . زۆرجار بە حساب ئامۆژگاریم ئەکات ، بەڵام لەمیانی قسەکانی لائەدات و دواتر ، یاری بەقژە درێژو پڕەکەم ئەکات . ئەو ڕۆژە "کۆچەرە" ی خوشکم ، کاتێ من و کاژینی بینی ، کاژین بە پەنجەکانی مۆدیلێکی نوێی بو قژم دائەنا وتی : تازە ژوورەکەمان بۆ جیاکردبوونەوە ، کاژین وەک نارازیەک ، هەموو ڕۆژێک ، دونیایەک گللەیی "ڕێک یەک دونیا" گللەیی لە من ئەکردو پاشان ئەم گللەییانەی بەردەوام بوو هەتا قۆناغی دووی کۆلیژ ، دواتر کاتێ بۆی دەرکەوت ، لە بەرژەوەندی هەردووکتان ئەم بڕیارەم داوە ، کەمێک فامیی کردوە ، بەڵام بەشێوەیەکی تر گللەیکانی هەر بەردەوام بوون . بە گوێرەی گێڕانەوەو قسەکانی کۆچەرە بێت، ئەم خوشکەی

من ، له ئەزەلەوە وابووەو بە تەماش نیە بگۆڕێت . خۆی شتێک هەیە "ئەڵێن هەموو شتێک ڕێژەییە ، تەنها گۆڕانکاری نەبێت ، ڕەهایە" بەڵام ئەمڕۆ ئەم باسە نەک پێچەوانە بۆتەوە ، بەڵکو لە ئاستی کاژینی خوشکمدا " بێجگە لە درۆ هیچی تر نیە". کاژین بە حەیاتی ، بیرو باوەڕی ، هەست و سۆزی ، دڵ و دەرونی ، دەربارەی من ناگۆڕێت و بگرە لەوەی هەیە ، زیاتر پەرە ئەسەنێت و باشتر کامڵ ئەبێت . کۆچەرە بەوشێوەیە تێگەشتبوو ، دوای ئەو دووساڵە کاژین گۆڕاوە ، بەڵام دواتر بۆی دەرکەوتبوو ، ئەم خوشکەی جیاوازەو لە سەر ئەو بناغانە ناڕوات کەتەمەن گۆڕانکاریان بەسەردا دێنێ . کاژین هیچ کاتێک بەتەمای ئەوە نیە "تەمەن" بناغەی بونیادی سۆزو هەستی ، سەبارەت بە منی برای بگۆڕێت . ئەو هیچ کاتێک بە تەمای ئەوە نیە ، وەک خۆی باسی ئەکات "فشەی تەمەن" گۆڕانکاری لە جەوهەروی بیرکردنەوەی ئەودا سەبارەت بە من بگۆڕێت . هەرچەندە بە گوێرەی گێڕانەوەکان ، ئەم خوشکەم ئەناسم ، هەروەکو چۆن لە ماوەی ئەم سێ

مانگەدا هەڵوێستەکانیم دیوەو لە گێڕانەوەکانی دا گوێبیستی بووم ، گە شتومەتە ئەو قەناعەتەی "من جیاواز و ناوازەبم" لە بەرخاتری چاوە پشیلەییەکانی خۆمنا ، بەڵکو ئەو بەرەکەتەی "کە خوای گەورە" لە بەخشینی ئەو سێ خوشکەدا بۆ منی لاوازی فەراهەم کردووە . جیاوازییەکەی من ، خودی خۆم نیم ، ئەوەندەی ئەو خوشکانەمن"کەوایانکردوە جیاوازبم" . ئەو خوشکانەی من ، هەریەکێکیان ، سۆزو بوونێکی جیاوازی هەیە بۆ من . "کۆچەرە و کاژین و کۆیار" سێ خوشکە نمونەییەکەم ، لە ئێستا "چاوی منن " من لە ڕێگای ئەوانەوە ، توانای ئەوەم هەیە ، دونیا بخوێنمەوە . ئەم سێ خوشکەی من ، هەریەکێکیان ، بە ئەندازەی گرنگی خۆی گرنگەو ، گرنگی ئەوان لەوەدایە ، هەریەکێکیان ، گیراوەو تێکەڵەیەکن لە هەرسێکیان !. ئێستا کاتێ لە سەر چەرپاکەم هەستام، کاژین دەستبەجێ بە ئاگا هات و پێش ئەوەی هیچ قسەیەکیش بکەم وتی : بەیانیت باش.

له ڕاستی دا ، ئێستا بەیانی نیە ، بەڵکو نیوەڕۆیە ، بەڵام کاژین هەتا نیوەشەوێکی درەنگ نەیهێشتووە بخەوم ، ئەو بەردەوام ، یادەوەرییە کۆن و زۆرەکانی ڕابردووم بۆ ئەگێڕێتەوە ، هەربۆیە تا نیوە شەوێکی درەنگ ، بەردەوام ئەبێت له گێڕانەوەو بۆ یەک چرکەش، ماندوو نابێت . هەمیشە سەری لەسەر سەرینەکەی منەو بە شێوەیەک خووی به من و سەرینەکەمەوە گرتووە ، ئاگای له کات نەمێنێ و ، هەموو هەست و ژیریشی له سەر ئەوە کۆکردۆتەوە ، له گێڕانەوەکاندا پەله نەکات . ئەمشەوی ڕابردوو تەنها یادەوەرییەکی بۆ گێڕامەوە ، ماوەی یادەوەرییەکە ، نزیکەی پێنج کاتژمێرێک ئەبوو ، ئەمە له کاتێکدایە "کۆچەرە" هەمان یادگاری بۆ گێڕاومەتەوە بە چەند خولەکێک . ئەم خوشکەی من کاژین ، له گێڕانەوەی هەر یادەوەرییەکدا ، هەستی تایبەتی خۆی ، تێکەڵی بابەتەکە ئەکات و ، وەک کەسێکی قشت و سوعبەت چیش ، دەیان نوکتە له سەر ئەنجامی گێڕانەوەکەی ڕیز ئەکات . ئەمشەوی ڕابردوو ، نزیکەی پێنج کاتژمێر خەریکی

گێڕانەوەیەک بوو ، ئەمە لە کاتێکدایە ، ئەگەر لە کاتی خۆیدا ، ئەو یادگارییە تۆمار بکرایە ، ماوەکەی تەنها چەند خولەکێک ئەبوو . زۆرجار قسە خۆشەکانی خۆی تێکەڵی یادگارییەکان ئەکات و منیش وەک کەسێکی گوێگر و تەماشاکەر ، بیرئەکەمەوەو خەم دامئەگرێ و هەندێجاریش پێئەکەنم . ئەو کاتەی پێئەکەنم ، هەست ئەکەم پێکەنینێکی جیاوازە ، لەبەرئەوەی زارییەو دڵم بە هیچ شێوەیەک هاوکاری ئەو پێکەنینە ناکات . خۆم هەستی پێئەکەم ، لە دڵمدا هیچ بڕە خوێن و پاڵەپەستۆیەکی تەنز بزوێن ، ڕۆڵیان نەبووە، لە دروستکردنی ئەو پێکەنینەدا . لە دڵمەوە هەستی پێئەکەم ، کە زارم ، بە ناوی دڵمەوە توانای دەربڕینی بچوکترین ساتی نیە بۆ پێکەنین . کاژین و خوشکەکانم ئەمە ئەزانن ، لە بەرئەوەی لە ماوەی ئەم سێ مانگ و چەند ڕۆژەدا ، هیچ قسەو ڕەفتارێکی من نەبووەتە هۆی پێکەنینی ئەوان ، ئەمە لە کاتێکدایە ، جاران وانەبووم ، لە هەگبەکەی ڕابردوومدا دەیان و بگرە سەدان ، قسەی خۆش و نوکتەی نوێ هەبوون . هەگبەکەی

ڕابردووی من ، کە خۆی لە خەیاڵدانی خۆم و خوشکەکانمدا دەبینێتەوە ، لێوان لێوە لە قسەی خۆش ، لە مەوقیفی مەردانە ، لە چاوەڕِوانی چاوەڕوان نەکراو . زۆرجار کاتێ ئەمانە لە گێڕانەوەی خوشکەکانمدا بە تایبەت کاژین ئەبیستم ، توشی حاڵەتێک ئەبم وەک "مەمرە بەڵام بژی" . ئەم حاڵەتەی کاتێ توشی ئەبم ، سێ مانگ زیاترە پەراوەی لە سەر ئەکەم و ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ، سات لە دوای سات ، وەک دوو دەستی شارەزا "دڵە ئاوساوەکەم" ئەوشێت و لە ئەنجامدا هیچ شتێک دەربارەی ئەو ئازارە ، هەناوی و دەرونییە ، بە هیچ یەکێک لە خوشکەکانم ناڵێم . سێ مانگ زیاترە ، بێجگە لەو چەند ڕۆژەی سەرەتای نەخۆشییەکەم ، لە حاڵەتێکی دەرونی زۆرخراپدا ئەژیم و ، کاتێ چاکی و بێ وێنەیی خوشکەکانیشم بۆ دەرئەکەوێت ، خۆم لێ زیادە ئەبێت و توانای ئەوەشم نیە بیربکەمەوە . هەموو ساتێک لای من ، لە یەک ئەچێت . ژیانی سێ مانگی ڕابردووی من، لەم ماڵە نەچۆتە دەرەوە . شوێنی دووری من سەربانەکەبووە

و لەگەڵ چونم بۆلای دکتۆرە جیاوازەکان ، ئەویش بە چاودێری و ئامادەبوونی هەرسێ خوشکەکەم بووە . نزیکەی سێ مانگە لەمماڵەدا ، وەک کەسێکی ساوا ، وەک کەسێکی خەیاڵدان خاپوور کراوو ، وەک کەسێکی بێ ئاگا ، ژیان ئەگوزەرێنم و فەزڵی خوشکەکانم نەبوایە "دڵە ئاوساوەکەم" ئەتەقی و وەک کەسێکی شەو بێ خەم و ، ڕۆژ بەرەلام لێئەهات . کاتێ بیر لە فەزڵو چاکەی خوشکەکانم ئەکەمەوە ، خراپتر ئەبم و دڵم بە باشی لێنادات . لە سەرەتا دا ، بەوشێوەیە نەبووم ، بەڵکو وەک کەسێکی تازە لە دایک بوو ، خۆم ئەبینی و باکم نەبوو ، چی ڕوو ئەدات . بەڵام ئێستا ، ئاراستەکان پێچەوانە بوونەتەوەو ، دڵم بە شێوەیەک نازک بۆتەوە "منالێک" مۆڕەم لێبکات ، هانا ئەبەم بۆگریان !. دڵم بە شێوەیەک نازک بۆتەوە ، بەرگەی ئەم هزرە چۆڵ و هۆڵەم ناگرێت و خۆی بەشتێکەوە مەشغوڵ ناکات کە لە ڕابردووی هزرەوە نەهاتبێت . یەکێک لە کێشەکانی دڵ ئەوەیە ، خۆی بە مێشکەوە سەرقاڵ ناکات ، بەڵام ئەمە لە ئاستی

دڵی مندا پێچەوانەکەی ڕاستە ، لەبەرئەوەی ، کاتێ بیرئەکەمەوەو هیچ تێناگەم ، دڵم بەخراپی تەنگ ئەبێت . کاتێکیش دڵم بۆ چەند ساتێک هەست بە لێدانی خۆی و بوونی ئاسایی ئەکات ، مێشکم بە گاڵتەجاڕی لێکیئەداتەوە !. لە ڕاستیدا لە نێوانی دڵ و مێشکمدا وەک قوربانییەک خۆم ئەبینم . من بۆ هیچ کامیان یەکلا نەبوومەتەوە، دەمێک دڵم بە باشی لێئەدات ، دەمێکی تر بە خراپی تەنگ ئەبێت . دەمێک توانای بیرکردنەوەم سڕ ئەبێت ، دەمێکیش تەمەنە سێ مانگییەکەم وەک بەربەستێک ئەمبینێ . لە نێوانی مێشک و دڵمدا ، وەک قوربانییەک ، ئەرکەکانیان بۆ ڕائەپەڕێنم ، تەنها لە بەرخاتری مافەکانی ڕابردووم . گیرخواردنی من ، بە دەست دڵ و مێشکمەوە مێژووەکەی بۆ سێ مانگ ئەگەڕێتەوە ، دوای ئەوەی نەخۆش کەوتم و لە دواجاردا ، لە ڕێگەی "گێڕانەوەکان" هوە توشی ئەو جۆرە لە گیرخواردن بووم . هەندێجار ئەو ئازارەی لە مێشکمدایە ، گێڕانەوەکانی خوشکەکانم ، زیاتری ئەکات و ئەو

کاتانەشی بۆ ساتێک هەست بە تەنهایی ئەکەم ، ئازارەکەم خراپتر ئەبێت و ، لە خۆمەوە "خۆم بە خەڵکی کەوکەبێکی تر دێتە بەرچاو" . لێرە هەموو ئەگەرەکان لە دژی منن ، بەڵام ئەم قسەیە، قسەی دڵمەو ئەسڵ و ئەساسی نیە . ئەگینا مێشکم بەو خاپوور بوونەی خۆیەوە ، بەرگری لەم قسەیە ناکات و "هیچ ئەگەرێکیش بە ئەگەر نازانێ ، لە دژی من بێت" . لەم نێوانەدا ، هەتا ئێستا هیچ ڕێگایەکەم نەدۆزیوەتەوە ، بەڵام بەگوێرەی گێڕانەوەی خوشکەکانم بێت "لە ڕابردودا" کەسێکی بێ لایەن نەبووم لە نێوانی دڵو مێشکمدا . وەک ئەوان ئەیگێڕنەوە ، دەیانجار بە قسەی دڵی خۆم نەکردووەو بەو پەڕی متمانەشمەوە ڕازو باسەکانی "دڵم" بە خراپی ئیهمال کردووە . خوشکەکانم دەیانجار لەوەتەی وام لێهاتووە ، باسی ئەم کێشەیان کردوە . ئەوان دەیانجار وتویانە "جاران یەک دیوو بوویت" بە خێرایی هەڵسەنگاندن بۆ کارو تێڕوانینەکانت ئەکرد ، شتێک دڵت حەزی لێبکردایە ، بە خراپی ئیهمالت ئەکردو ، شتێک بیرت پاڵپشتی بکردایە

، دەبووە خۆشەویستی یەکەمت . ئەوان بەردەوام و دەیانجار ، ئەم گێڕانەوەیان بۆ گێڕاومەتەوە . نازانم مەبەستیان چیە ، ڕەنگە مەبەستیان ئەوە بێت ، خۆم یەکلایی بکەمەوە . بەڵام ئەوان نازانن ، لە کوێی جەستەو بوونی مندا "ئێستا چی ڕوو ئەدات" . ئەوان نازانن ، دڵم ئاوساوەو مێشکیشم سیس بۆتەوە . ئەوان نازانن ، کاتێ بیرئەکەمەوە ، دڵم چی لێدێت ، کاتێ دڵم خۆشە ، مێشکم چی ...... ئەوان نازانن لە نێوانی دڵی من و مێشکمدا "چ بەستەڵەکێک دروست بووە" . ئەوان نازانن ، سەهۆڵەکەی نێوانی دڵ و مێشکم بەچی و کەی ئەتوێتەوە . ئەوان تەنها ئەوە ئەزانن، بیست و پێنج ساڵ لە گەڵیان ژیاوم و لەدوای چەند هەڵسوکەوتێکی سەیرو ، چەند مۆڕەیەکی جیاواز ، ژیانم بەمشێوەیەی لێهاتوە . خوشکەکانم ، بە هەرسێکیانەوە ، لە دوای ئەو هەموو هەوڵە زۆرەیان، هێشتا نایانناسم و گێڕانەوەکانی ئەوان ، هیچ دەرگایەکی لە من نەکردۆتەوە بۆ دەربازبوون . گێڕانەوەکانی ئەوان ، هیچ ئاسۆیەکم نیشان نادات ، بۆ بیرکردنەوە . کاتێ بیر لە

خۆمی گەورەو تەمەن سێ مانگ ئەکەمەوە ، هەست بە ئازارترین ئێشەکانی ، سەخیفترین نەخۆشی ئەکەم . من مێشکم تەواو نیە ، مێشک ، باشترین شوێنی جەستە ، ئەو شوێنەی ، هەرکاتێک نەخۆش بێت ، تەواوی جەستە نەخۆشە ، هەرکاتێک ، بیربکاتەوە تەواوی جەستە سوود مەندە !. مێشک ئەو شوێنەی کاتێ شتێکی بەسەردێ ، مرۆڤ لە خۆیەوە هەست بەخۆشی ئەکات ، لەبەرئەوەی لە یەک کاتدا هەست بەدوو پێی جیاوازو لە هەمان کاتدا غەریبێک وەک تێکەڵ نەبوویەک بە شارستانی . لە ڕاستی دا ، سەرەتای بەئاگابوونەوەی من ، ئەو شەوەی تووشی نەخۆشییەکە بووم !. بۆ بەیانییەکەی ، هەستم ئەکرد کەر لەچاومدا سەعات چیە . ئەوەی خەم و ئارەزوو بێت ، نەمبوو !. ئەو ساتەی بە ئاگا هاتمەوە ، تەنها بیرم لەوەدا کورت ئەبۆوە"مرۆڤ ئەشێ بەمشێوەیە لە دایک بێت" . لە بەرئەوەی خۆم بەتازە لە دایک بوویەک ئەزانی و ، ئەوەی هەست بێت دەربارەی بەرپرسیاری نەمبوو ، خۆشترین ساتەکانی ژیانی من ، ئەو ساتە بوو ، کاتێ بە ئاگا هاتمەوە

بەبێ یادەوەری و خەیاڵدان . هەستم بە هیچ شتێک نەدەکرد ، هەرکەسێک لەو کاتەدا منی بدیایە"ئەگەر نەیناسیمایە" بەدڵ حەسوودی پێئەبردم . خۆشترین ساتەکانی ژیانی من ، لەو چرکەیەدا دەبینەمەوە ، کە بەبێ ئاگاییەکی قوڵەوە، بە تێڕوانینێکی نوێ وە ، لەو پەڕی هەست نەکردنم بەبوون و بەرپرسیاری ، بە ئاگاهاتمەوە . خۆشترین ساتەکانی من ، ئەو ساتەبوو. هیچ شتێکم دەربارەی بوون ، شارستانی ، دڵ و عەقڵ ، بەرپرسیاری ، نەئەزانی و هەستم ئەکرد تەنها من هەم و من !. بەڵام ساتەکانی دوای بە ئاگاهاتنەوەم ، هەمووشتێکی لێتێکدام . من بە ئامادەبوون و بوونی خوشکەکانم دڵگران نەبووم ، بەڵکو بەو ڕابردووە بیست و پێنج ساڵەیەی خۆم . هەستم وابوو فێڵێک لە ئارادایە ، فێلێکی جیاواز ، فێڵی "کوڕ لە کچ نا" بەڵکو فێڵی شارستانی لە دەورو بەر . هەستم ئەکرد فێڵێک لە ئارادایە ، فێڵێکی جیاواز ، لەو جۆرە فێڵانە نا لە نێوانی کڕیارو فرۆشیار ، بەڵکو فێڵی نێوان "دڵ و عەقڵی ، ناو یەک جەستە" . ساتی بە ئاگا هاتنەوەی

من ، ئەو ساتەی  کە کۆی تەمەنەکەی  منی  لەسەر بنیاد نراوەو  خۆی  لە سێ مانگ و  چەند ڕۆژێکدا  دەبینێتەوە "خۆشترین  ساتەکانی ، هەموو ژیانم بووە" . ئێستا  نازانم بەچ شێوەیەک  ، تەعبیر  لەوساتە  خۆشە بکەم ، ئەشێ ئەو ساتە خۆشە هەموو  منالێک  دوای  لە دایک بوونی  هەستی پێبکات ، ئەشێ هەموو  منالێک  ئەو ساتە خۆشەی  هەبێت تا ئەو کاتەی  تێکەڵ  بەشارستانی ئەبێت. ئەشێ  منیش ئەوساتە خۆشەم  وەک  ئەو منالانە دیبێت ، بۆیە  توانای ئەوەم نیە وەک منالێک تەعبیری بکەم . ئەو ساتە خۆشەی کەدوای  چەند کاتژمێرێک  نغرۆ بوو و نەما . گێڕانەوەکان ، دکتۆرەکان ، ڕابردووی  بیست  و  پێنج  ساڵەم . ڕۆڵی گەورەیان  هەبوو لە  تەفروتوناکردنی  . ئێستا   بیرلەوە ئەکەمەوە ، ئەگەر  لەدەرەوەی ماڵ و لە شوێنێکی دوور واملێبهاتایە  ،  چیم   بەسەر  ئەهات  .  بێگومان"ئەبوومە خۆشبەخترین مرۆڤی  ئەو  ساتە" بەڵام  ئێستا  گومانم لەمەش   هەیە  ،  لەبەرئەوەی  ،  لەوێش  ،  شارستانی

ئاراستەیەکی تری پێچەوانەی ئەبوو دەربارەی هەموو ئەگەرەکان.

کاژین کاتێ وتی بەیانیت باش ، هیچ قسەیەکم نەکرد ، لە بەرئەوەی نیوەڕۆبوو . بەڵام ئەو دەستی هێنا بەقژمدا و دواتر وتی: تۆ باشی ؟. لە ڕاستی دا ، من قەت باش نەبووم ، بەڵام ئەو قسەیەی ، کە لەئەنجامی لاسایکردنەوەو زۆر وتنەوەوە پیرۆز بووەو بە کاریدەهێنین . ناچاربووم منیش بەکاری بهێنم . بۆیە وتم : باشم . کاتێ گوێبیستی من بوو ، پەنجەی هەر لە قژمدا بوو ، بەڵام من هەستام و دواتر ئەو بەدوامدا هات ، من بەرەو دەست شۆرەکە ڕۆشتم و بەتەمابووم ڕووخسارە تازەو سێ مانگییەکەم بشۆم ، کاتێ ویستم بە لوعەی مەغسەلەکە بکەمەوە ، لە ئاوێنەکەوە بە شێوازێکی جیاوازتر خۆم بینی ، هەستم ئەکرد ، دوێنێ شەو بەو شێوەیە نەبووم !. هەستم ئەکرد لە پێستی ئاوێنەکەدا ، شتێکی بە جێماوی من هەیە ، هەستم ئەکرد ، ئەو بەشە لە ئاوێنەکەدایە بەشێکی کۆنی منەو لە پێستی ئاوێنەکەدا ، وەک بەجێماوێک ، وەک هەڵگیراوێک ،

وەک بارمتەیەک . بە سیحرێک ، بە مەبەستێک ، داخ و نەهامەتییەک ، لەوێدا داناوەو دواتر مەجالی هەڵگرتنەوەکەی لەیاد کراوە . کاتێ ڕووخسارم شۆرد ، ئەم شتانەم هەمووی بینی ، بەڵام گوێم پێنەداو دواتر وەک بیرکردنەوەیەکی قوڕ هاتە پێش چاوم ، لەبەرئەوەی ، دوێنێ شەوی ڕابردوو ، هەمان ئەو خولیایانە ، بە مێشک و ئەندێشە خراپەکەمدا گوزەریان ئەکرد. دوای ئەوەی ڕووخسارم شۆرد ، کاژین خاولییەکی دامێ و دواتر ئەویش وەک من ڕووخساری شۆرد .

لەڕاستی دا ئەو کاتەی کاژین بەیانی باشی لێکردم نیوەڕۆیەکی درەنگ بوو ، بۆیە کاتێ من و کاژین ڕووخسارمان شۆرد ، هێندەی نەبرد خوشکەکانم هاتنەوەو ، هەردووکیان "کۆچەرەو کۆیار" لە موبەقەکە دانیشتن . کۆچەرە منی بۆلای خۆی ڕاکێشاو دوای ئەوەی ماچێکی کردم ، داوای لێکردم تەماشای دیمەنێکی دیارو هەندێجار لێڵی ڤیدیۆیەک بکەم کە کامێراکانی چاودێری ، لە نزیک دوکانەکەی من تۆماریان کردووە . کۆچەرە

پێشتر باسی کەمێک خوێنی بۆکردبووم ، گوایە لە ناو دوکانەکەی مندا بینویەتی . بەڵام من بە چیدا بزانم ، کاتێ کۆچەرە ، دەربارەی مێشک و خەیاڵدانی من ، باشتر لە دکتۆرەکان تێئەگات . کۆچەرە مانگێک زیاترە ، لە نهێنی خاپوربوونی خەیاڵدانەکەی من تێئەگات ، بەڵام ئەیەوێت ، پەلە نەکات و لە هەموو سوچەکانی بکۆڵێتەوە . ئەو مانگێک زیاترە، پشیلەیەک لە پشیلەکانی خۆی ئەهێنێت و دواتر ئەیخاتە باوەشی منەوە !. نازانم مەبەستی چیەو ، ئێستاش نازانم بۆچی باسی دیمەنێکم بۆ ئەکات گوایە کامێراکانی چاودێری تۆماریان کردووە. لە ڕاستی دا ئەو دیمەنەی کۆچەرە باسی ئەکات ، تۆمارێکی کەمە لەو سەدان کاتژمێرە تۆمارکراوەی کە کۆچەرە ، بە ئارامییەکی زۆرەوە ، بە بڕوایەکی پتەوەوە ، بە حیکمەت و سەلیقەوە ، نزیکەی دوومانگە تەماشای هەموو چرکەکانی ئەکات !. لەوەتەی وامبەسەرهاتووە ، کۆچەرە تاکە کەسە بەشێوەیەکی مامناوەند و هەندێجار لێڵ ، توانیوێتی لەو هۆکارانە تێبگات کەمنیان بەوشێوەیە لێکردوە .

دکتۆرەکان ، دەیانجار خۆیان  لە چارەسەر کردنم  قوتار کردوەو  ئەسڵەن لەوە  تێنەگەشتوون  من چیمە . زۆربەی دکتۆرەکان  یان      وتویانە "زەهایمەر"ە  ،  یان     هیچ دەستنیشانکردنێکیان    بە ڕەوا    نەزانیووە    بۆ    حاڵەتە دەگمەن  و    سەرنج  ڕاکێشەکەم  .  بیرمدێ    سێ  مانگ لەمەوپێش ، کاتێ بۆیەکەمجار خوشکەکانم بردمیانە لای دکتۆرێکی  بە ئەزمون . دوای  چەند  ڕۆتینێک  دەربارەی مێشک و  دەمارەکانم  وتی : تووشی  دەردی  زەهایمەر بووەو ئەو خانانەی  مێشکی ، ئەوانەی  تایبەتن  بە عەمباری یادەوەری پوکاونەتەوەو   هەرچییەکی   تیایبووە نەماوەو فەوتاوە . ئەمە  قسەی بە ئەزمونترین  دکتۆری  مێشک  و دەمار بوو، کاتێ  بۆ  یەکەمجار ، خوشکەکانم  بردیانم بۆ چارەسەر . هەرچەندە  ئەو تاکە  دکتۆر نەبوو  دەربارەی دەردەکەم      بەمشێوەیە      بدوێت  ،  بەڵکو    ئەو     بە ئەزموونترینیان  بوو ، هەرچی  دکتۆرەکانی  تریش  بوون . کاتێ  پشکنین و  ئیمزای  ئەو دکتۆرە  بە ئەزمونەیان  بە فایلەکەمەوە  ئەبینی ، ئەوەندە  خۆیان  بە ئەزمونی  ساواو

، بیروباوەڕی خۆیان مەشغوڵ نەدەکرد ، لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو دکتۆرانەی لەم بواردا کاریان دەکرد ، پێشترو لە قۆناغەکانی خوێندندا ، خوێندکاری ئەو دکتۆرەبوون کە پێشتر حاڵەتەکەی منی بە زەهایمەر و هەندێجار ئافاتی "تاعوونی یادەوەری" دەستنیشان کردبوو . ئەو دکتۆرە دونیا دیدەو بە ئەزموونە ، جارێکیان بە خوشکەکەم کۆچەرەی وتبوو "ئەم نەخۆشیە هەرچەندە پەیوەندی بە ڕێژەی ساڵی تەمەنی مرۆڤ ، خەیاڵدانی ئاڵۆزو ، تەم و تۆزی تەمەنێکەوە هەیە . لە ناکاو ڕوو نادات ، بە تایبەت بۆ کەسێک ، تەمەنی بیست و پێنج ساڵەو ، هەموو ئەندامەکانی جەستەی بە مێشک و دەمارەکانیشییەوە ، چوست و چالاکن ، بۆ بەر بەرەکانی ئەو جۆرە لە خلافان و بێ ئاگایی . دکتۆرەکە ئەوەندەی پێوتبوو ، باسی ئەوەی بۆ نەکردبوو ، گوایە بۆ ڕووی داوە . وەک خۆی ئەڵێ "ئەمجۆرە لە نەخۆشی ، ئەوەندەی پەیوەندی بە ڕێژەی ساڵی تەمەن و ، خەیاڵدانێکی پیرەوە هەیە . هیچ کاتێک نەبووەو نابێ ، گەنجێک لە سەرەتای تەمەن دابێت و ئەم

دەستنیشانکردنەی بۆ بکەین . بەڵام نازانم ، ئەمجۆرە لە دەستنیشانکردن لە لایەن دکتۆرێکی بە ئەزمونەوە مانای چیە ؟. ڕەنگە ئەو بە گوێرەی زانستەکەی بەردەستی ، ئەو قسانەی بە کۆچەرە وتبێت . لە بەرئەوەی دوای پشکنینی "کۆیی کەللە سەرم" بە ئامێرە تازەکانی پشکنین ، هیچ زەبرو شکاوییەکیان ، لە تەواوی کەللەی سەرمدا بەدینەکرد ، ئەمە لە کاتێکدایە "دەماغیشم" هیچ کەمو کورییەکی نەبوو . لە ڕاستی دا قسەی کۆتایی دکتۆرەکە نەیتوانی بوو ڕێگا لە کۆچەرە بگرێت ، حیکمەتەکانی بە کار نەهێنێت . "کۆچەرە" وەک کەسێکی جیاواز و ئارامگر . لەو ڕۆژەوەی تووشی ئەم حاڵەتە بووم . ئەیەوێت بە سەبرو حیکمەتەکانی ، بە تێروانین و دونیا دیدەکەی ، بە جیاوازی و بیرکردنەوە پۆزەتیڤەکانی ، بگاتە ئەو هۆکارە سەرەکییەی کە بووە هۆی "سڕینەوەو خاپور کردنی خەیاڵدانم" من بەم حاڵەشەوە ، ماندوو بوون و حەزە کۆڵنەدەرەکەی کۆچەرە ، بە باشی ئەبینم و لێیتێئەگەم . ئەو دوو مانگ زیاترە ، زۆربەی کاتەکانی ، تەرخانکردووە

بۆ تەماشاکردن و  ووردبوونەوە ، لەو سەدان  کاتژمێرە تۆمارکراوەی ، کامێراکانی  چاودێری ، لە دەورو پشتی دوکانەکەم  تۆماریانکردووە .

دوای  ئەوەی  کۆچەرە  داوای لێکردم ، دیمەنە  تۆمار کراوەکان  ببینم. کاژین  دەستی  لە دەستمدا  بوو ، بۆیە وتی : هەتا  نان  نەخۆین ، نایەڵم  هەڵسیت .بۆیە  کۆچەرە بە قسەکانی  کاژین  پێکەنی و دواتر  هەرچوارمان پێکەوە ، لە نیوەڕۆیەکی  درەنگدا "لە موبەقەکە"  نانی  بەیانیمان خوارد . دوای  ئەوەی نانمان خوارد ، لە گەڵ  کاژین و کۆچەرە  چوین  بۆ ژوورەکەی  کۆچەرە . ژوورەکەی کۆچەرە ، خۆشترین  ژووری  ئەم  دونیایە بوو . وێنەی هەمووومان "بە دایک و باوکیشمەوە" لە ژوورەکەی  کۆچەرە ، بە شێوەیەک  ڕازێنرابوونەوە  بە دیوارەکەوە ، حەزت ئەکرد  تەماشای  بکەیت . کۆمەڵێ  کتێبی قەبارە  جیاواز ، بە زمانی  جیاواز لە ژوورە  ئەنتیکەو  قەشەنگەکەی کۆچەرە دا  ئەبینران . کۆچەرەی  خوشکم ، هەموو ژوورەکانی  تری  ئێمەی ، لە سەرخواست و ڕازی  دڵمان

بۆ ڕاندبووینەوە . بەڵام ژوورەکەی خۆی ، ڕاز و نیازی دڵی خۆی ، تێدا هەڵڕشتبوو . ئەو ژوورەی کۆچەرە ، ئەوەندە سەرنج ڕاکێش و چکۆلە بوو ، هەندێجار سەرنجم لەسەر قەشەنگیەکەی نەدەماو بیرم لە بچوکییەکەی ئەکردەوە !. ئەو خوشکە گەورەیەی من . ژوورە چکۆلەکەی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو ، ئەمە لەکاتێکدایە ژوورە گەورەکانی دابوو بە ئێمە !. نەمئەتوانی لەوە تێبگەم ، بەڵام ئەوەش حیکایەتێکی تری هەیەو پەیوەندی بە حیکمەت و تەنهایی و تێگەشتنەکەی کۆچەرەوە هەیە ، بۆیە تەداخولی ناکەم و هەوڵنادەم لەمبارەیەوە هیچم بۆ بگێڕێتەوە . ڕەنگە لە ڕابردوومدا ، حیکایەتی ، هەڵبژاردن و ڕاندنەوەی ئەم ژوورەم زانیبێت . بەڵام لە ئێستا ، هیچم لە یادنیە ، دەربارەی ئەم ژوورەو ، هەوڵیش نادەم هیچ پرسیارێک لەمبارەیەوە ، لە کۆچەرە بکەم . بۆیە کاتێ من و کاژین چوینە ژوورەکەی کۆچەرە ، کۆچەرە لە پێشدا چەرپا ئەنتیکەو ناوازەکەی جوڵاندو جێگای ئێمەی بۆ دانیشتن خۆش و ئامادە کرد . دواتر هاردێکی پڕ لە

داتای تۆمارکراوی ڤیدیۆیی بە کێبڵێک ، لە لاپتۆکەی بەست و ئەو دیمەنەی نیشانداین ، گوایە منم و وەک کەسێکی پەشۆکاو ، شتێک بە باوەشمەوەیەو لە دوکانەکەمەوە بەرەو ناوەڕاستی شەقامەکە ئەڕۆم . لە ڕاستی دا تۆمارەکە ، کەمێک لێڵ و کوالیتی خراپ بوو . بەڵام کۆچەرە دڵنیابوو ، ئەو کەسەی لە دوکانەکە دەرئەچێ منم . کۆچەرە دڵنیابوو ، ئەوەی باوەشی من "پشیلەیەکەو" بەرەو شوێنێکی نادیاری ئەبەم .

کۆچەرە دوای ئەوەی ئەو دیمەنەی نیشانداین ، دیمەنێکی تری ، لە سوچێکی ترەوە ، بە هەمان کوالێتی نیشاندام و دوتر وتی : زەمەن ، ئەو دیمەنە ئەو ڕۆژە تۆمارکراوە ، کاتێ نیوەڕۆیەکی درەنگ نانمان خواردو دواتر وا دەرئەکەوت "حاڵت باش نەبێت. "

لە ڕاستی دا هیچ شتێکی ئەو دیمەنە سەرنجی ڕانەدەکێشام ، لەبەرئەوەی ، بە هیچ شێوەیەک ، یادی ئەو کاتەم بۆ نەدەکرایەوەو نەمدەزانی لەو کاتەدا چی ڕووی داوە . بەڵام کۆچەرە لە قسەکانی بەردەوام بوو وتی : من

ئەزانم ، هۆکاری ئەم حاڵەتەی تووشی بوویت ، ئەو پشیلەیەیە کە بە باوەشتەوەیە.

نەمئەزانی باسی چی ئەکات ، بەڵام بیرم لە مانگێک لەمەو پێش ئەکردەوە ، لەبەرئەوەی مانگێک زیاترە "کۆچەرە" پشیلەیەک لە پشیلەکانی ئەهێنێت و دواتر بە هێمنی ، بێ ئەوەی هیچ بڵێت ، ئەیخاتە باوەشی منەوە . نەمئەزانی بۆچی وائەکات و لێشم نەئەپرسی . بەڵام ئەمڕۆ ، کاتێ باسی لە دەستدانی خەیاڵدانی من ئەکات ، هۆکارەکەی ئەبەستێتەوە بە پشیلەوە . من هیچ شتێک دەربارەی ئەم باسە نازانم و کەمێک پێش ئێستاش ، لە ئاوێنەی بەردەم مەغسەلەکەدا ، شتێکی لەو جۆرە ، لە پێستی ئاوێنەکەدا ، دەرکەوت ، کەمێک پێش ئێستا ، پێش ئەوەی نان بخۆین ، هەستم بە شتێکی بە جێماوی خۆم کرد . لە پێستی ئاوێنەکەدا . لە ڕاستیدا، ئەو شتەم وەک سەرابێک کە متمانەی لەسەر هەڵناچنرێ بینی . بەڵام ئێستا ئاراستەکە پێچەوانە بۆتەوەو پێویستە بڕوام بە بڕواکانی کۆچەرە پتەوتر بێت . کۆچەرە ئەو کەسەی هەموو چاوەڕوانییەکی

چاوەڕوان نەکراوی لێ چاوەڕوان دەکرێ . سوچێکی جیاوازتری تیا دروست کردم بۆ بیرکردنەوە . بۆیە هەستم بە ئازارێکی لە ڕادەبەدەری سەرم ئەکرد . ئازارەکەم ئەوەندە زۆر بوو ، توانای ئەوەم نەبوو نەیدرکێنم . بۆیە وتم : هەست بە ئازاری سەرم ئەکەم . لە ڕاستیدا پانزە ڕۆژ زیاترە ئەو ئازارەم هەیە . بەڵام هەستم دەکرد ، لە ئێستادا ئەو ئازارە گەشتۆتە لوتکەو توانای ئەوەم نیە ، لە خوشکەکانم بیشارمەوە . ئازار هەندێجار زمانی تایبەتی خۆی هەیە ، ئەگەر خۆڕاگریش بیت ، ئەو بە پاڵە تایبەتەکەی خۆی ، کاریگەری لە سەر زمان دائەنێت و وای لێدەکات ، بیدرکێنێت . بۆیە هەستم دەکرد ، ئەو درکاندنەی من ، لە توانای شاردنەوە دەرچووە ، بۆیە درکاندم و کاتێکیش خوشکەکانم ، گوێبیستی بوون ، داوایان لێکردم بچین بۆ خەستەخانە . بەڵام ڕازی نەبووم ، بۆیە کاژین وازی لێنەدەهێنام. کاژین ، ئەو کەسەی لە سەرەتای بوونمەوە هەتا ئەم چرکەیەش، بۆ چرکەیەک لە یادی نەسڕیومەتەوە ، زۆری لێدەکردم بۆ

ڕۆشتن بۆ خەستەخانە . منیش بە هیچ شێوەیەک ڕازی نەدەبووم و دواتر هەستام و بۆ ژوورەکەی خۆم گەڕامەوە . ئەو چەند مەترەی لە نێوان ژوورەکەی من و کۆچەرەدا هەیە ، بە ئەستەم توانیم بیبڕم . لەبەرئەوەی ، یەکسانی قاچەکانم لە دەستدابوو . کاژین هەستی بەمەئەکردو بەردەوام ئەیوت : با بڕۆین بۆ خەستەخانە. من بە هیچ شێوەیەک ڕازی نەدەبووم ، لەبەرئەوەی جارناجارێک هەستێکی ترم لادروست ئەبوو ، بەو جۆرەی ، لە هەستی ئەم سێ مانگەم نەدەچوو . هەندێجار لە خەیاڵدانمدا کۆمەڵێک شتی نامۆ بەدەر لەم سێ مانگەی تیایدا ژیاوم ، مێروولەیان ئەکرد . خەیاڵدانم بەشێویەک تێکچوبوو ئەو سێ مانگە تازەیەی تەمەنیشم بۆ یاداشت نەدەکرا . بۆیە کاتێ بەرەو ژوورەکەی خۆم گەڕامەوە ئاگام لە کۆچەرە بوو ئەیوت : چاک دەبێت.

نەمئەزانی کۆچەرە بەتەمای چیە ، بەڵام ئاگام لە کاژین بوو ، بە چشێوەیەک منی گرتووەو یەکسانی خۆی تێکەڵ بە نایەکسانی قاچەکانی من ئەکات . کاژین کاتێ لە سەر

چەرپاکەی خۆم داینشاندم دواتر ڕایکشاندم و هەردوو سەرینەکەی خستە ژێر سەرم. هەندێجار ئاگام لە شتێک بوو وەک دڵۆپە باران بەر ڕووخسارم ئەکەوت ، بەڵام دواتر زانیم "فرمێسکەکانی کاژینن" نمە نمە ، وەک خوێئاوێک کەمە کەمە بەر ڕووخسارو لێوم ئەکەوێت . کاژین بەردەوام پرسیاری ئازارەکەی لێدەکردم ، گوایە دەبێت ، بمبات بۆ خەستەخانە . بەڵام من ئەمویست خۆڕاگربم و هەوڵنەدەم ئەو ئازارەی کە زمانێکی جیاواز بۆ دەربڕین ئەدۆزێتەوە ، خۆی پێناسە بکات . ئەمویست سەبر لە خۆمدا دروست بکەم و لانی کەم بۆ چەند ساتێک وەک "کۆچەرە"ــی خوشکم بژیم . کاتێ گوێبیستی ژیانی ڕابردووی ئەو خوشکە حەکیمەیەم ئەبووم . قێزم لە بێ توانایی و خۆڕانەگرتنی خۆم ، بە دەست ئازارەکەی سەرمەوە ئەکردەوە !. ئەمویست لاسایی کۆچەرەی خوشکم بکەمەوە . بەڵام توانام نەبوو ، لەوە تێئەگەشتم ، من و خەڵک ، تەنها لاسایی ئەو شتانەمان بۆ ئەکرێتەوە کە مەعنایان نیەو لە ئەنجامی لاسایکردنەوەوە پیرۆزو

کەڵەکە بوون . ئەمویست ئەگەر بۆ چەند ساتێکیش بووە "کۆچەرەبم" بەڵام هەستم ئەکرد ، ئازارەکەی سەرم ، زمانێک ، تایبەت بەخۆی ، ئەدۆزێتەوەو لەڕێگەی زاری منەوە ، بێ ئەوەی بمەوێت ، خۆی نمایش ئەکات . کاژین بەردەوام داوای لێئەکردم بچم بۆ خەستەخانە . بەڵام سور بووم لە سەر ئەوەی "چەند ساتێک وەک کۆچەرە خۆڕاگربم" . هەندێجار ئەمویست بگریم ، بەڵام تەوژمەکەم قوتئەدایەو لە ڕێگەی بزەی درۆینەوە ، کاژینم پێئاگادار ئەکردەوە کە باشم . نزیکەی دوو کاتژمێر بەمشێوەیە مامەوە ، ویستم هەستمە سەرپێ . بەڵام نەمتوانی و دواتر کاژین پاڵیخستمەوەو هەردوو سەرینەکەی خستەوە ژێر سەرم . ئەمویست هەستم ، بەڵام نەمئەتوانی ، بۆیە بە کاژینم وت : ئەمەوێت دابنیشم ؟. ئەو سەری لەسەر سەرینەکە بەرز کردمەوەو دواتر سەرینەکانی بە دیواری تەنیشت چەرچاکەوە خستە ژێر پشتم . کاژین بە شێوەیەک ئەگریا دەنگی نەبوو ، بەڵام"چاوەکانیم" بە شێوەیەک ئەبینی ، پێشتر بەو جۆرە نەمدی بوو . کاتێ لە

چاوەکانیم ئەڕوانی ، چاوەڕوانییەکی چاوەڕوان نەکراوم تیا بەدی ئەکرد . شتێکم تیا بەدی ئەکرد ، بە ئاسانی خۆی نەدات بە دەستەوە . هەستم ئەکرد ، پێشتر ئەم چاوانەم دیووەو ، هەر ئەو چاوانەش بوون ، بوونەتە هۆی لە دەستدانی خەیاڵدانم . هەستم ئەکرد ، سیحرێک ، نەخێر تەلیسمێک ، لەو چاوانەدایەو بە ئاسانی کۆدەکانیم بۆ ناکرێتەوە . پێشتر چاوەکانی خوشکەکانم ، تاکە سەرچاوەی بینینی ڕابردووی من بوون . من بە چاوەکانی ئەوان ، ڕابردووی خۆم ئەخوێندەوە . بەڵام بینینی ئەمجارەی چاوەکانی کاژین . جۆرێکی ترەو ، لەو چاوانە ناچێت پێش نیوەڕۆ بینیومن . ئەمویست هەموو سەرنجەکانم لە بینینی چاوەکانی دا کورتبکەمەوە . بەڵام ئەو بەشێوەیەکی تر سەیری ئەکردم . بەبڕوای من ، ئەو بەوشێوەیە لێمتێئەگات ، بمەوێت بۆ دواهەمین جار ، خوشکەکەم ببینم . بۆیە ئاگام لێبوو لە من پەرێشانترەو خێرا خێراش ئەڵێ : بابڕۆین بۆ خەستەخانە . من بەردەوام سەیری چاوەکانیم ئەکرد ، ئەو هەستی بەوە

دەکرد ، پێشتر بەمشێوەیە سەیرم نەکردووە ، بۆیە گومانی هەبوو کە من باش نیم و ، وەک کەسێک سەیری دەکەم "دواهەمین تەماشاکردنی بێت بۆ ئەو کەسە" . بەڵام بۆ ئەوەی دڵنیا بێت ، ئازارە زۆرەکەی خۆم ئیهمال کردوو پێموت : باشم ، تەنها دەمەوێت سەیرت بکەم. کاتێ گوێبیستی قسەکانم بوو ، هیچی نەوت بەڵکو ماچێکی کردم و دواتر من و سەرینەکانی جوڵاندو سەری خۆی لە گەڵ سەری من ، لە سەر سەرینەکان دانا . هەستم ئەکرد ئازارەکەم تادێ زیاترئەبێ ، بەڵام هیچم نەدەوت . ئەمویست بە فیعلی ئەگەر بۆ چەند ساتێکیش بووە ، کۆچەرەبم . ئەمویست لاسایی ئەو بکەمەوەو چیتر باسی ئازارو نەهامەتییەکانم لای هیچ کەس و تەنانەت خوشکەکانیشم نەکەن . کاتێ بیرم لە قارەمانی و خۆڕاگری و بیرکردنەوە پۆزەتیڤەکانی کۆچەرە ئەکردەوە ، خۆم لێزیادە ئەبوو . بە جۆرێک خۆم لێزیادە ئەبوو ، شایەنی باسکردن نیە . کۆچەرە ئەو کێوەی من و خوشکەکانمی ، لە پەنادا وەستاوە ، باشترین و ناوازەترین

ئافرەتی دونیایە . ئەو ئێستا لە بیرو هۆشی مندا بۆ یەک سات چیە ون نابێت ، لە ئێستادا بۆ لە یادکردنی ئەم ئازارە دەگمەن و قورسەی ئێستام ، وەک حەپێکی ئازارشکێن حیکمەتەکانی ئەو ، ڕابردووی پڕ خۆڕاگری ئەو ، سەبرو سەلیقەکانی ئەو ، بەکاردەهێنم و دەمەوێت بەراوردێکی بچوک ئەگەر بۆ ساتێکیش بووە ، لە گەڵ خۆمی بێ سەبرو و ئەوی خۆڕاگردا پێبکەم . بۆیە جارێکی تر هەوڵمدا هەستمە سەرپێ ، کاتێ هەستام کاژین لە گەڵم هەستاو هەستم ئەکرد ، قوتدانەوەی ئازارەکانم خۆڕاگرم ئەکات و یەکسانی ڕۆشتن ئەگەڕێتەوە بۆ قاچەکانم . کاتێ هەستام ، هەستم کرد جۆری هەستکردنەکەم بە ئازارەکە ئەگۆڕێت و خەیاڵدانم مێروولە ئەکات و کۆچەرە "بڕوایەکی نوێی" لە مندا دروست کردوە . هەستم کرد ، قاچەکانم عەیبیان نیەو یەکسانی هەنگاوەکانم زۆر ئاسایین . کاژین کاتێ لەگەڵ من هەستا. چاوەکانی تەڕو ئاڵۆسکاو بوون ، لە چاوەکانی ئەودا "دواهەمین میاو"ـی پشیلەکەم بیرکەوتەوە . بۆیە لەو کاتەدا

نەمئەزانی  چی ڕووئەدات . دواتر  هەستم  بەشتێکی بەجێماوو چاوەڕوانکەر کرد ، لە شوێنێکی  ئەم ماڵەدا چاوەڕوانی  من دەکات . لە ڕاستی دا کاتێ  چاوە  تەڕو پڕماناکانی  کاژینم  بینی  هەستم ئەکرد "بەشێک لە یادەوەریم" بە تەوژمێکی زۆرەوە ، خەیاڵدانم  ئەبوژێنێتەوە . بۆیە کاتێ  هەستام ، بەرەو مەغسەلەکە  ڕۆشتم و دواتر لە پێستی  ئاوێنەکەدا . هەموو شتێکی  بە جێماوی خۆم هەڵگرتەوە . نەمئەزانی  چی بکەم ، حاڵێکم  هەبوو  بەچاو زیاتر  ئەمبینی ، وەک  لەوەی  هەستی  پێبکەم !. کۆمەڵێ ڕەنگم  ئەبینی ، پێشتر  ئەو  ڕەنگانەم  نەدیبوو . هەستم ئەکرد چاوم   وەک   دڵو  مێشکم ، ئاراستەیەکی  تری وەرگرتووەو  ئەویش بە مەیلو ئارەزووی  خۆی  گومانم تیا ئەچێنێ . پێشتر  ئاگاداری  ناکۆکی و کێشەکانی  دڵ و مێشکم  بووم. بۆیە  کاتێ  چاوم  ئەو  ڕەنگانەی  ئەبینی ، بە ناکۆکی  نوێ و باڵی تازەی  ناوخۆییم ،  ئەمبینی و ئەمویست  خۆمی  لە گەڵ  ڕابێنم . بەڵام  کاتێ ، هەموو ڕابردووی خۆم  بە یاددا  هاتەوە ، گومانم  نەما، کە

چاوەکانم ڕاستترین ڕێگام نیشان ئەدەن ، بەدەر لە دڵ و مێشکم. بۆیە لەو کاتەدا بانگی کاژینم کردو وتم : کچی جوانی چاو پشیلە.لە ڕاستیدا "کاژین" توشی سەرسوڕمان بوو ، کاتێ بەو شێوەیە بانگی دەکەم ، ڕەنگە لە کاتی نەخۆشیەکەشمدا بەوشێوەیە بانگم کردبێت ، بەڵام بانگکردنی ئەمجارەم ، تۆنەکەی جیاوازبوو، هەروەکو چۆن دەربڕینەکەی جارانی پێوەبوو . بۆیە کاژین دوای ئەوەی شۆکەکەی نەما وتی : ئەتوانی بانگم بکەیتەوەو ئەو ڕستەیە دوبارە بکەیتەوە ؟.لەو کاتەدا زیاتر لە جارێک لە سەریەک بانگم کردەوە . ئەو یەکەمجار تووشی حەپەسان بو بو هەربۆیە دوای ئەوەی زیاتر لە جارێک بانگم کردەوە ، باوەشی پیاکردم و دواتر کۆچەرە و کۆیاری خوشکیشم جارێکیتر لە ئامێزیان گرتم و منیش تەواوی چیرۆکەکەم ، ئەو چیرۆکەی بووە هۆی لە دەستدانی یادەوەریم ، بۆ ئەوان گێڕایەوە.

*** *** *** *** ***

ئێستا نزیکەی سێ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕیووە ، کەبووە لە دەستدان و دواتر گەڕانەوەی یادەوەریم . تەمەنم بیست و هەشت ساڵ زیاترەو بۆ شەش مانگ ئەچێ ژیانی هاوسەریتیم لەگەڵ"ڕۆژان" دروستکردووەو چاوەڕێی یەکەم منالیشمان ئەکەین. بەگوێرەی سۆنەرەکانیش بێت کچە . ئێمە دەمێکە یەکترمان خۆشدەوێ و دواخستنی پرۆسەی هاوسەرگیریشمان پەیمانێک بوو، پێشتر بە ڕەزامەندی هەردوو لامان بڕیارمان لە سەر دابوو . ئێستا کاژین وەک دکتۆرەیەک ، لە خەستەخانە کاردەکات و وەکو جاران و بگرە زیاتریش گرنگیم پێئەدات . ئەو هەرگیز گوێ بە ڕۆژان نادات و هەتا نیوەشەوێکی درەنگ لەگەڵ ئێمە ، لە ژوورە کۆنەکەی خۆم بەسەر ئەبات . هەرچی ڕۆژانە ، پزیشکی دەرمانەو لە کەرتی تایبەت وەک ڕاوێژکارو هەندێجار بەڕێوەبەر کارەکانی ئەنجام ئەدات . بەڵام ئێستا لەبەر مناڵەکەی سکی ، لەماڵەوەیەو ، مۆڵەتی لەسەرو خۆی وەرگرتووە . ئەوەی پەیوەندی بە کۆچەرەی

خوشکیشمەوە هەیە ، لە کارەکەی خۆی بەردەوامەو لە مەڵبەندی "کوڕو کچە پەشیمانەکان" تەواوی ڕۆژەکەی بەسەر ئەبات . کۆیاری خوشکیشم ، ساڵی پار ، ژیانی هاوسەریێتی لە گەڵ کوڕێکی "نابیست و بێ زمان" پێکهێنا . ئەوەی گرنگ نەبێت بەلای کۆیاری خوشکمەوە ، پێداویستییە تایبەتەکانی ئەو کوڕە باشە نیە ، لەبەرئەوەی "کۆیار" پێشتر ئەمەی بۆ من باسکردووەو گوایە ، ئەو لەبەرئەوە ئەو کوڕەی خۆشئەوێت کە پیاوە !. کەواتە ئەوەی گرنگ نەبێت بەلای کۆیاری خوشکمەوە ، زمان و گوێی ئەو کوڕە نیە ، ئەوەندەی ناوازەییەکەیەتی و هەست دەکات ، شوی بە پیاوێک کردووە نەک کوڕێک . لە قسەکانی کۆیاردا ئەوەم بۆ دەرکەوت کە نووسیم . هەرچەندە ئێستا زوو زوو نایبینم وماڵیان کەمێک دوورە لە ماڵمانەوە . بەڵام هەمیشە تێلم بۆ ئەکات و زۆرجاریش بەنۆرە سەردانی یەکتر دەکەین . هەرچی پەیوەندی بە عەباسی هاوڕێمەوە هەیە . ئەو هەتا ئێستا ، باوەڕی بە

پرۆسەی هاوسەرگیری نیەو پێیوایە "پیاو ئەبێت بە تەنهایی بمرێت . "

ئەم هەموو ڕووداوە ، لە ماوەی کەمتر لە چوارساڵدا ڕوویاندا ، ئەوەی من بە چاو بینیم ، زۆر ئەستەمە بتوانم بێ کەم و زیاد ، بە دەستەکانم و مێشکم ، وەک خۆیان بیاننوسمەوە . هەرچەندە یادەوەریم باشەو وەکو جاران هاوکاریم دەکات . بەڵام هەندێجار لەوە دڵنیانیم توانیبێتم هەموو ڕووداوەکانم وەک خۆی گێڕابێتەوە . لە ئێستادا هەرچەندە نزیکەی چوارساڵ بەسەر مێژووی نەخۆشییەکەمدا تێپەڕیووە . بەڵام هەندێجار بیری ئەو چرکە ساتانە ئەکەم کە کاژین وازی لە دەرسو دەوامەکەی هێنابوو. بیری ئەو ڕۆژو هەفتانە ئەکەم کە چۆن ، وەک کەسێکی بێ ئاگا، وەک کەسێکی بێ خەیاڵدان و بێ ڕابردوو ، لەوماڵەدا ، زیاتر لە سێ مانگم لە ژوورەکەی خۆم ، لە گەڵ کاژین و خوشکەکانم بەسەر برد . هەندێجار ڕۆشتنی کۆیار و دوورکەوتنەوەی ، دەبێتە ئاهێک و بە خراپی لە هزرمدا مێروولە ئەکات . زۆرجاریش

هەڵوێست و ویژدانە جوانەکەی ، دڵ و تێڕوانینە ناوازەکەی ، بینین و هەڵبژاردنەکەی ، وام لێئەکات زیاتر خۆشم بوێت و باشتر بیری لێبکەمەوە . لە ئێستا دا هەست ئەکەم ، بە باشی بیرم بۆ ئەکرێتەوەو ڕۆژانە بە کارەکەی خۆمەوە خەریک ئەبم . ئەمە بێجگە لەوەی ، هەموو ڕۆژێک وەکو جاران ، کاژین ئەگەیەنمە شوێنەکەی خۆی و دواتر ئەگەڕێمەوە بۆ سەر کارەکەم . ئەمڕۆ کە ڕۆژی سێشەممەیە ، ئەبێت کەمێک زووتر دوکان دابخەم و جیاوازتر لە ڕۆژانی تر بگەڕێمەوە بۆماڵەوە . لەبەرئەوەی بەیانی کاتێ لەماڵ هاتمە دەرێ . ڕۆژان کەمێک ناساغ و بێ تاقەت بوو . هەرچەندە پێشتر هاتوچۆی دکتۆری کردبوو ئێستاش دەیکات ، بەڵام ئەو کێشەیەکی کۆنی ، لە فەقەراتیا هەبوو ، بۆیە هەندێجار هەستی بە ئازارێکی لە ناکاو بۆدێت و ، ئێستاش کە سکی هەیە ، جارناجارێک ، ئێشێکی جیاوازتر ، پشت و قاچەکانی دائەگرێت . بۆیە ئەمڕۆ هەوڵمدا زووتر بگەڕێمەوە . بۆیە دوای ئەوەی دوکانەکەم داخست بەرەو ماڵەوە ڕۆشتمەوە . کاتێ

گەشتمە ماڵەوە. ڕۆژان بە تەنها لەماڵ بوو . وادیاربوو ، نە کۆچەرە ، نە کاژین ، هێشتا لە دەوام نەهاتوونەتەوە . بۆیە دوای ئەوەی دواندم، باسی کەمێک ئازاری بۆکردم . بەڵام دوایی تێیگەیاندم ، هیچ نیەو لە ناکاو ئازارێک "هەندێجار" وەک تەزوویەکی کاتی ، بۆ چەند چرکەیەک تووشی ئەبێت . "ڕۆژان" ئەو ئافرەتەی نزیکەی دە ساڵە خۆشم دەوێت ، هەرچەندە زیاتر لەشەش مانگیشە هاوسەری منە ، ئێستاشی لە گەڵدابێت هەر شەرمم لێئەکات . کاتێ شەرمە زۆرەکەی هەست پێئەکەم ، حیکمەتە بە ناوبانگەکەی کۆچەرەم بیردێتەوە ، گوایە "جەوهەری خۆشەویستی ئەوەیە ، دەیانساڵ لە گەڵ کەسێک بژیت ، بە درێژایی ئەو دەیان ساڵە ، شەرم لە یەکتری بکەن" هەرچەندە من شەرم لە ڕۆژان ناکام بەڵام هەندێجار کاتێ ئەم حیکمەتەی کۆچەرەم بە بیردا دێتەوە، حەزئەکەم شەرم بکەم ، حەزئەکەم وەک ڕۆژانبم . بەڵام لە ڕاستیدا، هیچ کاتێک وەک ڕۆژانم پێناکرێت . لەبەرئەوەی ڕۆژان، ڕۆژانەو ، ئەو شەرمەی ئەویش

هەیەتی وەک بەهرەیەک وایە ، بەهرەش ئەبەخشرێ ، بۆیە هەست ئەکەم ، لەمجۆرە بەخشینە ، بە من نەدراوە . هەرچەندە ئەو حیکمەتەی کۆچەرە مەعنای تریشی هەیەو بەمشێوەیە یە "شەرم ئەکەم پێتبڵێم ، لە ناو مندا ئەژیت ، شەرم ئەکەم پێتبڵێم ، باش نیت" . دەیان مەعنای تر ، لە حیکمەتەکەی کۆچەرە ئەبێتەوە .

8

## هەموو شتێک ، دوای  چواردە ساڵ..

ئەوەی بە چاو  بینیم ، بە خەون  بمدیایە "شێت ئەبووم" . هەرچەندە تەندروستیم باش نیەو ، زیاتر  لە جارێک ، وەک چواردەساڵ   لەمەو   پێشم   لێهاتەوە ، بەڵام ئێستا ، بەدڵسۆزی  و  حیکمەتەکانی  "کۆچەرە"  بە  ئامادەبوونی یادەوەریم ، بەشی کۆتایی ئەم حیکایەتە ئەنووسمەوە . زۆرجار  توانای  بیرکردنەوە لە دەست  ئەدەم و ، ترسم هەیە لە دارِشتنیدا ، ڕوو بەڕووی ، شکستی  گێڕانەوە ببمەوە . بەڵام زۆر  لە خۆم  ئەکەم و بە یارمەتی  چاوەکانی

"کاژینی بچوک" و کۆچەرەو سەرینەکان . ئەوەی ڕووی داوە ئەینووسمەوە.

ئەوەی ئێستا لەگەڵ مندا ماوەو بۆم بە جێماوە ، بێجگە لە کۆچەرەو کاژینی بچوک ، ئەو سەرینانەن کە ساڵانێک لەمەو پێش، لە ژێر سەری ئێمەدا ، وەک جانتایەک "ڕێک وەک جانتایەک" پڕ بوبون لە یادەوەری . ئەوەی ئێستا بۆمن ماوەتەوە . بێجگە لە کۆچەرەو کاژینی بچوک و سەرینەکان ، هیچ شتێکی تر نیە . بۆیە کاتێ ئەیاندوێنم و دواتر "سەر" لەسەر یەکێک لەسەرینەکان دائەنێم ، تەواوی ئەو ڕۆژە ناخۆشانەم لە بیردا زیندوو ئەبێتەوە. کاتێ "سەر" ئەخەمە سەر سەرینەکەی "کاژینی چاو پشیلە" بێجگە لە خەم و حەسرەت ، هیچ شتێکی تر سەرنجم ڕاناکێشێت و وەک کەسێکی زیادە خۆم ئەبینم . کاتێکیش "چاوەکانی" کاژینی بچکۆلە ئەبینم . کاژینی چاو پشیلەم دێتەوە یادو بەخراپی دڵم تەنگ ئەبێت . لەوەتەی ئەوان نەماون ، دڵی من قەت بەو شێوەیە لێینەداوە . لە ڕاستی دا ، ئەگەر حیکمەت و سەلیقە جیاوازەکانی"کۆچەرە" نەبوایە ، من ئێستا ، وەک

"دێوانەیەک" شەو بێ خەم و ڕۆژ بەرەڵا ئەبووم . ئەگەر تواناو حیکمەتە زۆرەکانی کۆچەرە نەبوایە ، من بێجگە لە دیوانەیەک هیچیترم لێ دەرنەئەچوو . کۆچەرە ، ئەو کەسەی توند دەستی گرتوە بە منەوە، هەرچەندە تەمەنی گەشتۆتە پەنجاو پێنج ساڵێک ، بەڵام لە جاران زیاتر ، هیوا لەدڵیایەتی ، ئەو هەرچەندە چاوەکانی کزبوون ، بەڵام هیچ کەسێک هێندەی ئەو ، دووری بە جوانی نابینێت . ئەو بێجگە لەوەی کاژینی بچوکی گەیاندە ئەم تەمەنەی کە یانزە ساڵە . منیشی سەرلەنوێ بەخێو کردەوەو وەک کاژینی بچوک نازی هەڵئەگرتم . کۆچەرە ، لەو ڕۆژەوەی لە دایک بووم هەتا ئەم چرکەیە، دەیانجار منی گەورە کردۆتەوە . لەبەرئەوەی ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکانی ژیانم ، ژیری منیان وەک گەورەیەک لەناو ئەبردو کۆچەرەش وەک منالێکی خۆی پەروەردەی ئەکردمەوە . ئەوەی کۆچەرە بۆمنی کردوە ، لە تەواوی مێژوودا یەک حاڵەتی وا بەرچاو ناکەوێت . ئەوەی کۆچەرە بۆ پەروەردەو بنیاتنانەوەی بەردەوامی من کردی ، بە هیچ

شێوەیەک توانای ئەوەم تیانیە لە تەوای ئەو وردەکاریانە تێبگەم کە پێکهاتەی کۆچەرەیان پێکهێناوە . کۆچەرە ئەو کەسەی کاتێ بانگی دەکەم ، لە ئاستیدا ئەبمە قەترەیەک ئاو و دواجار بۆ ئەوەی لە خۆم دانەمێنم ، بە دەستە ماندوەکانی ، بە باڵە بەهێزەکانی ، باوەشم پیائەکات و وەک کۆرپەیەک نازم هەڵئەگرێت . کاتێ بانگی کۆچەرە ئەکەم ، لەرزم لێدێت و هەموو جەستەم وەک شەقشەقەیەک دەلەرزێ و دواتر باوەشی کۆچەرە ، لەرزەکەم بەشێوەیەکی خێرا دائەمرکێنێتەوە. کۆچەرە لە ماوەی ئەم یانزە ساڵەدا ، ئەوەی بڵێی ئیسراحەت نەیکردووە . بێجگە لەوەی کاژینی بچکۆلەی پەروەردەو فێرکرد، منیشی لە کەسێکی زیادەوە کرد بەم زەمەنەی ئێستا ، کە لەژوورەکەمدا ئەم حیکایەتە ئەنوسمەوە .

ئێستا لە ژوورەکەمدا ، بە تەنهام ، کۆچەرە لە مەڵبەندی کوڕو کچە پەشیمانەکانەو کاژینی بچوکیش لە قوتابخانە . من ئێستا بەتەنها و بە بێدەنگی ، لە نێوان سەرینەکانی خۆم و کاژین و ڕۆژاندا ، کاتەکانم بەسەرئەبەم . زوو زوو

سەرینەکان ئەمدیوو دیوو ئەکەم و ، بە نۆرە سەرئەخەمە سەریان . من لە گەڵ سەرینەکاندا هۆگرییەکی ئەبەدیم تیا دروست بووە . هیچ یەکێک لەو سەرینانە، بە ماڵ و موڵکی دونیا ناگۆڕمەوە . کاتێ سەر ئەخەمە سەر سەرینەکەی "کاژین" دونیا بەشێوەیەکی تر ئەبینم و هەست ئەکەم دڵم وەکو جاران لێئەدات . کاتێ سەرئەخەمە سەر سەرینەکەی "ڕۆژان" خۆشەویستیە پاک و ناخە پڕ شەرمەکەیم دێتەوە یادو هەست ئەکەم لێمەوە نزیکە . کاتێکیش سەر ئەخەمە سەر سەرینە کۆنەکەی خۆم "بێجگە لە نەهامەتی" هیچ شتێکی تر نابینم و ناچار ئەبم خۆم بخزێنمە سوچەکەوەوەو دواتر بیربکەمەوە !. لەوەتەی ئەوان وایان بەسەرهاتووە ، لەو ڕۆژەوە دەیان جاریتر "یادەوەریم" لە دەستداوەو دواتر چاکبوومەتەوە . ئەو حاڵەتەی من تووشی دەبم ، هەتا ئێستا ، هیچ زانستێک نەیتوانیووە لە ناو و ناوەرۆکی نەخۆشییەکەم دڵنیا بێت و دەستنیشان بکرێت . ئەم نەخۆشییەی من ، ناوی نیەو ، ئەوەی پێشتر بە زەهایمەر لەقەڵەم ئەدرا ،

ئەسڵ و ئەساسی نەبوو . لەبەرئەوەی ئەم نەخۆشییەی من ، لە هەستمەوە توشم ئەبێت و دواتر ، بەتەواوی خەیاڵدانم ، وەک وێرانەیەک بەجێدەهێڵێ . لەو ڕۆژەوەی ، ئەوان تیاچون ، من دەیانجار توشی هەمان حاڵەتی چواردە ساڵ لەمەو پێش بوومەتەوەو کاتێکیش دێمەوە سەر دۆخە ئاساییەکەی خۆم ، حەز بە دوبارە نەخۆشکەوتنەوەم هەیە، لەبەرئەوەی ، ئێستاشی لەگەڵدابێت ، هەرچەندە چواردە ساڵ تێپەڕیووە ، کاتێ ئەوانم بە یاداد دێتەوە ، جێگا بە خۆم ناگرم و ناچار ئەبم ، هانا بەرم بۆ سەرینەکان . ئەوەی بە چاو بینیم ، هەرکەسێک لەئێوە ، بە خەونیش بیدیایە شێت ئەبوو . دوو ئازیز، لە ماوەیەکی کورتدا . بە خێراییەکی زۆر . ماڵئاواییان لێکردوم و، منیان وەک گۆشەگیرو بێ حەزێک ، بۆ ئەبەد بەجێهێشت . ئەوان منیان بە جێهێشت و لە تەواوی دونیاشدا هیچ شوێنێک شک نابەم بۆ هانا ، بێجگە لە سەرینەکانم . کۆچەرە ، ئەو کەسەی ، دوبارەو سێ بارەو دەبارە ، منی بەخێو کردەوە ، تەنها ئەوە بە جوانی

لەمن تێئەگات و ئەتوانێت هەموو نازەکانم هەڵگرێت . کۆچەرە ، بە درێژایی ئەم چواردەساڵە ، بە سەبرێکی زۆرەوە ، هەموو حیکمەتەکانی لە گەڵ من بە کارهێناوە ، کەچی ناتوانم باشبم . زۆرجار بەڵێنی پێئەدەم باشبم . بەڵام دوای ماوەیەک خراپتر ئەبم و دواتر بەڵێنێکی تری پێئەدەم و دواتر خراپتر ئەبمەوە . کۆچەرە ، ئەو تاکە کەسەی توانای هەیە لە من تێبگات . زۆرجار ئەزانێ لە بەڵێنەکەم پەشیمان ئەبمەوە ، بەڵام دڵی نایەت پێمبڵێ و دواتر بۆئەوەی زیاتر ڕۆنەچم بە سەر سەرینەکانەوە ، سەرم ئەنێت بە سنگییەوەو باسی حیکمەتەکانی خۆڕاگرتنم بۆ ئەکات. زۆرجار داوا لە کۆچەرە ئەکەم دەربارەی زانستی لە یادکردن . کۆچەرە هیچ شتێکم لەمبارەیەوە پێنالێت و دواتر خۆم لەوەتێئەگەم ، کە زانست پێش نەکەوتووە ، لەبەرئەوەی ، هەتا ئێستا، هیچ کەپسولێکیان نەدۆزیوەتەوە ، بۆ لە یادکردنی کەسێک. زۆرجار ئەوەندە ماندووم هەست ئەکەم هێندەی دە کرێکاری بەڕێز ئیشم کردووە ، ئەمە لەکاتێکدایە ، لە ماڵ

ناچمە دەرەوەو دەستیش بۆ هیچ کارێک نابەم . لە ڕاستیدا ، ماندوو بوونی من . پەیوەندی بە بیرکردنەوەو یادی ئەوانەوە هەیە ، لەبەرئەوەی کاتێ بیریان لێئەکەمەوە ، لەگەڵ چرکەکانیان ئەژیم و هەست ئەکەم ئەو یادە بۆ چرکەیەکیش جێنەهێڵم . زۆرجار لە ژوورەکەی خۆم، بەخەیاڵ ، ئەوان دروست ئەکەمەوەو دواتر گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەم . هەندێجار کۆچەرە بانگم ئەکات بۆ موبەقەکە بۆ خواردن، بەڵام دڵم نایەت خەیاڵەکە بپچڕێنم و گفتوگۆ خەیاڵییەکەم بە جێبهێڵم . شەوی واهەیە ، نۆ سەعات یادیان ئەکەم و ، بەدرێژایی ئەو نۆ سەعاتە گفتوگۆی خەیاڵیان لە گەڵدا دائەمەزرێنم . دوای ئەوەی شلو کوتیش ئەبم ، بە خەیاڵە دورو تولانییەکانم ، هەست بە ئازاری سەرم ئەکەم و هەندێجار وائەزانم ئاوساوە . زۆرجار بە دەستەکانم ئەندازەی سەرم ئەپێوم و دوای ئەوەی تێئەگەم لە ئاستی خۆیدایە ، جارێکیتر خۆم ئەدەمەوە دەست ئەو خەیاڵەی کەڕێئەدا بەردەوام بم لە ژیان . ئێستا ژیانی من ، بێجگە لە خەیاڵ و یادگارییەکانم

، هیچی تری لێنەماوەتەوە . هەندێجار ، کاتێ کاژینی بچوک ئەبینم ، کاژینی چاو پشیلەم دێتەوە یادو ، ئەو ڕێک لەو ئەچێ و چاوە پشیلەییەکانی و پەنجە نازک و سوعبەتەکانی هاوشێوەی ئەوە . زۆرجار دێتە تەنیشتمەوەو وەکو کاژین قسەی خۆش و هەندێجار سوعبەتم لەگەڵ ئەکات . ئەو وەک کاژین ، ڕۆژانە زیاد لە سەد ماچم ئەکات و کاتێ پێشم دەڵێ بابە ، من لە پورە کاژین ئەچم . هیچم بۆ ناوترێ و دواتر کۆچەرە بابەتەکەی پێئەگۆڕێت . کاژینی کچم ، کچە تێگەشتوو جوانەکەم. هەمیشە وەک کاژینی خوشکم ، گرنگیم پێئەدات و کاتێ لە مەکتەب دێتەوە ، زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ من و لە ژوورەکەم بەسەر ئەبات . کاژینی بچوک شەوانە لە گەڵ کۆچەرەدا ئەخەوێت و کۆچەرە لەوە تێئەگات ، من چ خوویەکم گرتووە بە تەنهایی و سەرینەکانەوە . کۆچەرە زۆرجار لە بێدەنگییەکەم ئەترسێ ، بەڵام کاتێ تێئەگات خەیاڵێکم دروستکردوەو بیری لێئەکەمەوە ، ئەوجا دڵنیا ئەبێتەوە من باشم . ئەوەی من بەسەرمدا هات و دواتر

ئەگەر کۆچەرە نەبوایە بەرگەی ڕووداوەکانیم نەئەگرت . لەو ڕۆژەوەی کاژین وایلیێهاتووە ، من شتێکی وام بە سەر دونیاوە نەماوە شایەنی باس بێت . هەرچەندە مردنی کاژین و دواتر ڕۆژان ، نزیکەی سێ مانگی فەرق بوو ، بەڵام من لەمردنەکەی ڕۆژان بێ ئاگابووم ، لەبەرئەوەی ئەو ڕۆژەی کاژینی تیا مرد ، من جارێکیتر "یادەوەریم" لە دەستدایەوەو نزیکەی ، یەک ساڵ ، بەبێ یادەوەری ژیام ، کاتێ یادەوەریشم گەڕایەوە ، بۆ مەرگی ڕۆژان ، جارێکی ترو بە شێوەیەکی خراپتر ، یادەوەریم سڕایەوەو ، لەو ڕۆژەشەوە کە نزیکەی یانزە ساڵە ، دەیانجاری تر ، ئەم مێشکەی من ، سڕاوەتەوەو دواتر خۆی نوسیوەتەوە .

لە ڕاستی دا مەرگی کاژین یەکێکە لەو شۆکە گەورانەی تا ئەبەد، کاریگەری بەسەر منەوە هەیەو ، بڕواناکەم ، ئەمە دواهەمین جاربێت یادەوەریم جارێکیتر نەسڕێتەوە . مەرگی ئەو ، ئەوڕۆژە ڕووی دا ، کاتێ لەگەڵ هەموو کارمەندانی نەخۆشخانە دەچنە گەشت . ئەو لەو گەشتەدا

له دەریاچەکەدا ، لەگەڵ چوار هاوڕێی کچی خۆی ئەخنکێ . ئەوان کاتێ به بەلەم ، بەدەریاچەکەدا گەشت ئەکەن ، بەلەمەکەیان لەنگەری ئەشکێت و لەکۆی هەموویان، تەنها شۆفێرەکە ڕزگاری دەبێت !. من تەنها ئەوەندەم له یادە ، لەبەرئەوەی دوای ئەوەی "لاشەکەیم" بینی ، هەرئەوەندە ئاگام لەخۆم بوو . له دوای بینینی لاشەکەیەوە ، من خراپتر له جاران ، تووشی له بیرچوونەوەو بگرە ئاوساوی له دڵیشدا بووم . ئێستا کاتێ بیر لەدیمەنی هێمنی ، دوای مردنی ڕووخساری ئەکەمەوە ، توانای ئەوەم نیه ئەم وشانە تایپبکەم و حیکایەتەکە بنوسمەوە !. هەرچی ڕۆژانیشە ، پێش ئەوەی به "بەنجی گشتی" هۆشی نەیەتەوەو بمرێت . بریاری دابوو ، وەک چۆن کۆچەرەی ڕاسپاردبوو ، کچەکەمان ناو ئەنێین "کاژین" . ڕۆژان دوای ئەوەی ڕۆژو ساتی مناڵبوونەکەی دیاری دەکرێت ، له خەستەخانە ئەیخەوێنن و دواتر ، به هۆی کێشەی "کۆنی فەقەراتی" که بەنجی مەوزوعی وەرنەدەگرت ، له ڕێگەی

بەنجی گشتییەوە ، کاژینی ئەبێت و ئەویش ، بۆ ئەبەد هۆشی نایەتەوەو دواتر ئەمرێ.!

ئەوەی من بە چاو بینیم ، ئەگەر هەرکەسێکی تر ، بە خەونیش بیدیایە ، حاڵی لەم حاڵەی من باشتر نەدەبوو . ئێستا لە ژوورەکەی خۆمدا . بەنۆرە سەر ئەخەمە سەر سەرینەکان و بیری ئەو ڕۆژو مانگ و ساڵانە ئەکەمەوە کە لەگەڵ کاژین و دواتر ڕۆژان بەسەرم بردووە . زۆرجار خۆم ئەدەمە دەست خەیاڵەکانم و هەندێجار بە هۆی تەوژمی لەڕادەبەدەری بیرکردنەوە وە ، وەک بێ هۆشێکم لێدێت . کۆچەرە ئەو کێوەی هەمیشە لە پەنامدایە ، هەر ڕۆژێک دڵنیا نەبێت لە تەندروستی و حاڵم ، ناچێتە دەوام و کاتەکانی لە گەڵ مندا بەسەر ئەبات . هەرچی کاژینی چکۆلەشە ، ئێستا نزیکەی یانزە ساڵەو وەک کاژین ، هەتا نیوەشەوێکی درەنگ ، نایەڵێ بخەوم و بە پەنجەکانی یاری بە قژە ڕەساسییەکەم ئەکات. کاتێ ئەچێت بۆ قوتابخانە ، سەد ماچم ئەکات و ئەو کاتەی دێتەوە زیاتر لە سەد ماچی تر . کاژینی چکۆلە ،

کۆپییەکی بچوککراوەی"کاژینی خوشکمە" . شێوەو قسەو سوعبەت و حەرەکەکانی لە کاژینی خوشکم ئەچێت و هەندێجار ئەوەندە هۆگری ئەبم ، ئەوکاتانەی ئەچێتە قوتابخانە تادێتەوە دڵم لە چنگمدایە .ئەو کچە بچوکەی من ، پەروەردەی دەستی کۆچەرەیەو لە ئێستاوە پرسیاری قورس و ناوازەم لێئەکات.

ئێستا من لە ژوورەکەی خۆمم و لە گەڵ سەرینەکاندا ، هەموو ساتەکانی ژیانم لە تەنیشت و نێوانی ئەواندا تەواو ئەکەم . نازانم چەند جاریتر ، یادەوەری لە دەست ئەدەمەوە . لەبەرئەوەی بەدەست خۆم نیەو توانای ئەوەشم نیە پێشبینی و دواتر ڕێگری لێبکەم. زۆرجار سێرچ ئەکەم دەربارەی یادەوەری !. گەشتومەتە ئەو قەناعەتەی ، هیچ زانستێک توانای ئەوەی نیە ، کەپسولێک دروست بکات ، بۆ لەبیربردنەوەی حاڵەتێک ، بەڵام هەموو کەسێک ، ئەگەری ئەوەی تیایە وەک منی لێبێت ، بە مەرجێک ، دڵی وەک دڵی من لێبدات.